# مردنی نووسەر

# مردنی نووسەر

## کۆمەڵە چیرۆک

تاهیر عو سمان

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێوەبەرایەتی
گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

- **مردنی نووسەر (کۆمەڵە چیرۆکنووسێك)**
- **وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:** تاهیر عوسمان
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران رواندزی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نرخ:** ٢٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم ٢٠١٢**
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری لاوان (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٦٧)ی ساڵی (٢٠١١) پێدراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٦٤٠)**

ئەو کتێبە و کتێبەکانی وەزارەتی
رۆشنبیری لەسەر ئەو ماڵپەڕە بخوێنەوە
**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**www .Kurdchap.com**
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


| | | |
|---|---|---|
| سەگەکان ناوەڕن | خوان رۆلفۆ/ مەکسیکی | ٧ |
| ئەو رۆژەی تێیدا ون بووم | ئیسحاق سنجەر/ پۆلۆنی | ١٢ |
| وێنەی قوربانییەکە | بیدرۆخۆرخێ فێرا /ئیکوادۆری | ١٨ |
| دووکورتە چیرۆك لە ئەدەبی ئەمەریکی | بینیت سێرف/ئەمەریکی | ٢١ |
| یۆدۆك سلاوتان لێ دەکا | پیتەربیکزیل/سویسری | ٢٣ |
| دروشمی شار | فرانز کافکا /چیکی | ٢٧ |
| جۆلیا | ئەنتۆنی چیبخۆف / رووسی | ٢٩ |
| قتووی تەنەك | ئیلیۆ نورا کیا فیتا/ ئیتالی | ٣٢ |
| جیاوازیە کۆمەلا یەتییەکان | یاروسلاف هاشیك/چیکی | ٣٥ |
| تاوانێکی سۆزداری | ئیڤان پۆنین/ رووسی | ٣٨ |
| دووکورتە چیرۆك | ماریۆ بینیدتی/ ئۆرگوایی | ٤١ |
| کاتژمێری مەتبەخەکە | فۆلفگانك بۆرشرت/ئەلمانی | ٤٣ |
| باپیرەم بۆی باسکردم | ئەسکەندەر نیعمە/ سوری | ٤٦ |
| بنەماڵەی بیتمۆنی | نازم مهەننا /سوری | ٥٠ |
| چاوەڕوانی | پیتەر ئەشتام/سویسری | ٥٣ |
| درۆزنەکە | دیدیە دینیك /فەرەنسی | ٥٨ |
| رەنگدانەوەی ژیان لەسیمای | حسێن ئەحمەد ئەمین/میسری | ٦١ |
| کرێکاری کارەبا | سیلستین نیت/تاهیتی | ٦٦ |
| گوێدرێژە خێلەکە | سەلاحەدین محەمەد ئەبەئەلرەب/ ئوردنی | ٧١ |
| دەستی رەشپێستەکان | لویس برناردۆ ئۆنگانا | ٧٣ |
| سندووقی کانزایی | خۆزیە لویس گۆنزالیس/ مەکسیکی | ٧٦ |
| خۆشەویستی قەمبوورەکە | ئیڤان پۆنین/رووسی | ٨٣ |
| دوا وانە | ئەلفۆنس دودیە/ فەرەنسی | ٨٥ |

| | | |
|---|---|---|
| مردنی نووسەر | عیسام ئەلقدسی/ عێراقی | ٩٠ |
| دیمتریۆ | خۆلیۆ رامۆن/ پیرۆیی | ٩٣ |
| راوی یاسەمین | جۆن ریفن سکرۆف/ ئینگلیزی | ٩٧ |
| سوکرات سەر لەنوێ باجەکە دەداتەوە | فاتیمە عەبدوللاَ/ ئیمارات | ١٠١ |
| پیاوە ئەفریقیەکە | شەهاب سدقی/تورکی | ١٠٣ |
| لەبەردەم دادگادا | فرانز کافکا / چیکی | ١٠٧ |
| بەختەوەری بۆ فرۆشتن | ئەلبرتۆ مۆرافیا ئیتالّی | ١١٠ |
| پۆلیسلۆف | مەکسیم گۆرکی/ رووسی | ١١٤ |
| گەڕانەوە | فرانز کافکا/چیکی | ١١٩ |

# سەگەكان ناوەڕن

چیرۆكی: خوان رۆلفو

ئەی ئەگناتیۆ تۆلای خۆت هیچ نابیستی، رووناكییەك لەملاو لەولا نابینی؟
- ناتوانم هیچ ببینم.
- دەبوو ئێستا نزیك بكەوتینایەتەوە.
- بەڵی، بەلاّم ناتوانم هیچ ببیستم
- باش سەرنج بدە ئەی ئەگناتیۆی هەژار.

سێبەرە تەڵخەكەی پیاوە درێژەكە، كە بە تاشەبەردەكان هەڵدەزنا و دادەگەڕایەوە، دەچۆوە ناو یەك و لەبەر یەك دەكشایەوە. هەركاتێك بە لێژاییەكەشدا دادەبەزی، دەبووە سێبەرێكی باریكی تاكە كەسێك، كە رووناكیی مانگەكە دروستی دەكرد و لە پشت ئاسۆوە چەشنی بڵێسە یەكی بازنەیی دەردەكەوت.

- ئەی ئەگناتیۆ پێویستە بگەینە ئەو شارە، تۆ گوێت دانەپۆشراوە، هەوڵ بدە بزانە سەگەكان لەوێ ناوەڕن، لە بیرت بێ ئەوان پێیان گوتین كە تنایا یەكسەر لە پشت شاخەكەوەیە، ئێمەش چەند كاتژمێریكە چیاكەمان جێهێشتووە بیرت بێ ئەی ئەگناتیۆ!!
- بەڵێ، بەلاّم هیچ نیشانەیەك نابینم شتێك بگەیەنێ.
- ماندوویەتی برستی لێ بڕیوم.
- دامگرە خوارەوە.

پیرەمێردەكە لای دیوارە ئەستوورەكە گەڕایەوە دواوە، كۆڵەكەی شانی جوولاّیەوە بەبێ ئەوەی لێ بگەڕێ لەسەر شانی بكەوێ. ئەژنۆكانی نووشتانەوە، بەلاّم پێی باشبوو دانەنیشێ،

نەبادا لاشەی کوڕەکەی بەربێتەوە، کە چەندین کاتژمێرە بە کۆڵیەوەیە و ئەو هەموو ڕێگایەی پێ بڕیوە.

- هەست بەچی دەکەی؟

- بەئازار

ئەگناتیۆ زۆر نەدەدوا، بە درێژایی ماوەکە تەنیا چەند وشەیەکی درکاندبوو، ئێستا خەریکە خەو پەلاماری دەدا، کە سەرماشی دەبوو وەك مێژۆکە هەڵدەلەرزی، بۆیە پێیەکانی چەشنی مامزە بەکەمەری باوکی دەکەوت، ئێستاش دەستەکانی لەدەوری ملی باوکی تێك ئالاّون و سەری چەشنی شەقشەقەی منداڵان گرتووەو دەی هەژێنێتەوە، باوکەکە چیرەی ددانەکانی دەهات نەبادا زمانی ئازاری پێ بگا. کە جووڵەجووڵەکەش نەما، باوکی لێی پرسی:

ئازارت زۆرە؟

ئەگناتیۆ: وەك بڵێی!

هەر لەسەرەتاوە ئەگناتیۆ پێی گوت دامبەزێنە، لێرە جێم بهێڵە، تۆ بەتەنیا بڕۆ، من بەیانی پێت دەگەم، هەرکە تەندروستیم باشتربوو ( ئەمەی بۆ پەنجاجار گوتبۆوە، بۆیە چیتر دووبارەی نەدەکردەوە). مانگە گەورەکە بە تریفە سوورەکەیەوە ڕووبەڕوویان دەبۆوە، چاوەکانی پڕ لە ڕووناکی دەکردن سێبەرەکەی سەر زەویشیان ڕەشتر و درێژتر دەبۆوە.

- نازانم بۆ کام لا دەڕۆین، هیچ وەڵام نییە، مانگەکە ڕووخساری ڕەشی بێ خوێنی کوڕەکەی ڕووناك کردەوەو تیشکەکە بەسەر ڕووخساریدا دەشکایەوە و گوێی لە دەنگەکەی خوارەوە بوو:

گوێت لێم بوو ئەی ئەگناتیۆ، وتم من چیتر بەباشی نابینم. وەڵام نییە، سەرباری ساتمەکردن و بێ هۆشیەکەی، باوکەکە لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو. جەستەی کەمێك چەمایەوە، پاشان خۆی ڕاست کردەوە، هەر چەندە جارێکی تریش لە ڕۆیشتنندا ساتمەی کرد.

- ئەمە ڕێگاکە نییە، پێیان گوتین تنایا لەتەك گردەکەیە و ئێمە گردەکەمان جێهێشت، ئەوەتا تۆش هیچ شتێك نابینی و نابیستی وا بگەیەنن کە لێی نزیك کەوتووینەنەوە، بۆ بۆم باس ناکەی ئەگناتیۆ تۆ لەو بەرزیە چ دەبینی؟

- باوکە دامگرە خوارەوە.

- هەست بە خراپبوون دەکەی؟

- بەڵێ.

- تا تنایا هەڵت دەگرم، تا کەسێك دەدۆزمەوە چارەت بکـا، گوتیـان شـارەکە پزیشـکی لێیە.

دەتبەمە لای، منیش کە ئەو هەموو کاتژمێرە هـەڵم گرتـووی، تـازە ئامـادە نـیم لێـرە بەپاڵکەوتوویی جێت بێڵم و ئەوان بێن لە ناوت بەرن!!

کەمێك چەمایەوە، دوو هەنگاو یا سێ، لاتراسکەی بەست، پاشان بۆ جـاری دووەم خـۆی قیت کردەوە.

- تاتنایا هەڵت دەگرم.

بەدەنگێکی لاواز کە لە چرپەیەك دەچوو: لێم گەڕێ با دابەزم، دەمەوێ کەمێك بخەوم.

- لای خۆت بخەوە، من تۆم باش گرتووە.

مانگەکە بۆ سەرووتر هەڵکشا و لە ناوەڕاستی ئاسمانە چۆڵەکەدا ڕەنگەکەی شین هەڵگەڕا، ئێستا ئارەقە نێوچەوانی پیرەمێردەکەی داپۆشیوە، تیشك دانەوەی ڕووناکییەکـەی ئێسـتا لێ دوور دەکەوێتەوە، چاوەکانی داخست بەبێ ئەوەی سەیری پێشـەخۆی بکـا. نەیـدەتوانی ئـاوڕ بداتەوە، بۆیە دەستەکانی کوڕەکەی بەتوندی گرت: من گشت ئەوەم لەپێناوی تـۆدا نـەکردوە، بەڵکو بەخاتری دایکە ڕەحمەتییەکەتە، چونکە تۆ کوڕی ئەوی. ئەوە هۆکاری کارەکەمە بۆ تۆ.

بێ گومان تارماییەکەی ڕاوی دەنام، ئەگەر لەو شوێنە جێم هێشتبای کە تۆم تیا دۆزیەوە و هەڵم نەگرتیتایە و بە بایەخ پێدانەوە لەکۆڵم نەکردیتایـە، وەکـو ئێسـتا، ئـەو بـوێری پـێ بەخشیم نەوەك تۆ، چونکە تۆ هەر لە سەرەتاوە لە کێشە و ڕیسوایی و شـەرمەزاری بـەو لاوە هیچت بۆمن نـەهێناوە. کاتێـك لەگـەڵی دەدوا ڕوخسـاری یـەك پارچـە ئارەقـەبوو، شـنەبا سووکەکەی شەو وشکی دەکردەوە، پاشان جارێکی دیکە ئارەقەی دەکردەوە.

- خەریکە پشتم دەشکێ، بەڵام هەردەتگەیەنمە تنایا، تا زامەکەت سـووکتر بکـەن. مـن دڵنیام زامەکەت تەواو چاك نابێتەوە، تۆ جارێکی تر دەگەڕێیتەوە سەر پیشە خراپەکەت، هیچ کام لەوانە لەمەودوا بەلامەوە گرینگ نین، هەروەك تۆ تاهەتایە بژی، هیچی ترت لـە بـارەوە نەبیستم، باتۆ هەر بەم شێوەیە بی و بەقەد ترسی سەر تۆ دەست بەرداری باوکایەتیت دەبم.

وات لێکردم نەفرەت لەو خوێنە بکەم کە لەنێوانماندایە، یا ئەو بەشەی من کە لەناو لەشی تۆدایە. گوتم با ئەو خوێنە بۆگەن کا کە بە دایکتم بەخشیوە و لـەناو گورچـیلەکانیەتی، ئـەو کاتەش ئەمەم گوت کە هەواڵی دەست بە ڕێگرییەکانی تۆ و کوشتنی خـەڵکم پـێ گەیشـت،

ترنکیلۆی باشترین هاوڕێی دێرینم. ئەو پیاوەی تۆی بە پیرۆزی خاوێن کردەوە و ناوێکی بێ بەخشی، بەلاّم نەگبەتیەکەی خستیە بەر دەستی تۆ، هەر لەو کاتەوەش گوتم ئەوە هەرگیز نابێتە کوڕی من. سەیرکە ئێستا دەتوانی شتێك ببینی یا ببیستی؟ تۆ لە شوێنی خۆتەوە دەتوانی، چونکە من وا هەست دەکەم تەواو کەر بووم؟

- هیچ نابینم.

- ئەوە لە بەرژەوەندی تۆ نییە ئەگناتیۆ!

- تینوومە.

- واز لەوە بێنە دەبێ ئێمە ئێستا نزیك بووبینەتەوە، ئەوەتا خەریکە رۆژ دەبێتەوە. پێویست بوو رووناکییەکانی شار بکوژێننەوە، بەلاّم هەر هیچ نەبووایە، دەبوو وەڕینی سەگەکان ببیستی، هەولّ بدە بیبیستی!

- هەندێك ئاوم بدەرێ.

- ئێرە ئاوی لێ نییە، تەنیا گاشە بەردی لێیە واز لەوە بێنە، تەنانەت ئەگەر ئاویشم نزیك بووایە رێگەم نەدەدای بیخۆیتەوە. کەس نییە یارمەتیم بدا جارێکی تر لەکۆلّ خۆمت بنێمەوە بەتەنیاش ناتوانم ئەمە بکەم.

- ئەوەندەم خەودێ و تینوومە باسی ناکرێ!!

- بیرمە ئەو کاتە لە دایك بوویت هەمان ئەو خووەت هەبوو، هەر کە بەئاگا دەهاتیتەوە برسی بوویت تێرمان دەکردی، جارێکی تر دەخەوتیتەوە. دایکت ئاوی پێ دەدای چونکە هەموو شیرەکەی ئەوت تەواو کردبوو، تۆ تێرنەدەبووی. وەکو شێتێك هەردەم دەتقیژاند، نەمدەزانی هەر لەوساوە شێتیەتی چووەتە کەللەتەوە. بەلاّم رووی دا. دایکت بە هێمنی پالّ کەوتووە. دەیەوێ تۆ بەبەهێزی پێ بگەی، پێم وابوو کە گەورەبووی چاودێری دەکەی، چونکە لەتۆ بەو لاوە کەسی تری نەبوو، خەریك بوو منداڵەکەی تریشی لەکاتی بوونیدا بیکوژێ. تۆش خەریك بوو جارێکی دیکە بیمرێنیتەوە. پیاوەکەی سەرەوە لە ئەژنۆ کوتانەکانی وەستا. قاچەکانیشی خەریك بوو بە هەردوو لادا دەتەکانەوە، باوکەکەش پێی وابوو سەری ئەگناتیۆ لەشوێنی خوێدا وەستاوە و دەنگێکی لێ دەرچوو، باوکەکە هەستی کرد چەند دلّۆپەیەکی چەوری قورس بەسەر قژیدا دەکەوێ.

- ئەوە دەگری ئەگناتیۆ؟ بیرەوەری دایکت بەگریانی هێنای وانییە؟

بەلاّم تۆ هیچت بۆ نەکرد، تەنیا بە خراپەش وەلاّمت داینەوە، وات لـێ هـات لـە شـەڕ و زەرەر زیاتر هچیت لـێ نەکەوتـەوە. هـەروەك کـە ئێسـتا دەبینـی زامـداریان کـردی، ئـەی هاوڕێکانت چیان بەسەر هات ؟

هەر هەموویان کوژران؟ کەسیان نەمان، لەوانەیە بڵێین گوێ بەهیچ نادەین. بەلاّم ئەی تـۆ ئەگناتیۆ؟

لە دواییدا شارەکە دەرکەوت، سەربانەکانی لەژێر رۆشنایی مانگدا دەدرەوشانەوە، هەستی دەکرد قورسایی کوڕەکەی لەلای ئەژنۆکانی کۆ بۆتەوە، بۆیە خەریك بوو بچەمێتەوە و هەموو هەوڵێکی بۆ هەڵگرتنی دەدا، کە گەیشتنە یەکەم ماڵیش پاڵی بە دیواری بەرامبەر شۆستەکە داو لاشەکە لار بۆوە و هێنایە خوارەوە، زۆر بە ئەستەم توانی پەنجەکانی کوڕەکـەی لـە ملـی خۆی بکاتەوە، لاشەکەشی لە نزیکە خۆی درێژکرد، هەرکـە بـە تـەواویش خـۆی لـە لاشـەی کوڕەکەی کردەوە، دەنگی وەڕینی سەگەکان لەهەموو لایەکەوە دەبیستران و باوکەکە گوتی:

تۆش ئەگناتیۆ هەرگیز دەنگی وەڕینی سەگەکانت نەبیست و جـارێکش یارمـەتیت نـەدام ببیبیستم!!

* سەرچاوە: سایتی الحافە

زعیم التائی کردوویە بە عەرەبی

# ئەو ڕۆژەی تێیدا ون بووم

چیرۆکی:ئیسحاق سنجەر

هیچ زەحمەت نییە خەڵك بمناسنەوە. پیاوێك بەتـەنیا بەپاڵتۆیـەکی درێـژەوە شـەقامەکان دەبڕێ، جووتێ پێڵاوی گەورەی لەپێدایە، کلاوێکی بەلۆچی ڕۆخ فراوان، چاویلکەکانی یـەکێك لـەئاوێزەکانی کـەوتووە، سـەرباری درەوشـانەوەی رۆژ بەناوەڕاسـتی ئاسمانــەوە چـەترەکەی هەڵگرتووە، بەڵێ ئەوە منم پرۆفیسۆر شلامیل، چەند نیشانەیەکی ترهەن بێگومان گوزارشـت لەناسنامەکەم دەکەن. گیرفانەکانم هەمیشە ئاوساون. رۆژنامە و گۆڤار، یـاخود تـەنیا چـەند کاغەزێکیان تیایە، لەگەڵ ئەو هەموو کەل و پەلەش من بە بـەردەوامی جانتایـەکی دەسـتیم پێیە، بەلام هەمیشە چەند هەڵەیەك دەکەم. من بۆ ماوەی زیاتر لە(٤٠) ساڵ دەبێ لە شـاری نیۆیۆرك نیشتەجێم، تا ئێستاش هەر کاتێك بمەوێ روو لە دەرەوەی شار بکەم، قاچەکانم بەرەو چەقی شارم دەبەن. ساتێك بمەوێ بچمە رۆژهەلاّت، خۆم لـە رۆژئـاوادا دەبینمـەوە. هەمیشـە دواکەوتووم و کەسیش ناناسم، زۆرجار شتەکان لەشوێنی خۆیان دانانێم، سەدان جار لە خۆشـم دەپرسم، قەڵەمەکەم لەکوێ داناوە؟ دەستەسڕ و پارەکانم لـەکوێ جێهیشـتوە، کـوا دەفتـەری ناونیشانەکان؟ دەتوانی بە پرۆفیسۆرێکی بیر ون بووم وەسف بکەن، بۆ چەندین ساڵ فەلسـەفەم لەهەمان زانکۆدا گوتۆتەوە. تا هەنووکەش بـە ئەسـتەم دەگەمـە ئـەو پۆلـەی کەوانـەی تیـا دەڵێمەوە. تەنانەت ئامێرە کارەباییەکەش فێڵە سەیرەکانیم لەگەڵدا دەکات. کاتێـك دەمـەوێ بچمە نهۆمی هەرە سەرەوە، دەمباتە نهۆمەکـەی خوارخـوارەوە. کـەم رۆژ هەیـە دەرگاکـەیم لەسەر دانەخا، دەرگای بەرزکەرەوەکە خـراپترین دوژمنمـە. سـەرباری گێلیـە چەسـپاوەکەم و

بزرکردنی کەلوپەلەکانم. من زوو شتم لەبیر دەچێتەوە. کاتێك دەچمە چایخانەیەك و پاڵتۆکـەم لەوێ هەڵدەواسم، بەبێ پاڵتۆ دێمە دەرەوە. دوای ماوەیەك کە بیرم دەکەوێتەوەو دەمەوێ بـۆی بگەڕێمەوە نازانم لە کوێ جـێم هێشـتووە. بەهـەمان شـێوەکلاو، کتێـب، چـەتر، دژەبـاران، نووسینەکانم ون دەکەم. سەرباری گشت ئەوانە من هەندێك جار ناونیشانەکەشم بیرناکەوێتەوە.

. . . شوفێری تاکسیەکە لێی پرسیم:

بۆکوێ دەچیت؟

گوتم: بۆماڵەوە.

بەسەرسوڕمانەوە پێی گوتم: ماڵەکەت لەکوێیە؟

وەلاْمم دایەوە: بیرم نایە!!

ناوت چییە؟

پرۆفیسۆر شلامیل!!

شوفێرەکە: پرۆفیسـۆر دەتگەیەنمـە لای کابینەیـەکی تەلـەفۆن کـردن، سـەیری دەفتـەری تەلەفۆنە کان بکـە، ناونیشـانەکەی خـۆت دەدۆزیـەوە. بردمیـە لای دەرمانخانەیـەك، لـەوێ تەلەفۆنێکم دۆزیەوە، بەلاْم ئەو چاوەڕێی نەکردم. خەریك بوولە دەرگاکـە دەچـوومە ژوورەوە، بیرم کەوتەوە جانتاکەمم لە ناو ئوتۆمبێلەکە جێهێشـتوە. بەدوایـدا ڕام کـرد و هـاوارم کـرد: جانتاکەم، جانتاکەم، بەلاْم شوفێرەکە دوور کەوتەوەو گـوێی لـێم نـەبوو. بـە پەلـە دەفتـەری تەلەفۆنەکانم لەدەرمانخانەکە دۆزیەوە. موخابن کە سەیری ناوەکـانی ژێـر پیتـی(ش) م کـرد، بەسەرسوڕماویەوە بینیم هەرچەندە لیستێکی دوور و درێژ بە ناوی(شلامیل)ـەوە هەیە، بەلاْم خۆمی تیا نەبووم. لەو ساتەدا بیرم کەوتەوە کە خانمەکەی خێزانم چەند مانگێـك لەمـەو بـەر بڕیاری دا ناوەکەم لە لیستی دەفتەری تەلەفۆنـەکان بسـڕیتەوە. هۆیەکەشـی. ئـەوە بـوو کـە قوتابیەکانم زۆر پەیوەندیان پێوە دەکردم و تەنانەت لە دوای نیوەشەو بە ئاگایان دەهێنامـەوە، چەندین جاریش یەکێکیان لەسەر یەك پەیوەندیی دەکـرد و داوای نـاوی شـلامیلێکی دیکـەی دەکرد و دوای ئەوە هۆشـیاری دەکردمـەوە دەیگـوت ژمارەکـە هەڵەیـە. ئەوانـە هـەموویان بەلایەك، بەلاْم چۆن دەتوانم بگەڕێمەوە ماڵەوە، هەنـدێك جـار چـەند نامەیـەکم لـە گیرفـانی سەدریەکەم هەڵدەگرت کە ناونیشـانی هاوڕێکـانمی تیـا نووسـرابوو، بـەلاْم ئـەمڕۆ بڕیـارم دا گیرفانەکانم خاوێن بکەمەوە، چـونکە یـادی ڕۆژی لەدایکبوونمـە و خێزانەکـەم ئـەم ئێوارەیـە سەرجەم هاوڕێکانمان داوەت دەکا و کێکێکی گەورەی ئامادەکردوە و بە مۆمی لـە دایکبـوون

ڕازاندوویەتیەوە. مەزەندەی ئەوە دەکەم هاوڕێکانم ئێستا لە ژووری دانیشتن کۆ بوونەتەوە و چاوەڕوان دەکەن بە بۆنەی جەژنی لەدایك بوونەوە پیرۆزبایی پێشکەش بکەن. منیش تا ئێستا لە دووکانی دەرمان فرۆشەکەم، لە حاڵەتێکدام کە ناونیشانی ئەو شوێنەم بیر ناکەوێتەوە کە تیایدا دەژیم. لە ناکاو ژمارەی تەلەفۆنی یەکێك لەناسیاوەکانم بە بیردا هات، دکتۆر مادەرهید، دەمودەست بریارم دا پەیوەندی پێوە بکەم، تا بە هانامەوە بێت.

ژمارەکەم لێدا، دەنگی کچێك وەڵامی دامەوە و لێم پرسی: ئاخۆ دکتۆر مادەرهید لە ماڵە؟

کچەکە گوتی: نەخێر

+ئاخۆ ژنەکەی لە ماڵە؟

+هەر دووکیان لە دەرەوەن

پرسیم: دەتوانی پێم بڵێی لەکوێ دەیان دۆزمەوە؟

گوتی: من تەتها بەخێوکەری منداڵەکانم، بەلاّم پێم وایە چوونە ئاهەنگەکەی ماڵی پرۆفیسۆر شلامیل، حەز دەکەی پەیامێکیان بۆ بەجێ بهێڵی؟ پاشان گوتی: تکایە تۆکێی؟ وەلاّمم دایەوە:

پرۆفیسۆر شلامیل.

کچەکەگوتی: کاتژمێریك بەر لە ێستا چوونە ماڵەکەی تۆ!!

پرسیم: پێم نالێی ماڵەکە بە تەواوەتی کەوتۆتە کوێوە؟

+هەر وەك پێم گوتی بۆ ماڵەکەی تۆ ڕۆیشتن!

- دەزانم، بەلاّم ماڵەکە لە کوێیە؟

کچەکەگوتی: بێگومان گاڵتە دەکەی و تەلەفۆنەکەی داخست.

هەوڵمدا تەلەفۆت بۆ ژمارەیەك لەو هاوڕێیانەم بکەم کە ژمارەکانیانم بیر کەوتبوونەوە، بەلاّم هەر کە پەیوەندیم بە یەکێکیانەوە دەکرد، هەمان وەلاّمم دەبیستەوە، هەر هەموویان چوونەتە ئاهەنگی پرۆفیسۆر شلامیل. لەو دەمەی لە شەقامەکە وەستابووم، بەسەرسووڕمانەوە لە خۆم دەپرسی چی بکەم؟ باران دایکرد بیرم کردەوە(چەترەکەم لەکوێیە؟ . ) یەکسەر وەلاّمەکەیم زانی، لە شوێنێك جێم هێشتووە. چوومە پەنایەکی نزیکەوە تاخۆم لە تەڕبوون بپارێزم، بەلاّم ئێستا خەریکەسەگ و پشیلە دەبارێ، بروسکەی هەیە و بلێسەدەدا، پاش ئەوەی رۆژ بە تەواوی بەدەرەوە بوو رۆژێکی گەرم بوو، ئێستا و دوای ئەوەی چەترەکەمم

ون کرد، بایەك هەڵدەکا وا پێدەچێ کە شتەکان تەسلیم بەو چەند ساتە کۆتاییەی شـەوبکات. بۆ ئەوەی خۆم بەشتێك خەریك بکەم، بیرم لەچەند مەسەلەیەکی فەلسەفی کۆن کردەوە، کاتێك دایکە مریشك هێلکەیەك دەکا، هێلکەکە ترووکا و جووجەڵەیەکی لێ هاتە دەرەوە، هەر وەك هەمیشە وا دەبێ، کەواتە هەموو جووجەڵەیەك لە هێلکەوە دەرچووە، هـەموو هێلکەیـەکیش لە مریشکە، بەلاّم ئاخۆ مریشکەکە سەرەتا هەبووە، یـا هێلکـە؟ هـیچ فەیلەسـوفێك نییـە وەلاّمی ئەو پرسیارە ئەزەلیە بداتەوە، هەرچەندە پێویستە وەلاّمێك هـەبێ، لـەوا نەیـە مـن، پرۆفیسۆر شلامیل، بتوانم ئەو وەلاّمەم دەست بکـەوێ!! ئاسمـان هـەروا جامـە پـڕ ئاوەکـەی دەرێژێ، قاچەکانم تەڕ ببوون و خەریکە تەزووی سەرما بەلەشمدا دەڕوا، پـژمینم هـات، بۆیـە پێویستم بە دەستەسڕێك بوو لووتمی پێ پاك بکەمەوە، بەلاّم دەستەسڕەکەشم بە هەمان شـێوە ون بووە، ئەو وەختە سـەگێکی رەشـی زلم بینـی لـە بـەر بارانەکـە وەسـتابوو، بـە دووچـاوی خەفەتبارەوە سەیری دەکردم، هەموو لەشـی تـەڕ ببـوو، یەکسـەر زانـیم گرفتەکـەی چییە، سەگێکی ون بووە ئەویش بە هەمان شێوە ناونیشانەکەی خۆی بیر چـۆتەوە. لەبەرامبـەر ئـەو گیانلەبەرە بێ گوناهەدا هەستم بە سۆز و خۆشەویستیەکی گەورە کرد، بانگم کـرد، بـە پەلـە هاتەلام، هەر وەکو مرۆڤێك بێ، لە گەڵیدا دەدوام(. . . ئیمە لە هەمان بەلەمداین، هـاوڕێم. . . )، (من شلامیلی مرۆڤم، تۆش شلامیلی سەگی، لەوانەیە ئـەمرۆ جـەژنی لـەدایکبوونی تۆش بێ، ئاهەنگێك بۆتۆش سازبکرێ، بەلاّم بەتەنیا و هەڵلەرزینەوە لێرە لەژێر ئەو بارانـەوە ستاوی، تا خاوەنەکەت بە ئاگا دێتەوە، کەخۆشی دەوێی و لە هەموو جێگایەك لێت دەگەڕێ، دوور نییە تۆش وەکومن هەست بە برسیەتی بکەی!!). دەستم بەسەر سەرەتەڕە کەیدا هێنـا و ئەویش کلکی بۆ لە قاندم و گوتم: هـەموو ئەوانـەی بەسـەرمندا هـات، بەسەرتۆشـدادێت!!) پارێزگاریت دەکەم تا بەیەکەوە ماڵەکەمان دەدۆزینەوە، ئەگـەر خاوەنەکـەت نـەی دۆزیتـەوە، لەلای من دەمێنیەوە، قاچتم بدەرێ! سەگەکە قاچی راستەی بـەرز کـردەوە، بێگومـان لـەوە گەیشتوە کەپێم گوتوە. لە ناکاو تەکسیەکم بینی بەرە و رووما ن دەهات و لەگەڵ وەستانی قوڕ و لیتەی شەقامەکەی پیاکردین، پاشان گوێم لێ بوو یەکێك بە ناوی خۆم بانگم دەکات، بینیم دەرگاکە کرایەوە و سەری یەکێك لە هاوڕێکانمی لێ دەرکەوت و بانگی کردم: شـلامیل، ئـەوە لێرە چ دەکەی، چاوەڕێی کێ دەکەی؟

- لێم پرسی تۆ بۆ کوێ دەچی؟

بێگومان بۆ ماڵی تۆ، بمبووره دواکەوتم، بەلاّم بە هەر حاڵ دانەبڕام، دواکەوتن لە نـەهاتن باشترە، بەلاّم تۆ بۆ لە ماڵەوە نیت؟ ئەو سەگەهی کێیە؟

هاوارم کرد: خوا تۆی بۆمن نارد، ئای لەوشەوە، ناونیشانی ماڵەکەی خـۆمم بیرچـۆتەوە و جانتاکەم لە ناو تەکسی ون کرد و نازانم چەترەکەم و دژەبارانەکەم لـەکوێ دانـاون، هاوڕێکـەم گوتی:

شلامیل ئەگەر پرۆفیسۆرێکی بیر پەرت و بلاّو هەبێ ئەوە تۆی. !!

کە زەنگی شوقەکەم لێدا، خێزانەکـەم دەرگـای کـردەوە، بـە روومـدا قیژانـدی و گـوتی: شلامیل هەموو لە چاوەڕوانی تۆدان، لە کوێ بوویت؟ کوا جانتاکەت، چەترەکەت، پاڵتۆکەت بۆ کوێ چوون؟

ئەو سەگە چییە لەگەڵتدا؟

هاوڕێکانم هەموویان دەوریان دام و هاواریـان کـرد: لـە کـوێ بوویـت؟ نیگـەران بـووین، وامانزانی شتێکی خراپت بە سەر هاتبێ. خێزانەکەم گوتی: ئەو سەگە هی کێیە؟ گوتم: نـازانم لە شەقامەکە دۆزیمەوە، مادامەکێ لەگەڵمانە بە(بو وا) بانگی بکـە، خێزانەکـەم بـە گلـەیی کردنەوە: بو وا، تۆباش دەزانی کە پشیلەکەمان ڕقی لە سەگ دەبێتەوە، پاشان جووجکەکان لە ترسا دەمرن.

گوتم: سەگێکی هێمنە و دەبێتە هاوڕێی پشیلەکە، هەروەها من دڵنیام کە جووجەڵـەکانی خۆش دەوێ. ڕێگە نادەم لە بەر بارانەکە سەرمای ببێ، ئەو گیانلەبەرێکی چاکە. لەو سـاتەی ئەو قسانەم دەکرد سەگەکە حەپەیەکی ترسنۆکانەی کرد و پشیلەکە بە ڕاکردن چـۆوە ژوورەوە. هەر کەسەگەکەی بینی پشتی چەماندەوە و لە دەمەوە پڕژەیەکی ئاراسـتەکرد و زانـی ئەگـەر بۆی بلوێ ئەو ئامادەیە بە چڕنووکە بچـووکەکانی چـاوی دەربکـا، جووجەڵـەکانیش بـە باڵـە بچووکەکانیان کەوتنە باڵەفڕە و چوونەوە ناو هێلانەکەیان. هەر هـەموو لەیـەك کاتـدا دەیـان چریکاند و بەڕاستی ئاژاوەیەکی گەورە لە ماڵەوە بەرپا ببوو. کەس دەیەوێ بزانێ مەسـەلەکە چۆن دوایی هات؟ بۆ وا تا ئێستا بە خۆشی لە گەڵمان دەژی و ئـەو و پشـیلەکە بوونەتـە دوو هاوڕێی تەبا، جووجەڵەکان فێربوونە بچنە سەرپشتی هەروەك سەگەکە ئەسپ بێ. خێزانەکـەم لە من پتر سەگەکەی خۆش دەوێ، کە دەمەوێ لەگەڵ خۆمدا بیبەمەدەرەوە پێمان دەڵێ . . . ئێستا. . . لە گەڕانەوە ناونیشانەکەت، لەگەڵ هەردووکتانمـە. شانسـم نـەبوو. جـارێکی تـر نەجانتاکەم نە چەتر و دژەبارانەکەم بدۆزمەوە، وەکو سەرجەم فەیلەسووفەکانی پێش خۆم، بـە

یەکجاری وازم لە هەڵهێنانی ئەو مەتەڵە هێنا، کە دەڵـێ سـەرەتا کامیـان هـەبووە، هێلکـە یاخود مریشك؟ لەبری ئەوە کەوتمە دانانی کتێبێك کە ناوم نـاوە- بیرەوەریـەکانی شـلامیل- ئەگەر منیش هەلم بۆ نەرەخسێ دەستنووسەکەم لە ناو تەکسی یا لە یەکێك لە چێشـتخانەکان یا لە سەر تەختەی یەکێك لە پارکەگشتیەکان جێ بهێلم. ئەوە هەلی بۆ تۆدەرەخسـێ رۆژێـك لەرۆژان بیخوێنیتەوە، بەلاّم ئێستا و لەم ئان و ساتەدا دەتوانی بۆ نموونە خۆت بە تەنیا بەو بە شەوە خەریك بکەی!!!

---

**نووسەر:**

ئیسحاق سنجەر ساڵی ١٩٠٤لە پۆڵەنـدا لـە دایـك بـووە. دوای تـەواوکردنی خوێنـدن و رۆشنبیرییە نەتەوەییەکـەی لەسـاڵی ١٩٣٥ــدا، لـەنیۆیۆرك نیشـتەجێ دەبێـت و بـەزمانی (ئەلییدش)دەست بەنووسین دەکا، کە یەکێك بـووە لـە زمانـە لەناوچـووەکانی جوولەکـەکانی رۆژهـەلاّتی ئـەورپا. سـاڵی ١٩٧٨خـەلاّتی ئـەدەبی نۆبـلێ وەردەگـرێ. نووسـەر هەمیشـە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکانی دەخاتە چەندین تەنگژەوە و بەلاّی وایان بەسەر دێنێ لە مێژوودا نەبووبێ، وەکو کەسایەتیی پرۆفیسـۆر شـلامیل لـەو چـیرۆکەدا. لـە کتێبـە بەناوبانگـەکانی سنجەر(فریشـــــــــــــتەی خەونـــــــــــــەکان)، (رۆژی بەختـــــــــــــــەوەری) (ونبوویەك لەئەمریکا)، (خۆشەویستی و دوورخراوەیی).

. . (زەعیم التائی )ئەو چیرۆکە و پێشەکییەکەی کردوە بە عەرەبی.

سەرچاوە: سایتی ئیلاف

# وێنەی قوربانییەکە

چیرۆکی: بیدرۆ خورخێ فێرا

شارەکە تازە لە خەو ڕاببوو. هەنگاوی یەکەمی دەنا. پیاوەکان کە هێشتا خەو بەری نەدابوون یەکەم گالیسکەکانیان پاڵ دەنا. حەمباڵە بێ زەوەرەکان لە دەروازەی بالاّخانەکان جێگاکانیان بەجێ دەهێڵن. ئافرەتێکی بڕواداری بە پەلە، خۆی بە پیاوێکی بێداری جێماودا دەکێشێ. فیلیپە بارسیای بچووك، خۆی لەو سەرمایە دەپاراست کە تا سەر ئێسقانەکان دەچوو. ئەو کاتەی بەرەو هێنانی کالاّکەی دەچوو، ئەو ڕۆژنامانەی کە هێشتا هەر گەرم بوون و تازە چاپخانەکان فڕێیان دابوون. ڕێگاکەی بەیانیانی ئێستا کورتتر بۆتەوە، چونکە حەفتەیەك دەبێ، لە دووکانەکەی مامی دەخەوێ. لە گۆڕەپانی فیکتۆریا، بەلاّم ئەوەی ناچاری کرد، ماڵی خۆیان جێ بهێڵێ کە لەو لاترە لە گەڕەکی جارای — دووریی ڕێگاکە نەبوو، بەڵکو بوونی — دۆن ئۆرالا — بوو لە ماڵەکەیان، کە ئەوەندە ڕقی لێ دەبێتەوە تا ئەو ڕادەیەی دایکی ڕازی بوو بچێتە لای مامی، هەر لە دووریان بمێنێتەوە، تا میداردۆ بارسیا دەگەڕێتەوە لەوانەیە دوا بکەوێ، بەلاّم وەکو جاری پێشوو هەر دێتەوە. ئەو جارەیان زۆر دوا نەکەوت، ئەو دەمەی ڕۆیشت، دەستی لە پشتی کوڕەکەی داو ژنەکەی لە باوەش گرت، دۆمینجا- ش بە هێمنی چاوەڕوانی کرد، بەلاّم کە- مانابییە- *توندوتیژەکە گەڕایەوە، هەموو شتێك وەکوخۆی لێ هاتەوە، وەکە دوای ماوەیەکی کەم، جارێکی تر ڕۆیشتەوە، ئەمجارەیان ئەو ئاگاداریەی جێهێشت: تۆدەزانی ئەی دۆمینجا- لە چێشتخانە تا ماڵەوە، ئەگەر کوڕەکەش ڕەفتارێکی خراپی کرد. . . لێی بدە. . !!

لە چێشتخانە تا ماڵەوە. . . دۆمینجا فەرمانەکەی بە وردی جێ بەجێ کرد، بە سەر بە رزیەوە بە بەردەم چاوە برسییەکانی پیاوەکان و وشە ناشیرینەکاندا دەڕۆیشت، دوای ساڵێك — فیلیپە- ی لە قوتابخانە دەرهێنا و کردیە ڕۆژنامەفرۆش، چونکە ڕۆژانەی خۆی وەکو چێشت

لێنەر، کەم بوو بەشی دابینکردنی بودجەی ماڵەوەی نەدەکرد، دوای ئەوەش، کە لەوانەیە ئەم جارە تەنیایی هەرەسی پێ هێنابێ، دۆن ئۆرالا- هاتە ماڵەکە و جێگای —میداردۆ بارسیای داگیرکرد. فیلیپە هەر لە یەکەم چرکەیەوە ڕقی لێ بۆوە، چونکە سۆزی دایکی لێ ستاندبوو، هەروەها زۆری لێ دەدا، سەرباری ئەوانە شوێنی پیرۆزی- میداردۆبارسیا- دەگرێتەوە!! کە دواجار لێیدا، فیلیپە هەڕەشەی لێکرد و پێی گوت: نیشانت دەدەم، کاتێك باوکم دێتەوە؟ !! دۆن ئۆڕالا بە گاڵتە پێکردنەوە، پێی پێ کەنی، کە دۆمینجا هاتە بەینەوە، تا دڵی منداڵە کە بداتەوە. پیاوەکە بە نارەزاییەوە گوتی: ژنەکە تۆ هەرگیز سزای ئەو منداڵە نادەی و دەیکەیتە نێرەمووك، ئاخۆ ئەو قسانە بەکوڕی میداردۆ بارسیا دەڵێ!! کوڕەکە ڕقی لە سەر داگیرکەرەکە زیاتر دەبوو، هەروەها تاسەی بۆ- میداردۆ بارسیا- پتر دەبوو، ئەو باوکەی دڵێکی پیاوانەو هزرێکی پڕ لە نیگەرانی و خوێنێکی هەڵچوونی پێدابوو، لەیەکێك لەشەوەکاندا و لە تاریکی هۆڵی سینەمادا کاتێك پاڵەوانێکی مەکسیکی بەهێز لەسەر شاشەکە دەرکەوت، کەتەنیا هەر بەدەرکەوتنی ترسی بەرپا کرد. سەرو ڕوخساری پیاوەکە- میداردۆ بارسیا- ی بیر خستەوە، بۆیە- فیلیپە- لە نێو پێکەنینی بەکۆمەڵی تەماشاکەراندا کەوتە هاوارکردن . . . باوکم . . . باوکم، دوای ئەوە لە کاتی نووستنیدا — میداردۆبارسیا- دێتە خەونی، کە وەکو جاران توندوتیژ و بەهێزە، کە دەگاتە ماڵەوە دەبینێ ئۆرالا لە پەراسووەکانی منداڵەکە دەدا و هەڕەشە لە دۆمینجا دەکا، کە ویستویەتی پارێزگاری لێ بکا(ژنەکەتۆسزای ئەومنداڵە نادەی!!)، بەلاّم میداردۆبارسیا- وای لێدەدا بە یەك جار لە بەر چاوان ون بێ و میداردۆبارسیا ئەم جارە تا هەتایە، لەماڵەکەی دەمێنێتەوە)). ئەگەرچی واقیعەکە لەڕۆژی دواتر زۆرناخۆش دەبێ، چەنکەدۆن ئۆرالا لەوەتوورەدەبێ کەوا منداڵەکە بەبێ ئاگاداری ئەوچووەتە سینەماو زۆریشی لێدەدا، هەر ئەو کاتە منداڵەکە بڕیاردەدا، بڕوا لەدووکانەکانی مامی بخەوێ، تامیداردۆبارسیادەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئەمە خەونەو هەرگیز جارێکی ترنایەوە، دەگەڕێتەوە، ناتوانێ دوا بکەوێ، چونکە مەحاڵە دارێك بەبێ ڕەگەکانی بژی)). لە سەرەتای شەقامی چاپخانەکە، هاوڕێیەکی بچووکی ئاگاداری کردەوە، کە ئەو تازە بەشە ڕۆژنامەی خۆی وەرگرتبوو،: پەلە بکە، ڕۆژنامەکە وێنەی قوربانییەکەی تیایە!! هەر کە فیلیپەش کالاّکەی وەرگرت، لە چاپخانەکە هاتە دەرەوە و بەراکردنەوە هاواری دەکرد. . . یۆنیفێرسۆ لەگەڵ وێنەی قوربانییەکە !! کاتژمێر حەوتی بەیانی لە فرۆشتنی ڕۆژنامەکان بۆوە، بەلاّم دووبارە گەڕایەوە، تا هەندێکی دیکەش بکڕێ. ئەمجارە چووە ناو کۆلاّنە پڕ نەگبەتیەکانەوە. **کە**

ســوكايەتی بــاڵێكی ڕەش و  گــەورەی بەسەرداكێشــابوون، وێنــەی قوربانییەكە لەو نێوەندانەدا تاموچێژێكی كاریگەری هەبوو. تەنانەت ئافرەتە ژیان پڕ لە خـەم و خەفەتەكانیش، ئەوانەی بەدرێژایی شەو نەنووستبوون، بە پەلە ڕادەبوون تا بزانن ئەو دوایـین كەسەی خوێنی بەفیڕۆ چووە كێیە!! سەعات نۆ، تەنیا یەك دانەی ڕۆژنامەكەی لا مابوو. بـەر لەوەی كڕیارێكیشی لێ دەربكەوێ، ئەویش تاكە شتە سەرنجڕاكێشە ڕاستەقینەكەی ڕۆژنامەكە دەخوێنێتەوە. لاپەڕەی پێكەنین. لە شەقامی سان فرانسیسكۆ لەسـەر كورسـیەك دادەنیشـێ. ڕۆژنامەكە دەكاتەوە. تا بە دوای ئەو بابەتـەدا بگـەڕێ كـە دەیویسـت بیخوێنێتـەوە، بـەلاَم بەرلەوەی هەواڵەكە بدۆزێتەوە، چاوەكانی وێنەی —میداردۆ بارسیا- یان لەسەر لاپەڕەكە بەدی دەكرد. . . . گەڕایەوە. . . هەروەك چـۆن دڵـی پێـی ڕاگەیانـدبوو، چەشـنی جـاران، گـرژ، توندوتیژ، ئەوەتا لە تەنیشت دۆمینجایە. بەلاَم فیلیپە، هەواڵەكە بە پچڕپچڕی دەخوێنێتەوە. . . كوشتنی ئافرەتێكی یـاخی بـە چـەقۆی مێردەكـەی و توانییـان تاوانبارەكـە كـە واتـە- میداردۆبارسیا- دەستبەسەر بكرێ)))!! بەڵێ كەواتە میداردۆبارسـیا گەڕایـەوە، بـەلاَم تولّـە چاوەڕوان كراوەكەی ئەوی نەكردەوە!! ئا ئەوەتا دەرەقـەتی دۆن ئـۆرالادا زاڵ نـەهات، بـەڵكو دیلەكەی ئەوی لەناو برد، بۆیە لە دڵەوە ئەو چەند وشەیەی بە ئەسپایی دركاند: بینیت باوكە، دەبوو دۆن ئۆرالا بكوژی، نەوەك دایكم. )) هەر لەو بارودۆخەدا بوو، لێوەكـانی بەشـێوەیەكی ئاولی جوولاَیەوە، تاوەكو ڕۆژنامەكە بفرۆشێتە ئەو ڕێبوارەی كە لەو چركەیەدا بـە بەردەمیـدا ڕەت دەبوو. بانگی كرد: یۆنیفێرسۆ. . . لەگەڵ وێنەی قوربانییەكە!!!

* ئاماژەیە بۆ خەڵكی شارێكی وڵاتی ئیكوادۆر

* بیدرۆخۆرخی فێرا. . . ڕۆماننووسێكی ئیكوادۆریە

ساڵح علمانی — وەرگێڕیكی سوریە- كردوویە بە عەرەبی

سەرچاوە:گۆڤاری العربی ژ٥٤٨تەموزی٢٠٠٤

# دوو کورتە چیرۆك لەئەدەبی ئەمەریکی تازەوە

چیرۆکی: بینیت سێرف

**١- دیاری:**

پاسەکە بە درێژایی ڕێگاکە هەوراز و نشێوی دەکرد و بەرەو باشوور دەرۆیشت. پیاوێکی پیری لەڕ و لاواز لەسەر یەکێك لە کورسیەکان دانیشتبوو. چەپکە گوڵێکی تەڕی لە باوەش گرتبوو. لە ناو ڕاڕەوەکەی مابەینی کورسیەکاندا، کچێك دیار بوو، کە لەپشتەوە دانیشتبوو. زۆر ئاوڕی لە گوڵەکان دەدایەوە و سەیری گوڵەکانی دەکرد. کە پاسەکە لە وێستگەی ناوەڕاستی ڕێگاکە وەستا. پیاوە پیرەکە دابەزی، بەڵام بەر لەوەی بچێتە خوارەوە، لای کچەکە وەستا، خۆی چەماندەوە تا گوڵەکان بنێتە ناو دەستی کچەکەوە و گوتی: ئەگەر حەز لەو جۆرە گوڵە دەکەی وەکو دیارییەك لە خێزانەکەمی وەرگرە و دوایی پێی رادەگەیەنم. کچەکە گوڵەکانی وەرگرت. چاودێری پیاوەکەی کرد کە بە دەستی کراوەوە لە پاسەکە دابەزی و ڕووی لە دەرگای گۆڕستانێکی بچووك کرد، کە کەوتبووە ڕۆخێکی ڕێگاکەوە!!

**٢- توتکە سەگێك بۆ فرۆشتن:**

توتکە سەگێك بۆ فرۆشتن، لافیتەیەکی بچووك بوو، لەسەر دەرگای یەکێك لە کۆگاکان هەڵواسرابوو. دیارە نووسینێکی لەو جۆرەش سەرنجی منداڵان ڕادەکێشێ، بۆیە یەکێکیان لەلای دووکانەکە وەستا و لە خاوەنەکەی پرسی: توتکە سەگێك بە چەند دەفرۆشی؟

- لەنێوان (٣٠)تا(٥٠) دۆلار. منداڵەکە دەستی کردە گیرفانی و گوتی: لەو دوو دۆلارە زیاترم نییە، ڕێگا دەدەی توتکەکە ببینم؟

پیاوەکە پێکەنی. لەو کاتەدا پێنج توتکەی سپی دەرکەوتن. لەڕارەوە سپیەکەدا بە دوای دایکیاندا دەڕۆیشتن. ئەوەی دواییان دەشەلی و نەیدەتوانی بگاتە براکانی. ئەمەش زۆر سەرنجی منداڵەکەی ڕاکێشا و لە خاوەن کۆگاکەی پرسی: ئەی ئەمەی دواییان چییەتی؟

پیاوەکە گوتی: پزیشکی بەیتەری پێی ڕاگەیاندووم کە ئەو توتکەیە هەر بەشەلی دەمێنێتەوە و هەرگیز چاك نابێتەوە!!

منداڵەکە بەپەلە: بە چەند پێمی دەفرۆشی؟

پیاوەکە: ئەمیان بۆ فرۆشتن نییە، ئەگەر دەتەوێ بە خۆڕایی بیبە!

منداڵەکە لە پیاوەکەی ڕوانی و بەدەستەکانی ئاماژەی بۆ کرد و بە تووڕەیییەوە گوتی: نەخێر بە خۆڕایی نامەوێ، ئەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ براکانی نییە، نرخەکەت بە تەواوی دەدەمێ. ئێستا دوو دۆلارەکەت وەربگرە. هەموو سەرەمانگێکیش دۆلارێکت دەدەمێ، تانرخەکەی تەواودەبێ. خاوەن کۆگاکە ئەوەی ڕەت کردەوە و گوتی: ئامۆژگاریت ناکەم بیکڕی. ئەوە توتکەیەکی سەقەتە سوودی نییە، ناتوانێ ڕا بکات و باز بدات و ناتوانێ وەکو توتکەکانی دی یاریی لەگەڵدا بکەی. بۆ یەکێکی دیکە ناکڕی؟ لەو کاتەدا منداڵەکە چەمایەوە و دەلینگی پانتۆڵەکەی خۆی هەڵدایەوە، تا قاچە دارە پێچراوەکانی دەربکەوێت و بە خاوەن کۆگاکەی گوت: چونکە تەنیا ئەو دەتوانێ لەحاڵی من تێبگا!!!

*** سەرچاوە: ڕۆژنامەی الصباح ژ٦٩٥**

## یۆدۆك سلاوتان لێ دەكا

**چیرۆكی: پیتەر بیكزیل**

من هیچ شتێك لە بارەی مام یۆدۆكەوە نازانم. تەنیا ئەوەندە نەبێ، كە مـامی باپیرەمـە. نازانم چۆن بووە و هەروەها نازانم لە كوێ دادەنیشـت و چ كـارە بـوو. تـەنیا ناوەكـەی دەزانم یۆدۆك. كەسی تریش ناناسم ئەو ناوەی هەڵگرتبێ، باپیرەم بەمجۆرە دەستی بە چیرۆكەكەی كرد ( كاتێك مام یۆدۆك هێشتا لە ژیاندا مابوو )، یا (كاتێك سەردانی مام یۆدۆكم دەكرد ) یـا ( ئەو دەمەی مام یۆدۆك ئامێرێكی فووتێكردنی مۆسیقایی پێشكەش كردم، كە لە تەختەی دار توو دروست كرابوو ). بەلاّم هیچ لە بارەی ژیانی مام یۆدۆكەوە نەدەدوا. تەنیا ئەو سـەردەمە نەبێ كە یۆدۆك هێشتا لە ژیاندا مابوو یا لەبارەی سەفەركردن بۆ لای یـۆدۆك و كەمانەكـەی یۆدۆكەوە نەبێ. ئەو دەمەی پرسیاریشی لێ دەكرا: مـام یـۆدۆك كێیـە؟ دەیگـوت پیـاوێكی دانابوو. بەلاّم داپیرەم هەرگیز كەسێكی بەو ناوەوە نەدەناسـی. باوكیشـم لـە كـاتی بیسـتنی ناوەكەدا ناچار دەبوو دەست بكاتە پێكەنین. بـاپیرەم بـە پێكەنینەكـەی تـوورە دەبـوو. بۆیـە داپیرەم دەیگوت بەڵێ، بەڵێ یۆدۆك. بە مەش باپیرەم هەستی بە خۆشیی دەكرد. تا ماوەیەكی دوور و درێژ پێم وا بوو مام یۆدۆك پاسەوانی دارستانەكە بێ. بۆیە كە جارێكیـان لـە بـاپیرەم پرسی دەمەوێ ببمە پاسەوانی دارستانەكە، پێی گوتم ئەمە دڵی مام یۆدۆك خۆش دەكا، بەلاّم كاتێك ویستم ببمە شوفێری لۆری. باپیرەم بە بەردەوامی دەیگوت ئەمە مام یـۆدۆك ئاسـوودە دەكا، هەر چەندە باپیرەم درۆی دەكرد.

من باپیرەم بەڕاستی خۆش دەویست بەلاّم لـە ژیانـە دوور و درێژەكـەی ببـووە كەسـێكی درۆزن. بە بەردەوامی دەچووە لای ئامێری تەلەفۆنەكە و بیستۆكەكەی بەرز دەكردەوە و داوای

ژمارەیەکی دەکرد و لە تەلە فۆنەکەدا دەیگوت: ڕۆژ باش مام یۆدۆك، حاڵت چۆنە ئەی مام یۆدۆك. بێگومان. ڕاستە ئەی مام یۆدۆك. . . . هەمووشمان دەمانزانی پەنجەی خۆی خستۆتە سەر دوگمەی بیستۆکەکە و خۆی وا دەردەخا کە لەگەڵ یەکێك قسە دەکا. داپیرەشم ئەوەی دەزانی. بەڵام سەرباری ئەوە بانگی دەکرد، بەس قسە بکە نرخەکەی زۆر گرانە. بۆیە باپیرەم دەیگوت: ئەی مام یۆدۆك دەبێ ئێستا کۆتایی پێ بێنم. . . دەگەڕایەوە لای ئێمە و دەیگوت یۆدۆك سلاڵوتان لێدەکا.

هەر بەو بۆنەیەش باپیرەم ڕاهاتبوو پێشتر دەیگوت: کاتێك مام یۆدۆك هێشتا لە ژیاندا بوو، بەڵام ئێستا دەڵێ: دەبا سەردانی یۆدۆکی مامان بکەین. یا دەیگوت: بێگومان مام یۆدۆك سەردانمان دەکا. لەو کاتەشدا لە ئەژنۆی خۆی دەدا، بەڵام وا پێدەچوو دڵنیا بێ، خۆیشی تێبینی ئەوەی دەکرد و بۆ ماوەیەکی کورت دەست بەرداری یۆدۆکەکەی دەبوو، ئێمەش هەناسەیەکی ئارام هەڵدەمژین، بەڵام هەر زوو مەسەلەکە دەستی پێدەکردەوە. یۆدۆك پەیوەندی کرد، یۆدۆك هەمیشە وای دەگوت، یۆدۆکیش هەمان ڕای هەبوو، وەکو مام یۆدۆك کلاوەکەی دادەنا، مام یۆدۆك حەز لە سەیران دەکا. مام یۆدۆك بەرگەی هەموو سەرمایەك دەگرێ، مام یۆدۆك ئاژەڵەکانی خۆش دەوێ. مام یۆدۆك خۆشێ دەوێ، لە کەشێکی سارددا لەگەڵیدا دەچێتە سەیران. مام یۆدۆك دەڕوا لەگەڵ ئاژەڵەکان دەڕوا.

بەرگەی هەموو سەرمایەك دەگرێ، مام یۆدۆك بەرگە دەگرێ، مام یۆدۆك، کاتێك ئێمەی نەوەکانیشی دەچووینە لای هەمیشە نەی دەپرسی ئەنجامی دووجاران حەوت دەکاتە چەند، یا پایتەختی ئایسلەندا کوێیە، بەڵکو دەیپرسی وشەی یۆدۆك چۆن دەنووسرێ. وشەی یۆدۆك بە پیتێکی درێژی (ی) دەنووسرێ و بەپیتی کاف کۆتایی دێ. ئەوەی لە وشەی یۆدۆکیش ناخۆش بێ، هەر دوو پیتی واوەکەیە، بە درێژایی ڕۆژ هیچ شتێك لەژووری باپیرم نەدەبیسترا تەنیا پیتەکانی واوی وشەی یۆۆۆدۆۆۆك نەبێ!! باپیرم پیتەکانی واوی وشەی یۆۆۆدۆۆکی خۆش دەویست و دەیگوت مام یۆدۆك فاسۆلیای ورد کراو دەخوا، مام یۆدۆك دەچێتە نیشتمانی سەروو، مام یۆدۆك بە خۆشییەوە هەڵدەچێ.

پاشان مەسەلەکە کەمێك خراپتر کەوتەوە بەوەی هەموو شتێکی لەگەڵ پیتی واودا دەگوت. مام یۆدۆك سەردانمان دەکات و ئەو پیاوێکی ژیرە ووو، بەیانی سەفەر دەکەین و ئەلووومام. . . .

یا دەیگوت: مام یۆدۆك سەردانمان دەكات و ئەو و پیاوە ژیرەكان بـەیانی گەشـت دەكـەین ووو، ئەلۆومام. . . .

رۆژ لە دوای رۆژ ترسی خەڵكەكە لە باپیرم زیادی دەكرد، ئێستاش دەنگۆی ئەوە هەیە كە هەرگیز كەسێكی بە ناوی یۆدۆكەوە نەناسیبێ. بەڵكو ئێمە دەستمان بـە باسـەكە كـردوە و و ئێمە پرسیومانە مام یۆدۆك كێیە؟ گفتوگۆكردنیش لەگەڵ ئەودا هیچ مانایەكی نەبوو، چونكە هیچ شتێكی تری نەبوو تەنیایۆدۆك نەبێ. جاران بەپۆستەچـیەكەی دەگـوت: رۆژ بـاش بـەرێز یۆدۆك، پاشان بەیۆدۆك ناوی دەبردم و دواتر هەمـوو خەڵكی بـەو نـاوەوە نـاو دەبـرد. یـۆدۆك ببووە ناوی ناز راگرتن، ئەزیزم یۆدۆك، پاشان وشەی جنێو پێـدان یـۆدۆكی نـەفرەتلێكراو، یـا دەیگوت نەفرەت لە یۆدۆك. نەیدەگوت هەست بە برسیەتی دەكەم، بەڵكو دەیگوت هەست بـە یۆدۆك دەكەم، تەنانەت وشەی (من)ـیشی نەدەگوت و ئاخڤتنەكەی ببووە یۆدۆك. هەست بـە یۆدۆك دەكا.

رۆژنامـەكەی بە دەستەوە دەگرت و لاپەڕەی یۆدۆك و یۆدۆكی دەكردەوە. واتە كارەسـات و تاوان و بەم شێوەیە دەیخوێندەوە. یۆدۆك لەسەر یۆدۆك لەلای یۆدۆك دەستی پێكرد، یۆدۆك بۆ یۆدۆك وەدواوی یۆدۆكێكی كورت، بۆ یۆدۆكێك یۆدۆكی یۆدۆك لە یۆدۆكۆك لەگـەڵێ و نـاوی یۆدۆكی بۆ یۆدۆكە و یۆدۆكەكەی و ناوی یۆدۆك یۆدۆكـە و لەسـەر یـۆدۆك مـردن. داپیریشـم دەستی دەخستە سەر گوێی و هاواری دەكرد: ناتوانم ئەوە زیاتر ببیستم، ناتوانم بەرگـە بگـرم، بەڵام باپیرم ماندوو نەبوو، بە درێژایی ژیانی ماندوو نەبوو بوو. باپیرم زۆر پیربوو، منیش زۆرم خۆش دەویست، تەنانەت ئەو كاتەی هیچ شـتێكی دیكـەی لـە یـۆدۆك بـەو لاوە نـەدەگوت. هەمیشە بەباشی لێك دەگەیشتین. من زۆر گەنج بووم و بـاپیرم زۆر بەساڵاچـوو بـوو. لەسـەر ئەژنۆكانی دایدەنیشاندم و یۆدۆك یۆدۆكی یۆدۆكێكی لە بارەی یۆدۆكی یۆدۆكی بوو. ئەمـەش مانای وابوو ئەو هەقایەتێكم لە بارەی مام یۆدۆكـەوە بـۆ دەگێڕێتـەوە. منـیش زۆر دڵـم بـە چیرۆكەكە خۆش دەبوو. ئەوانەی لەمنیش گەورەتر بوون و لە باپیرم بچـووكتر بـوون. هـەرگیز هیچ تێ نەدەگەیشتن و حەزیان نەدەكرد لە سەر ئـەژنۆكانی دامبنیشـێنێ، كـە مـردیش، زۆر گریام. بە سەرجەم كەس و كارم گوت پێویستە گۆڕی (فریدریتش گلاوزەر) بنووسـرێ یـۆدۆك یۆدۆك، كە باپیرم زۆر ئارەزووی دەكرد، بەڵام كەس گوێی لێ نـەدەگرتم و منـیش زۆر گریـام. ئەگەرچی زۆرم پێ ناخۆشە كە ئەو چیرۆكە راستی نییە و پێم ناخۆشە كە باپیرم هەرگیز درۆزن نەبووە و پیریش نەبووە. من زۆر بچووك بووم كە ئەو مـرد. تـا ئێسـتاش ئـەوەم لـەبیرە كـە

جارێکیان گوتی ئەو دەمەی کە هێشتا مام یۆدۆك لەژیاندا مابوو، داپیریشم کە منــی خــۆش دەویست بە ڕقەوە هاواری دەکرد: واز لەم یۆدۆکە بێنە.

باپیریشم تەواو بێدەنگ دەبێ و خــەم دایــدەگرێ. پاشــان داوای لێبــوردن دەکــا. منــیش تووڕەییەکی زۆر دایدەگرتم و ( ئەمەش یەکەم جارە بیرم بکەوێتەوە تووڕەبووبم) و هاوارم دەکرد ئەگەر مامێکی ناو یۆدۆکم هەبووایە هەرگیز باسی شتێکی تــرم نــەدەکرد. ئەگــەر باپیریشــم ئەمەی بکردایە، ئەوە بەناو ساڵ دەکەوت و تا ئەمرۆش بــاپیرم هــەر دەبــوو، و زۆر بــاش لــە یەکتری دەگەیشتین!!!

*نووسەر لە چەند دێڕێکدا: پیتەربیکزیل لە١٩٣٥/٣/٢٤لە

شاری لوزان لە سویسرا لە دایك بووە، باوکی پیشەگەر بووە و پیتەر لە شــاری ئــۆلتن پــێ گەیشتووە، دوای تەواوکردنی خوێندن. تاساڵی١٩٦٨مامۆستای قوتابخانە سەرەتاییەکان بووە. لە ساڵانی نێوان ١٩٧٢- ١٩٨٩لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە و وەکــو مامۆســتای میــوان لەهەندێك لە زانکۆکانی ئەمەریکا وانەی گوتۆتەوە و ئێستا لــە شــاری بــیلاخ دەژی. خــاتوو سبلۆم دەیەوێ سیڤیر فرۆشەکە بناسێ ناونیشانی یەکەم کۆمەڵــە چــیرۆکیەتی کــە لــە ســاڵی ١٩٦٤بلاو کراوەتەوە، کە بە بەناو بانگترین بەرهەمی دادەنرێت. (٥) ساڵێ دواتــر بەرهــەمی دووەمــی بــلاو دەکاتــەوە بــەناوی ( چــیرۆك بــۆ منــدالان) کــە وەکــو بەرهــەمی یەکــەمی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە.

** سەرچاوە: سایتی القصة العراقیة/عیمادمبارك غانم کردوو یە بەعەرەبی.

# دروشمی شار

چیرۆکی: فرانز کافکا

له سەرەتاوه له کاتی خۆئامادەکردن بۆ دروستکردنی تاوەر(بورج)ـی بابیل، هەموو شتێك لەو پەڕی باشیدا بەڕێوه چوون. دەکرێ بڵێی زێدەڕۆییشی تێدا کرابـوو. دەلال و وەرگێڕەکـان، خانووی نیشتەجێبوونی کرێکاران و ڕێگاوبانەکان زۆر بە وردی ئامـادەکران و دروسـت کـران. هەروەك ئێمه له بەردەم کارێکی زۆر مەزندا بین و ڕاپەڕاندنەکەی سەدان ساڵ بخایەنێ. هاوشان لەگەڵ بۆچوونه باوەکەی ئەوسا، پێویستی دەکرد کارکردن له پرۆژەکـه زۆر لەسـەرخۆ بـەڕێوه بچێ. بۆ ئەوەی له دڵخۆشیمان بەو ڕایه زێدەڕۆیی نەکەین، دەستمان له دانانی بەردی بناغەی پرۆژەکه هەڵگرت. گرنگترین شتی پرۆژەکه بیرۆکەی دروستکردنی تاوەرێکه سـەر لـه ئاسمـان بسوێ. لەوه بەدەر شتەکانی دیکه هیچ گرنگ نین. کاتێك لەمەزنی ئەو بیرۆکەیەش دەگـەین. هەرگیز لەناوه ناچێ، تاوەکو مرۆڤەکان مابن، ئارەزوویـەکی بـەتینی تـەواوکردنی تەوەرەکـه هەردەمێنێ، لێرەوه نیگەرانی لەمەڕ ئاینده هیچ پاساوێکی نابێ، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوه، مەعریفەی مرۆڤایـەتی لەگەشـه کـردن ناوەسـتێ، هونـەری تەلارسـازیش پـێش دەکـەوێ و لەپێشکەوتن بەردەوام دەبێ. ئەگەر کارێکیش هەبێ له ماوەی ساڵێکدا تەواوی بکەین، ئـەوه دوای سەدەیەکی تر نیو ساڵ دەخایەنێ. بەڵکو بەشێوەیەکی باشتر و تۆکمەتر دروست دەکـرێ. کەواته بۆ ئێستا ئەو هەموو هەوڵەی بۆ بدەین. . ؟ ! ئەو تەقەلایانه ئـەو کاتـه سـوودبەخش دەبن، که بمانەوێ تاوەرەکه له میانەی نەوەیەکدا تەواو بکەین، بەلاّم ئەوه هەرگیز له بەر چاو نەگیرابوو، بەڵکو ئەوەی چاوەڕوانی ڕوودانی دەکرێ، ئەمەیـه کـەوا نـەوەی داهـاتوو بـەهۆی تەواوبوونی مەعریفەکانی پێی وایه ئەوەی کەبنیات نراوه خراپـه، بۆیـه تێکـی دەدا، تـاوەکو جارێکی تر دروستی بکاتەوه، بیرۆکەی لەم چەشنه تواناکانی ئیفلیج کرد و خەڵکەکـه لـەبڕی ئەوەی کار لەدروست کردنی تاوەرەکەدا بکـەن، خـەریکی دروسـتکردنی گـەڕەکێك بـوون بـۆ

نیشتەجێبوونی کرێکارەکان، لەبەر ئەوە هەر کۆمەڵەیەك دەیویست باشترین خانووی دەست بکەوێ.

ململانێیەکان سەریان هەڵدا و زۆرجار دەبوونە شەرێکی خوێناوی بێ کۆتایی. لێرەشدا سەرکردەکان بیانوویەکی تازەی پەلە نەکردنیان لە تەواوکردنی تاوەرەکە دەست کەوت، بۆیە مزگێنیی ئەوەیان دەدا کە وا باشترە تا دابینکردنی هودنەیەکی سەرتاسەری، کارکردن لە تەواوکردنی تاوەرەکە بوەستێت. هەر چەندە دانیشتوان کاتەکەی خۆیان بە ناکۆکییەکان بەسەر نەبرد، بەڵکو لە کاتی حەوانەوەدا کەوتنە جوانکردنی شارەکەیان. ئەمەش بووە ئەگەری ئێرەیی بە یەکتربردن و دووبارە بەرپابوونەوەی ناکۆکیە تازەکان. زەمانی نەوەی یەکەم بەم جۆرە تەواو بوو. چارەنووسی نەوەکانی تریش لەوان باشتر نەبوو. زیرەکیی نەوەکان نەوە لە دوای نەوە زیاتر بوو. بەهەمان شێوە، خۆشەویستیان بۆ شەڕ زیادی دەکرد. لە سەرووی ئەمانەوە نەوەی دووەم یا خود سێیەم بۆیان دەرکەوت هیچ سوودێك لە بونیاتنانی تاوەرە ئاسمانییەکەدا نییە. هەرچەندە وابەستەیی ئەو نەوەیە ڕێگای نەدا شارەکە جێ بهێڵێ. هەموو ئەو هەقایەت و گۆرانیانەی لەو شارە نووسراون، گوزارشیان لە خۆشەویستیی ڕۆژێکی چاوەروان دەکرد، کە تیایدا مشتێکی زۆر بەهێز پێنج گورزی یەك لە دوای یەك لە شارەکە دەسرەوتێنی. هەر لێرەشدا دروشمی شارەکە مشتی دەستێکی لەخۆ گرتووە!!

سەرچاوە: سایتی ئیلاف

صالح کازم کردوویە بەعەرەبی

# جۆلیا

چیرۆکی: ئەنتوان چیخۆف

چەند رۆژیك لەمەوبەر داوام لە جۆلیای دایەنی مندالەکانم کرد، بێتە نووسینگەکەم و پێم گوت: دانیشە جۆلیا، با حیساباتەکانمان یەکلا بکەینەوە. هەرچەندە تۆ پێویستیەکی زۆرت بە هەندێك پارە هەیە، دەبینم لە پیادەکردنی رێساکانی رەوشتە باشەکاندا زێدەڕۆیی دەکەی. هەرگێز بەخۆت داوای پارە ناکەی. لەبەر ئەوەی پێشتر رێك کەوتبووین مانگانە سی رۆبلت پێ بدەم.

- چل!!

- نەخێر سی،. تێبینیەکیشم لەسەر ئەوە لە لای خۆم نووسیوە، چونکە من هەمیشە سی روبل دەدەم بەدایەنەکان. لەبەر ئەوەی دوو مانگ بەسەر کارکردنتدا رەت بووە. دوو مانگ و پینج رۆژ!!

- نەخێر دوو مانگی تەواو. تێبنیەکیشم لەبارەی ئەوەوە لای خۆم نووسیوە. ئەمەش وا دەگەیەنێ من دەبێ شەست روبلت پێ بدەم. نۆ رۆژی یەك شەمموانی لێ دەر بکە، چونکە خۆت دەزانی لە رۆژانی یەك شەمموواندا لەگەڵ کۆلیاداخەریك نەبووی. تەنیا پیاسەت لەگەڵدا کردوە. هەروەها سێ جار مۆڵەتت وەرگرتووە. لێرەشدا جۆلیا لەشەرمان سوور هەڵگەڕا خۆین کەوتە دەموچاوی و لەچکی کراسەکەی راکێشا، بەڵام هیچ وشەیەکی نەدرکاند.

- سێ مۆڵەتت وەرگرتووە، بەمەش دوازدە رۆبلی تری لێ دەردەکەم. هەروەها کۆلیا بۆ ماوەی چوار رۆژ نەخۆش کەوت لەو ماوەیەشدا تۆ هیچ وانەیەکت پێ نەگوت و تەنیا لەگەڵ فانیادا خەریك بووی. خۆشت بۆماوەی سێ رۆژ تووشی ددان ئێشە بووی، خێزانەکەشم سێ رۆژ مۆڵەتی پێدای دوای نانی نیوەڕۆ هیچ کاریك نەکەی، ئەمەش دەبێتە دوازدە کۆ حەوت واتە نۆزدە رۆژ، کە کرێیەکەی چل و یەك روبلی تەواوە. چاوی چەپەی جۆلیا سوور هەڵگەڕاو پڕ ئاو بوو. چەناگەی کەوتە لەرزین و لە تووڕەییدا کەوتە کۆکەکردن، بەڵام هەرهیچی نەدرکاند.

- لە جەژنی سەری ساڵیشدا فنجانێکی چاخواردنەوە و قاپێکت شکاند، لە بەرامبەر ئەوانەش دوو روبلی تر کەم دەکەینەوە، هەرچەندە فینجانەکە زۆر لەوە زیاترشی تێچووبوو، چونکە زۆر بەنرخ بوو، لەپێشینانەوە مابۆوە، بەڵام با بڕوا، کەی من زەرەرم نەکردوە. پاشان هەر بەهۆی کەمتەرخەمی تووە کۆلیا لەسەر دارەکە کەوتە خوارەوە و کراسەکەی دڕا، لە بەرامبەر ئەوەش دە روبل کەم دەکەینەوە، هەروەها بەهۆی بێ ئاگایی تۆوە، خزمەتکارەکە پێڵاوەکانی فانیای دزی. تۆ دەبێ چاودێری هەموو شتێك بکەی لێرە، چونکە تۆ لە بەرامبەر ئەوە پارە وەردەگری، لە بەر ئەوە پێنج روبلی تریش کەم دەبێتەوە. لە دەی مانگی کانوونی دووەمیشدا خۆم دە روبڵم پێدای!! بە چرپەوە گوتی: پێت نەداوم!!

- بەڵام من لە لای خۆم نووسیومە. بەمەش بیست و حەوت لە چل و یەك دەردەکەین تەنیا چواردە روبلت بۆ دەمێنێتەوە، هەروو دووچاوی پڕ بوون لە فرمێسك و لووتە بچووکە جوان و باریکەکەی ئارەقەی کرد. ئای ئەو کیژۆڵە چەند بەستەزمانە. بە قسە هات و گوتی: هیچ کەس پارەی پێ نەداوم تەنیا یەك جار نەبێ، ئەمەی بەدەنگێکی لە رزۆکەوە درکاندو گوتی: تەنیا خێزانەکەت جارێکیان سێ روبلی پێدام و زیاترۆ نا. . . بەڕاست؟ تۆباش دەزانی هیچ تێبینێیەکەم لەمبارەوە نە نووسیوە کەواتە سێ روبل لەچواردە روبل دەربکەین، دەمێنێتەوە یازدە روبل، بگرە ئازیزەکەم ئەوە پارەکەتە، سێ، سێ،سێ، یەك،یەك فەرموو وەری بگرە، یازدە روبلم پێداو ئەویش بە پەنجە لەرزۆکەکانیەوە خستیە گیرفانیەوە و گوتی: مێرسی!!

لێرەدا بەچاوی نووقاوەوە لە ژوورەکەدا هاتووچۆم دەکرد و بە تووڕەبوونەوە لێم پرسی: مێرسی لە بەرامبەر چی؟

- لەپێناو پارەکە!

- بەلاّم تۆ دەزانی من فیڵم لێکردی، بەڵکو، من لەواقعیدا دزیم لێکردی، مێرسیی بۆ چییە؟

- لە ماڵەکانی تردا کە کارم دەکرد، هەرگیز هیچیان پێ نەدەدام.

- هچیان پێ نەداوی ئەوە سەیر نییە، بەلاّم من فێڵێکی بچووکم لێکردی. وانەیەکی توندم پێدای بۆ ئەوەی فێرت بکەم. من هەشتا روبلی تەواوت پێ دەدەم فەرموو لەناو ئەو زەرفەدایە بۆ تۆ.

ئاخۆ دەکرێ بەم چەشنە بێهێز بی، بۆ نارەزایی خۆت دەرنابڕی؟ بۆ بێ دەنگی دەنوێنی؟ ئاخۆ دەبێ لەو جیهانە مرۆڤ بەبێ کەڵبە بێ؟ بۆ ئەوەی داکۆکی پێ لەخۆی بکا. بەم شێوەیە ساویلکە بی.

- زەردەخەنەیەکی فێلبازانەی کرد و منیش گوزارشتەکانی رووخساریم شی کردەوە.

- بەڵێ دەبێ!!

داوام لێکرد لەو وانە سەختەدا بمبوورێ لە بەرامبەر سەرسووڕمانە گەورەکەشیدا هەشتا روبلم پێدا. لەکاتێکدا ئەو چەند جارێك خەریکی مێرسیە بچووکەکانی بوو کە چووە دەرەوە، من لێی ورد بوومەوە و لە خۆم پرسی ئای چەند ئاسانە مرۆڤ لەم جیهانەدا خەڵکە بێهێزەکان بپلیشێنێتەوە؟

* سەرچاوە: رۆژنامەی الصباح الجدید ژمارە ١٤٢٠

رۆژی ٢٠٠٩/٥/٧

صادق باخان کردوویە بە عەرەبی.

# قوتووی تونەکە

چیرۆکی: ئیلیۆنورا کیافیتا

لە ناکاو و هەمیشە توورە بوو. بە مجۆرە بەبێ هیچ پێشەکییەك، تەنیا سەیرکردنی چاوە گڕگرتووەکانی و روومەتە لەرزیو و لێوە پرەکانی بەس بوون بۆ ئەوەی بزانی کەوا پیاوەکە لە حاڵەتی توورەبوون و شێتێتی دایە. هەر لەو کاتەشدا بەردەبووە گیانی کچەکە و دایکی و برا بچووکەکەی، بەڵام کچەکە دەمودەست هەڵنەدەچوو، بەڵکو دەیویست بەکردەوەیەك فریایان بکەوێ و تەنیا گۆرینەوەی سەرنجە توقێنەرەکان، تاکە هەوڵی رزگار بوون نەبێ لەبەردەستی باوکی، بەڵام هەیهوو هەیهوو هەر کەسێك یەکەمجار بکەوتایە بەر دەستی، بەردەکەوت و لێی دەدرا. زۆر جاریش دایکەکە خۆی دەخستە نێوان پیاوەکە و منداڵەکانی. لەبارەی توورەبوونەکەیەوە پرسیاری لێ دەکرد و لێی دەپاڕایەوە هێمن ببێتەوە. هەرکە دایکەکەش دەستی دەکردە گریان، ئەو دەکەوتە لێدانی و بە هەموو هێزیەوە و بە هەردوو دەستی ژنەکەی دەگوشی، تا ئازارێکی زۆری دەبوو، جێگای پەنجەکانی بەسەرەوە دیار دەبوو. ئەمە ئەو دیمەنە بوو کە دوو منداڵەکە چەندین جار دەیانبینی، دیمەنێك کە هێزی هەر یەکێکیانی ئیفلیج دەکرد. بەڵام دایکەکە لە ژوورێکەوە دەچووە ژوورێکی تر و لە رۆیشتنەکەیدا خۆی بە کورسیەکانەوە دەگرتەوە، تا بەرنەبێتەوە. بۆ ئەوەی هەلی رۆیشتن بەرەو دەرگای ماڵەوە بۆ منداڵەکانی دابین بکا، بەو ئامانجەی رابکەن و لە ترس و تۆقاندنی باوکیان رزگار بن. کە بەبێ وەستان لێی دەدا و فەرمانی پێ دەکرد لەو کاتە درەنگەی شەودا لە هاوارکردن بوەستێ،

چونکە خەڵك نووستوون و کەس بەدەنگیەوە نایە. بەپێچەوانەوە دایکەکە لە هاوارکردن بەردەوام بوو. بە هەموو هێزیشیەوە دەیقیژاند و دوو منداڵەکەشی وەکو ئەو دەیانقیژاند. داوایان لە باوکیان دەکرد بوەستێ، بەڵام ئەو بەهەموو هێزیەوە کوڕەکەی دەگرت و فڕێی دەدایە سەر زەوی و دەکەوتە لێدانی و بە بێ وەستان لە سکی دەدا. لەو کاتە کەکچە کە دەکەوتە قیژاندن و داوای لێ دەکرد بوەستی. بەڵام ساتە وەختێك هەبوو کچە بچووکەکە تا ئێستاش نازانێ چۆن توانی لەگەڵ برا بچووکەکەی بگەنە کن دەرگای ماڵەوە. دایکەکە لە راکێشانی جەستەی خۆی لەسەر زەوی بەردەوام بوو، روخساریشی خۆێناوی بوو، ئەویش لە قاچەکانی و سینگی دەدا. دوو منداڵەکە بەدەمی کراوە و چاوی زەقەوە خۆیان بەدەرگاکەوە نووساندبوو کە فرمێسکیان تیا وشك ببوو. لە رارەوی پشت دەرگای ماڵەکە یەکێك هەبوو، بەڵێ یەکێك کە قیژەی منداڵەکان و دایکیان بە ئاگای هێنابوو، ئەو کەسە داوای لە دوو منداڵەکە دەکرد دەرگاکە بکەنەوە. هەموو شتێکیش پەیوەست بوو بە کردنەوەی ئەم دەرگایەوە، تاوەکو دەمامکی ئەو پیاوە بکەوێ، کە لە بەردەم خەڵکیدا خۆی بە باش نیشان دەدا، کە بێگومان بەیانی بە هەموو قێزەونیەکە و لە بەرگی فەرمانبەرێکی پۆشتە دەچێتە دەرەوە، کە ئەو پەڕی خۆشەویستی بۆ خێزانەکە هەبێ و لە بەردەم هەمووانیش زێدەڕۆیی لە پیاهەڵگوتنیاندا دەکا. بەڵام روخساری پڕ لە لێدانی دایکەکە بۆ چەندین رۆژی دیکە دەمێنێتەوە و دەبێتە گەواهیدەرێك و هاوار دەکا کەوا ئەوەی دوو منداڵەکە بینیان نە فیلم بوو نە دێوە زمەیەك. هاتنە ژوورەوەی یەکێك لە دراوسێکانیش بیگومان تاکە ڕێگایەك بوو بۆ رزگارکردنی ئەو خێزانە. لەبەر ئەوە باوکەکە دەرگاکەی زۆر بە چاکی داخستبوو، کلیلە ئاسنەکەشی لەلایە بەرزکەی دەرگاکە دانابوو، بۆیە کچە بچکۆلانەکە کە تەمەنی شەش ساڵی تێنەپەڕاندبوو، نەیدەتوانی بگاتە کلیلەکەو دەرگای ماڵەوە بکاتەوە. دەنگەکەی دەرەوەش هەمیشە جەختی دەکردەوە و داوای لێدەکردن دەرگاکە بکەنەوە. کچەکەش سەیری برا بچووکەکەی کرد و تێی گەیاند کە وا ناتوانن هیچ شتێك بکەن، چونکە دوو منداڵ بوون هەر لەدایك بوونیانەوە بەترس و توقاندن شێلدرابوون، خۆشەویستیان بۆ دایکیان و رقبوونەوەیان لە باوکیان کۆی دەکردنەوە، بەڵام کەس ناتوانێ رزگاریان بکا. لە ناکاو کچەکە رووی لە مەتبەخەکە کرد، چووە سەر کورسیەکی بچووك و دەستی گەیشتە ئەو قوتووە تەنەکەی کە دایکی پارچە پسکویتی تیا هەڵدەگرت، پارچە کێکەکانی فڕێدا و قوتووەکەی پڕ ئاو کرد و گەڕایەوە شوێنی رووداوەکان و هەوڵی دەدا یەك تنۆکە ئاوی لێ نەڕژێ، بە هەموو هێزیەوە

قیژاندی و هەموو ئاوەکەی بە باوکی داکرد، بەمەش پێلاڵو و گۆرەوی و دامێنی پانتوڵەکەی تەڕ کرد و جارێکی دیکە قیژاندیەوە بەسە. لەو کاتەدا کە باوکەکە بە هێرشی کچەکەی پەشۆکابوو، ئاگای لە نێچیرەکەی نەما و لە دەستی دەرباز بوو. دایکەکەش بە هەموو هێزیەوە بازی دا و خۆی گەیاندە کلیلەکان و دەرگای ماڵەکەی بۆ دراوسێکان خستە سەر پشت!!

* نووسەرێکی ئیتاڵیە
. www. iraqalKalema. com

# جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان

چیرۆکی: یاروسلاف هاشیك

هاوڕێیەتیەکی بە هێز هەر یەك لە نیکۆلاسی چاودێری چاندنگەکە و باسیری بەڕیوەبەری بە یەکەوە کۆ کردبۆوە. ئەو دوو هاوڕێیە هەموو شەوێك لە مەیخانەکەی تسیك بە یەك دەگەیشتن، بە یەکەوە بوون بۆیە خەڵکی راهاتبوون بە بێ خۆماندووکردن، هەموو ڕووداوێکی ناو گوندەکە، لە سەر کێشی وکاری نابەجێ بۆ نیکۆلاسی چاودێر و باسیری بەڕێوەبەر بگەڕێننەوە، ئەو دوو هاوڕێیەش ڕاهاتبوون دوای مەیخواردنەوە، کاری منداڵانە ئەنجام بدەن. زۆر جاریش یەکێك لە پاسەوانە کشتوکاڵیەکانیان دەگرت و فڕێیان دەدایە ناو جۆگە ئاوەکەوە، بەڵام دانیشتوانی گوندەکە دوای ڕووداوەکە دەیانگوت دوێنێ چاودێرەکە تا ئەو پەڕی سەرخۆشبوون خواردبوویەوە، بەڵام بەرێز بەڕیوەبەر کەمێك سەری گەرم کردبوو. . . ، لە ڕاستییشدا هەردوو هاوڕێیەکە بەقەد یەکتری دەیان خواردەوە و کاریگەریی خواردنەوەکەش لەسەر هەردووکیان وەکو یەك بوو، بەڵام لەلای خەڵك هەر ئەو ڕستەیە دووبارە دەکرایەوە. دوێنی چاودێرەکە تا ئەو پەڕی مەستبوون خواردبوویەوە، بەڵام بەرێز بەڕێوەبەر کەمێك سەری گەرم کردبوو. نیکۆلاسی چاودێر زۆر لەو جیاکاریە ناخۆشە بێزار دەبوو، بۆیە ڕۆژیکیان بڕیاریدا دەست لەخۆ سەرخۆشکردن هەڵگرێ بەڵام باسیری بەڕێوەبەر هەر لە سەرەتای دانیشتنەکەوە سێ پیاڵەی خواردەوە و نیکۆلاس تەنیا یەك پیاڵە ی هەڵدا. کە دانیشتنەکەشیان تەواوبوو دەرکەوت، بەڕێوەبەر سی پیاڵە تەواوی خواردۆتەوە و نیکۆلاس

تەنیا دە پیاڵەی داوا کردبوو. بۆیە نیکۆلاس بڕیاری دا هیچ کـارێکی منداڵانــە ئـەنجام نـەدا بەڵکو لە و شەوەدا بە ویقارو ئەدەبێکی لەسەر ڕانەهاتوو، هەڵسوکەوتی کـرد و زۆر هـێمن و لەسەرخۆ بوو، بەڵام بەرێز بەڕیوەبەر تا بڵێی سەرخۆش و بێ ئاگـابوو، هـاواری دەکـردە سـەر خاوەن مەیخانەکـە و چـەندین جـوێن و قسـەی ناشـیرینی ئاراسـتەکرد، کـە چـوونەدەرەوەش نیکۆلاس شانی دایە بەر شانی هاوڕێکەی و لە ڕۆیشـتنە خواروخێچـەکەی یارمـەتیی دا، تـا گەیاندیەوە ماڵەوە. سەرباری ئاگاداربوونی نیکۆلاس لە ڕووداوەکە، بـەڵام خـاوەن مەیخانەکـە ڕۆژی دوایی لە وەڵامی پرسیارە ئاساییەکەی خـەڵك بەرامبـەر هەڵسـوکەتی دوو هاوڕێیەکـە بەمجۆرە وەڵامی دەدایەوە:( وەکوجاران چاودێر تا بڵێی سەرخۆش بوو، بـەڵام بـەرێز بەڕێوەبـەر کەمێك سەری گەرم کردبوو)، نیکۆلاسی چاودێر بەمەدا زانیی ئـەو لـە خـۆڕایی دەسـتی لـە خواردنەوە هەڵگرتووە، چونکە هـەر چـەندە کـەم بخواتـەوە. ئـەو لـە لای خـەڵك لـەو پـەڕی مەستبوون دایە و بەرێز بەڕێوەبەریش هەرچەندە زێدەڕۆیی لە خواردنەوەدا بکا، تەنیا کەمێك سەری گەرم دەبێ. لە ڕۆژێکی خۆشیشدا هەردوو هاوڕێی تـا ئـەو پـەڕی مەسـتبوون بیرەیـان هەڵدا، هەر یەکە و بە ئارەزووی خۆی خواردیەوە، چونکە چاودێرەکە هیچی نـەبوو لەدەسـتی بدا، بەڵام بەڕێوەبەر لەگوێ پێنەدانەکانی تێی پەڕاند و گوێی بەپایە کۆمەڵایەتییەکەی خـۆی نەدا، لە ڕێگادا چاویان بەکەسێك کەوت کە جلوبەرگی ڕەسمی لەبەردا بوو. ئەوانیش گرتیان و بەبێ ئەوەی بزانن چی دەکەن فڕێیان دایە ناو ئاوەکەوە. دیارە ئەو جۆرە کردەوە نابەجێیانە بـۆ ئەو دوو کەسە شتێکی تازە نەبوو، چونکە شەو نەبوو پاسەوانێك نەخەنە ناو جۆگە ئاوەکـەوە، پاشان لە ڕۆژی دواییدا بەپێدانی جگەرەیەك و پیاڵە مەیەك دڵیان دەدایەوە، بەڵام دیاربوو ئەو جارە بەختیان یار نەبوو، چونکە ئەوەی لەم شەوەدا فڕێیان دایـە نـاو ئاوەکـەوە پاسـەوانێکی لادێی نەبوو، بەڵکو پۆلیسێکی ئێشکگری گوندەکە بوو. بۆیە ئەو دوو هاوڕێیە هـەر زوو بـە تۆمەتی دەستدرێژیکردنە سەر پۆلیسێك بـانگی دادگـاکران و چـەندین گەواهیـدەریش بـانگ کران، لەوانە خاوەن مەیخانەکە و هەندێك لە ئامادەبووانی ئەو ئێوارەیە. هەردووکیشیان تاکـە یەك هۆکاریان هەبوو تاوەکو بیانوو بۆ هـەڵس وکەوتـە گێلانەکـەی خۆیـان بێنـەوە، ئـەویش سەرخۆشی بوو چـونکە هەریـەکێکیان سـی پیاڵـەی خواردبـۆوە، بـەڕێز تسـیك ـی خـاوەن مەیخانەکە، یەکەم کەس بـوو لەسـەر ڕووداوەکـە پرسـیاری لێ بکـرێ و دادوەر لێـی پرسـی: نیکۆلاس چۆن بوو لە کاتی چوونە دەرەوەی لە مەیخانەکە، خاوەن مەیخانەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: جەنابی دادوەر دەتوانم بڵێم نیکۆلاس زۆر سەرخۆش بوو!

ئەی بەڕێز باسیری بەڕێوەبەر چۆن بوو؟

خاوەن مەیخانەکە بەڕێزەوە لە بەڕێوەبەری ڕووانی و گـوتی: - بـەڕێز بەڕێوەبـەر ئـەمجارە تەنیا کەمێك سەری گەرم ببوو!!

ئـەو گەواهیدانـەی خـاوەن مەیخانەکـە لـە مەحزەرەکـەدا تۆمـار کـرا، پاشـان نـۆرەی گەواهیدەرەکانی تر هات، کە هەر هەموویان هەمان وەڵامیان هەبوو. چـاودێرەکە لـەو پـەڕی سەرخۆشیدا بوو، بەڵام بەڕێز بەڕێوەبەر کەمێك سەری گەرم بوو!!

دیارە مەسەلەکە بۆ دەستەی سوێندخۆران ئاڵۆز نەبوو، کە دواتر ئەم بڕیارەیان دەرکرد، لە بەر ئەوەی بەڕێوەبەر کەمێك سەری گەرم ببوو لەو کاتەشـدا هەڵسـوکەوتێکی خراپـی ئـەنجام دابوو بەمانگێك زیندانییکردن سزادەدرێ، بەڵام نیکۆلاسی سەرخۆش و مەست ئازاد دەکـرێ، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا هۆشی لەدەست داوەو لەسەر هەڵسـوکەوتەکانی ئـەو دەمەشـی هـیچ سزایەك وەرناگرێ، نیکۆلاسی چاودێر دوای راگەیاندنی بڕیارەکـە هەسـتی بەچـێژی خۆشـیەك کرد، کە هەرگیز وەسف ناکرێ، بە تایبەتی کە گوێی لێ بوو بەڕێز بەڕێوەبەر دانی پیادا دەناو بەهاوارکردنەوە دەیگـوت: سـوێند دەخـۆم بـەخوا بـەڕێزان مـن تـا ئەوپـەڕی سەرخۆشـبوون خواردبوومەوە، بەڵام ئەو دان پیانانە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو بڕیارە نەبوو کە دەرهـەق بە بەڕێز بەڕێوەبەر و چاودێری هاوڕێی دەکرا.

یاروسلاف هاشیك (١٨٨٣- ١٩٢٣) نووسەرێکی چیکیە بە شێوازە هونەریە پڕ لە گاڵتە جاڕیەکەی ناسراوە، چەندین کۆمەڵە چیرۆك و وتاری رەخنەیی هەیـە دیـارترین نووسـینەکانی رۆمانێکە بەناوی ( زۆرانبازیەکانی شفیکی سەربازی بوێر)

صفاءالجنابی کە وەرگێڕێکی عێراقیە کردوویە بە عەرەبی
سەرچاوە: گۆڤار ی الصدی ژمارە ١٥٥
لە ١٧/٣/٢٠٠٢ ل ٩٠

# تاوانێکی سۆزداری

چیرۆکی: ئیڤان پۆنین

بارانە لەسەرخۆیەکەی نیسان، لە تاریکیدا بە هێواشی لە پەنجەرەکانی دەدا. پاسەوانەکە بەدەم چا خواردنەوەی لەمەتبەخەکە، سەیری کاتژمێری سەر دیوارەکەی کرد، هەڵسا بەرەو شوێنی جل گۆڕین و لای چارپاکە چوو و گوتی: ئەی خاوەن شکۆ کاتژمێر دەیە، بە بێزاریەوە چاوەکانی کردەوە و گوتی: کاتژمێر دەیە؟ ! مەحاڵە!! هەوایەکی بۆنخۆش لە پەنجەرەکانی دەم باخچەکان دەهاتە ژوورەوە، قاچەکانی لەسەر چارپاکە هێناخوارەوە بە گورجیەوە هەڵسا، فەرمانی بە پاسەوانەکە کرد: بە پەلە داوای کالیسکە یەك بکە، ئەسپێکی چالاکی هەبێ، بە پەلە!! جلەکانی پۆشی، دەموچاوی شوشت، خۆی بە کۆلۆنیا بۆنخۆش کرد و قژی داهێنا. لە شەوی رابردوو لە ئاهەنگی ئەفسەرەکە دابوو، جگەرەیەکی زۆری کێشاو گەلێك دواو شەرابێکی زۆری لەو ئاهەنگەدا خواردەوە. پاسەوانەکە هاتە ژوورەوە، کڵاو و شمشێرو پاڵتۆکەی بۆ هێنا و دەرگاکەی بۆ کردەوە، چووە دەرەوە و خۆی هەڵدایە ناو ئەو گالیسکەیەی کە چاوەڕوانی دەکرد. هەموو شتێك جوان دەردەکەوت، گەڵای دارەکان، بۆنی دار سەروەکانی سەر شەقام، ئەو ژوانەی کە نزیك کەوتبۆوە. هەستی بەوە دەکرد کەوا ئامادەیە هەموو شتێك بکا، ئاخۆ ئەوە بە هۆی ڤۆدکا و قاوە تورکیەکەوە بوو، یا بەهۆی بەهارەوە، خزمەتکارە بچووکەکە کە سۆفیای ناوبوو، دەرگاکەی بۆکردەوە. چووە ژوورەوە. قایشی شمشێرەکەی کردەوە و کڵاوەکەی لە تەنیشت ئاوێنەکە هەڵواسی، چووە ئەو ژوورەوە کە بە هۆی کەلوپەلەکانی ناویەوە بچووك دەرکەوت. ئافرەتەکەش یەکسەر بەکراسە ماڵیە تەسکەکە دەرکەوت. کە قۆڵەکانی تاسەرشانی کرابوونەوە، دار جگەرەیەکی درێژیشی لە نێوان پەنجەرکاندا بوو، کە جگەرەیەکی داگیرساوی پێوە بوو، پیاوەکە لەگەڵ دەست ماچکردنی گوتی: بمبەخشە دواکەوتنم بە هۆی هەڵەیەکی خۆمەوە نەبوو!! ژنەکەش بە ڕقەوە تێی روانی و گوتی: راستە هۆکارەکە خواردنەوەیە. ! لەسەر کورسیە ئاوریشمیە کە دانیشت جگەرەکەی لە

بەرزییەوە راگرت، قاچەکانی خستە سەر یەکتری. درزی لاتەنیشتی کراسەکەی، تا سەر ئەژنۆی بەدیار خست. ئەویش لە نزیکیەوە لەسەر کورسیەکە دانیشت، لەگەڵ داگیرساندنی جگەرەکەی بە ژنەکەی گوت: بەرنامەت چییە بۆ ئەمشەو؟ حەزدەکەی بچینە باخچەی دەریا، بۆ بەسەربردنی شەوێکی ژاپۆنی؟ ئەو بە تووڕییەوە وەڵامی دایەوە: هیچ بەرنامەیەکم نییە، لەماڵەوە دەمێنمەوە. پیاوەکە بەسەرسوورمانەوە نەفرەت. چی رووی داوە؟ ژنەکە وەڵامی دایەوە: دەبوو زووتر پێت رابگەیەنم، کەمن دەگەڕێمەوە لای ئەو، یەکەمجار بە هەڵە لێی جیابوومەوە پیاوەکە گوتی: تۆ بەراستتە؟ ژنەکە: زۆر بەڕاستمە، ئەویش ئامادەیە لێم ببووریێ. پیاوەکە ئەمجارە گوتی: مەبەستت وایە تۆ بەردەوام بووی لە. . . . . . . . ، ژنەکە قسەکانی پێ بڕی: بەردەوام بووم لە چیی؟ کە پێم رانەگەیاندی مەبەستم نەبوو نیگەرانت بکەم. من هەرگیز دەستبەرداری خۆشەویستی ئەو نەبوومە. پیاوەکە بە ئازارەوە لێی پرسی: مەبەستت خۆشەویستی سامانەکەیەتی؟ ژنەکە وەڵامی دایەوە: ئەو لە تۆ زیاتری نییە! پیاوەکە بە کەمیك تووڕەییەوە گوتی: تەنیا کەتنکەرەکان بەمجۆرە دەدوێن! ئەویش بە گاڵتەکردنەوە پێی گوت: ئەی من کەتنکەر نیم؟ من بە پارەی تایبەتی خۆم دەژیم، یا بە پارەی تۆ؟ پیاوەکەش گوتی: بەڵێ من تەنیا گەمەیەکی کاتی، ساتی بەربەیان بووم!! ژنەکە بە تووڕەییەوە: ئامۆژگاریت دەکەم، زاراوەی باش بەکاربێنە! پیاوەکە قیت وەستابوو. ئارەزووی ئەوەی هەبوو شتێك بکا، لە ژوورەکە هاتووچۆی دەکرد بیرۆکەکانی هەڵگێر و وەرگێڕ دەکرد. لە توانایدا نەبوو بەرگەی ئەو بارودۆخە چاوەڕوان نەکراوە بگرێ، کە لەناکاو سەرجەم ئاواتە خۆشەکانی ئەو شەوەی بەبا کرد. پاشان لەسەر کورسیەکە دانیشت و بەرق هەڵسانەوە لە ژنەکەی پرسی و گوتی: پرسیارت لێ دەکەم ئاخۆ تۆ گاڵتە ناکەی؟

ژنەکە چاوەکانی داخست و وەڵامی نەدایەوە. پیاوەکە ساتێك لێ وردبۆوە، مژێکی لە جگەرەکەی داو بە دەم تێك ئاڵانەوە دووبارە لێی پرسیەوە: ئایە تۆ پێت وایە من بەم شێوەیە دەستبەرداری هەردوو دەست و هەردوو قاچت بم؟ ئەویش ئەژنۆکانت ماچ بکا، کە من هەرگیز ماچم نەکردبوون، تەنیا دوێنێ نەبێ!؟ بە پەلە جگەرەکەی خستە نا تەپلەکە کە کەمێك بەلادا چوو، دەمانچەکەی لە گیرفانی دواوەی دەرکرد بەناو لەپی دەستی یاریی پێ دەکرد، ژنەکە بە نازەوە سەیری کرد و پێکەنی. بانگی سۆفیای خزمە تکاری کرد و پێی گوت: پاڵتو کڵاوەکە بۆ بەرێز پاڤیل سرگیفیتش بێنە! پیاوەکە هاواری کرد: چیی؟ ژنەکە گوتی: هیچ نا، تۆ سەرخۆشی! پیاوەکە لە تووڕەییا دەلەرزی و گوتی: ئاخۆ ئەوە دوا وشەتە؟ ژنەکە بە

بەرەنگاربوونەوەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ دوا وشەمە!. ئەویش لێی نزیك بۆوە و پێی گوت: باشتر وایە دڵنیابی، کە ئەمە بە تەواوی دوا وشەت نەبێ! ژنەکە بە بێزلێکردنەوەوە تێی راخوڕی و گوتی: بێ دەنگ بە ئەی گاڵتەجاڕی سەرخۆش و ڕووی لە دەرگاکە کرد. پیاوەکەش چووە لای و قۆڵە ڕووتەکەی گرت. ژنەکە بە تووڕەییەوە سووڕایەوە و هەر چەندە هەوڵی دا دڵی بداتەوە، بەڵام ئەو بە سووك و سانایی تا وانەکەی ئەنجام دا و پەنجەی خستە سەر پەلاپیتکەکە و زەردە خەنەیەکی تاڵ لەسەر لێوەکانی دەرکەوت. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا کەشتی سراتۆڤ لەناو ئۆقیانووسی هیندی بوو، کە رووی لە بەندەری فیلاد یفیۆ ستوکی رووسی کردبوو لە ژێر بنمیچە لەت لەت بووەکەی، کە تینی خۆرە ئیستیواییەکە لە ڕێگای هەڵمی ئاوی دەریاوە دزەی تیا دەکرد. تاوانبارەکان بەنیوە رووتی لە سەرەوەی کە شتیەکە پاڵ کەوتبوون، قژیان نیوە تراشراو و کۆتی ئاسین بە قاچەکانیانەوە بوو. باڤیل سێرگیفتیش —یش لەنێو ئەواندا بوو، تا ناوەڕاستی رووت بوو. پێستی لەشە لاوازەکەی، لەبەر زۆر بەرکەوتنی گەرمایی خۆر، هەمووی داخ ببوو. روومەتە نەتاشراوەکانی قووڵ ببوون و چاوەکانی لەگەرماندا ئەبڵەق ببوون. خۆی بەسەر بۆڕیی کەشتیەکەدا دابوو. سەیری ئاوەشینەکەی دەکرد، کە بە تەنشتەکانی کەشتیە بەرزەکە دەکەوتن و جار جارە تفێکی دەکردە رووی دەریاکەوە. . . . . .

سەرچاوە:www. suharahal. blospot. com

---

ئیڤان پۆتین / نووسەر و شاعیرێکی رووسە لە ٢٢/١٠/١٨٧٠ـدا لە دایك بووە لە ١٩٥٣/١٢/٨ کۆچی دوایی کردوە. ساڵی ١٩٣٣ خەڵاتی ئەدەبی وەرگرتووە، یەکەم دیوانە شیعری لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی نۆزدە بڵاو کردۆتەوە، زیاتر بە خۆشەویستی و شەیدابوونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە، چەندین جار سەردانی وڵاتە جیا جیاکانی ناوچەکەی کردوە، ئاگاداری ژیانی میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یونان، میسری کردووە. هەروەها بە بەسوریا، فەلەستین، جەزایەر، تونس، بیابانی رۆژئاودا گەڕاوە. . . . .

* سەرچاوە: ئەنتەرنێت سایتی وکیبید یا

# دوو کورتە چیرۆك

ماریۆ بینیدتی

### ١/ خۆشەویستیەکەیان کارێکی ئاسان نەبوو

بە تۆمەتی ئەنجامدانی کارێکی ئابڕووبەر گیران، کاتێك ویستیان مەسەلەکە روون بکەنەوە کەس باوەڕی پێ نەکردن. لە راستیشدا خۆشەویستیەکەیان کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە کوڕەکە فۆبیای شوێنە داخراوەکانی هەبوو. کچەکەش فۆبیای شوێنە کراوەکان بۆیە تەنیا لەسەر دەرگا خۆشەویستیان دەکرد.

### ٢/رۆتین

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٤ـدا، هەموو شەوێك لە بۆینس ئایرس دوازدە تا چواردە بۆمبیان دەتەقاند. بۆمبە کانیش جیاوازییان هەبوو. ئەوەی کۆشی دەکردنەوە ئەوە بوو کە هەموویان دەتەقینەوە. بۆیە بە ئاگاهاتنەوە لە کاتژمێر دوو یا سێی بەرەبەیان بە دەنگی تەقینەوە یەك لە دوای یەکەکان ببووە شتێکی ئاسایی و تەنانەت منداڵە کانیش لەسەری راهاتبوون. هاوڕێیەکی منیش کە لە نزیك بەندەرەکە دەژیا ئاگای لەو راهاتنە بوو. شەوێکیان دوای روودانی تەقینەوەیەکی گەورە لە نزیك شوقەکەی. منداڵە تەمەن پێنج ساڵییەکەی بەترسەوە لە خەو هەڵدەستێ و دەپرسێ ئەوە چییە؟ هاوڕێکەشم لە باوەشی دەگرێ و هەوڵ دەدا ترسەکەی بڕەوێنێتەوە و دڵنیای بکاتەوە، لەبەر بنەما پەروەردەییەکانی راستیەکە بە منداڵەکە دەڵێ: بۆمبە!!

منداڵەکە دەڵێ: سوپاس بۆ خوا وامزانی برووسکە!!!!

**نووسەر لە چەند دێڕێکدا:**

ماریۆ بینیدتی نووسەرێکی بە ڕەچەڵەك ئۆرگوایی ناسراوە. لە جیهاندا بە نووسینی کورتە چیرۆك بەناوبانگە. نزیکەی پەنجا کتێبی هەیە لەوانەش بووکی بێوەژنی دەریا. کە بیست و چوار کورتە چیرۆکی لە خۆ گرتووە و پێنج بەشە. لە بارەی نووسینی چیرۆکیش دەڵێ چیرۆك ژانرێکی ئەدەبی پڕ لە تەقینەوە و ئارەزوو و بەرەنگار بوونەوەیە. بەڵام دانی پیادا دەنێم کەوا گەورەترین نیعمەتە سەبارەت بە داهێنەر و هەروەها بە خوێنەرەوە. چونکە لە ڕێگای چیرۆکەوە بینیدتی دەتوانێ ساناترین شتە کانی ژیان دابڕێژێتەوە، بە شێوەیەك کە هیچ نووسەرێك وەکو ئەو نەتوانێ بەو زیرەکییە وێنای بکا هەر وەك لەم دوو کورتە چیرۆکەی سەرەوەیدا دیارە. واتە بە بەکار هێنانی کەمترین وشە گوزارشت لە چەندین مانای گەورە دەکا.

وەر گێرانی بۆ عەرەبی:د:نادیە جەمال ئەلدین

سەرچاوە:گۆڤاری العربی ژمارە ٦٢٠ تەموزی ٢٠١٠

# کاتژمێری مەتبەخەکە

چیرۆکی: فۆلفگانك بۆرشرت

که بۆ لایان دەهات ئەوان له دوورەوە بەدییان کرد، له سیما و روخساریدا پیرەمێردێکی بەسالاچوو بوو. بەلاّم هەنگاوەکانی ئاماژەیان بەوە دەکرد. لـه تەمـەنی بیست سالّیدا بێ. بەڕاستی مایەی سەرنج راکێشان بوو. له ناوەڕاستیان لەسەر کورسییەك دانیشت. بـه نیگـا پیرانییەکەی لێیان ورد بۆوە. لەبارەی شتەکەی دەستی بۆیان دوا و گوتی: ئەوە کاتژمێری ئێمە بوو کاتژمێری مەتبەخ. بەهەمووانی نیشان دا. یەك لـه دوای یـەك. دانیشـتووەکان لـه ژێـر رۆشنایی رۆژە پرشنگدارەکەدا پشکنیان. ئەو له لای خۆیەوە بە دەنگێکی بیستراوەوە گـوتی: بەڵێ دۆزیمەوە تاکه شتێکه بدۆزرێتەوە، لەگەنێکی خـڕی سـپی خسـتبووە سـەر ئـەژنۆکانی. پاشان گوتی: ئەوە کاتژمێری مەتبە خەکەیە. پەنجەی بـه ژمـارە شـینە چـاپکراوەکانی سـەر دەفرەکە دادەهێنا ئینجا گوتی: ئەوە بەنرخ هیچ ناهێنێ من ئەوە دەزانم. جوانیش نییە. تەنیا دەفرێکی سپییە. بەلاّم من ژمارە شینەکانی زۆر جوان دەبینم. میلەکانی کانزان. که هـەرگیز ناجوولێنەوە. بەلێ من دلّنیام. له ناوەوە تێك شکاوە بەلاّم هەروا دەردەکەوێ که هەمیشه بەو شێوەیە بووبێ. هەرچەندە هیچ جوولّەیەکیش ناکا. بەپەنجەکانی بازنەیەکی له دەوری لەگەنەکە دروست کرد و بەهێمنیەوە گوتی: دوا شتێکه مابێتەوە. هـیچ کـام لەوانـەی لـەژێر تیشـکی خۆرەکە دانیشتبوون. بایەخیان پێ نەدەدا. یەکێکیان چاوی بڕیبووە پێلاوەکانیەوە. خانمێکیش

چاودێری گالیسکەی منداڵێکی دەکرد، یەکێك لە پیاوەکان بانگی کرد: من دڵنیام تۆ هەموو شتێکت لەدەست داوە!!!

ئەو بە دڵفراوانیەوە: بەڵێ. بەڵێ وەکو وتت. هەموو شتێکم لەدەست چووە. تەنیا ئەو کاتژمێرە نەبێ، کە هەموو شتێکمە. پاشان بۆ جاری دووەم بەرزی کردەوە. هەروەك پێشتر کەس نەیبینیبێ. ئافرەتەکە گوتی: بەڵام کار ناکات!. پیاوەکە: ئەوە دەزانم. بەڵام من ئەمەم مەبەست نییە. ئەگەر چی بێگومان وەکو جاران سپیەکی مەیلەو شینە. پاشان بۆ جارێکی تر پێی نیشان دانەوە. ئەوەی زۆر جوانیش بوو. هەڵچوونی بوو لەکاتی نمایشکردنی کاتژمێرەکەدا. پێی گوتن: من هیچم لەبارەیەوە نەگوتووە. شتە سەیرەکەتان لەبارەوە بۆ شی دەکەمەوە. سەرنج بدەن لە کاتژمێر دوو و نیو وەستاوە. بە تەواوەتی لەو کاتە. دوو و نیو تێبینی بکەن!!! یەکێکیان کە لێوی دەلەرزی گوتی: لەو کاتەدا ماڵەکەتان پێکرا. ئەمەم هەروا بیستووە کاتێك بۆمبەکان دەکەوتن. کاتژمێرەکان بەسەر دیوارەکانەوە دەمانەوە. چونکە بۆمبەکان بەسەر بانەکان دەکەوتن. سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و دوای بیر کردنەوە. بە نەخێر سەری خۆی لەقاند و گوتی: نەخێر. ئەی بەرێز. . . نەخێر. لە بۆ چوونەکەت هەڵە بووی. هیچ پەیوەندیەك لەنێوان کاتژمێر و بۆمباکاندا نییە. پێویست ناکات هەموو شتێك بۆ بۆمباکان بگێرینەوە. نەخێر مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە. ئەوەیە کە تۆ نایزانی. مایەی پێکەنینە کاتژمێرەکە لەسەر دوو و نیو بوەستێ و لە چوار کەم چارەگێك. یاخود بۆ نموونە لەسەر کاتژمێر حەوت نەوەستێ. من هەمیشە لە دوو و نیو دەگەڕامە و ماڵەوە، مەبەستم بەبەردەوامی دوو و نیوی شەوە. ئەمەش بەڕاستی شتە سەیرەکەیە. چاوی تێبڕین. بەڵام ئەوان چاویان لە ئاڕاستەیەکی تر بوو . بۆیەبوون و نەبوونیان لای ئەو وەکو یەك بوو. پاشان سەیرێکی کاتژمێرەکەی کردەوە و بە چرپەوە(برسیشم بوو. . . . . . . . . وا نییە) . . !! یەکسەر چوومە مەتبەخەکە. کاتژمێر وەکو جاران لەسەر دوو و نیو بوو. سەرباری هێمنیم لە دەرگا کردنەوەدا. هەمیشە گوێ بیستم دەبێ. دەبینم بەپەلە دەچێتە مەتبەخەکە. ئەوەندەی من لە تاریکیەکەدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێم. ئەو چراکەم بۆ دەدەگیرسێنێ. لە تەکمەوە دەیبینم. چاکەتە خوریەکەی لەبەر دایە. ملی خۆی بە بەرماڵە سوورەکە پێچاوە. وەکو هەموو جارێکیش پێی خواسە ناو مەتبەخەکە بەدرێژایی ساڵ ڕاخرابوو. ئەو لەبەر رۆشنایی چراکە چاوی خۆی دەنوقاند. کە تازە بە ئاگا هاتبۆوە. هێشتا شەو بوو. پێی گوتم: دیسان درەنگ هاتیتەوە. لەوە زیاتر هیچی نەدرکاند: دووبارە درەنگ هاتیتەوە!!. چێشتەکەی بۆ گەرم

کردمەوە. لە تەنیشتمدا دانیشت تاببینیٚ چۆن چێشتەکە دەخۆم شوێن پێیەکانی خۆی لەسەر زەوی مەتبەخەکە دەگۆڕی. ئەو تەنانەت لەشەویشدا هەر پیٚ خواس بوو. هەر لە تەکمدا مایەوە تا خواردنەکەم تەواو کرد. کە چوومە سەر جێگا نووستن. دوا کوژاندنەوە رووناکییەکە وەکو هەموو شەوێك گوێم لەتەقە قاپەکان بوو لە کاتژمێر دوو و نیو داو هەمیشە لە هەموو شەوێکدا هەمان شت دووبارە دەبۆوە لە ( دووبارە دواکەوت) م پتر نەدەبیست. لەوە دڵنیا بووم کەوا حاڵەتەکە تا هەتایە و بیٚ کۆتایی هەروا بەردەوام دەبیٚ. باوەڕم بەمە شتێکی زۆر ئاسایی بوو. ئەوە هەموو مەسەلەکە بوو. بیٚ دەنگی باڵی بەسەر دانیشتوەکاندا کێشابوو. بە دەنگێکی کزەوە چرپاندی: ئێستاش!!. سەیری کردن. هەروەك هەست بە بوونیان نەکات. گەڕایەوە لای کاتژمێرەکەی. بەرووە سپیە شینباوە بازنەییەکەیدا چرپاندی. هەروەك دایکی بیر بخاتەوە: ئێستا. . . . ئێستا زانیت ئەوە بەهەشتە. بەهەشتی راستەقینەیە. ئافرەتەکە پەتی بێدەنگیەکەی پچڕاند و پرسی: ئەی کەس و کارت؟

به ئەستەم زەردەخەنەیەکی بۆکردو گوتی: مەبەستت دایك و باوکمە!!!. بەڵیٚ ئەوانیش هەموو شتێکن. هەموو شتێك، باوەڕ بکە هەموو شتێك. جارێکی تر زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و بەبیٚ ئەوەی سەیری ئافرەتەکە بکا. کاتژمێرەکەی بەرز کردەوە و بە پێکەنینەوە دەیگوت: تەنیا. . تەنیا تۆی و هیچی تر. جوانترین شتیش وەستانیەتی لە کاتژمێر دوو و نیودا. . . . . تەنیا لەو کاتەدا. . . دوای ئەوە هیچی تری نەگوت. . . روخساری زۆر لە جاران پیرتر دەردەکەوت. سەرنجی پیاوەکەی تەنیشتی خەریك بوو پێڵاوەکانی کون بکات و هەموو هەست و بیر کردنەوەکانیشی لەلای وشەی (بەهەشت ) بوون. . . . . . . . . . .

سەرچاوە:رۆژنامەی الموتمر ژمارە ١٣١٣لە ٢٠٠٧/٣/٢٨

ماهر حونی حبیب کردوویە بە عەرەبی

# باپیرەم بۆی باس کردم

چیرۆکی: ئەسکەندەر نیعمە

زۆر بە ئەدەبەوە لە دەرگام دا. چونکە باوکم بـەوجۆرە فێـری کردبـووم و جـەختی لەسـەر ئادابی رەفتارکردندا دەکردەوە. بەتایبەتی کاتێك کـە دەچـوومە ژووری بـاپیرەم. بـاپیرەم لـە ژوورەوە کۆکەیەکی کرد. تێ گەیشتم کە ئەوە مۆڵەتی چوونە ژوورەوەیە. وەکو هەموو جارێك بە زەردەخەنەوە چوومە ژوورەوە. دەرگاکەم لە دوای خۆم داخست بە هەر دوو چاوان شوێنەکەم پشکنی هەروەك ئارەزووی شتێك بکەن. باپیرەم عەبا خوریە دڕەکەی لە خۆی لوول دابوو. لـە سووچەکەی جارانی. لە نزیك ئاگرەکە خۆی گرمۆڵە کردبوو. لەناو چـراوگەکەش چـەند پارچـە دارێك دەسووتان و گڕێکی سووریان دەردەکرد. لەگەڵ دووکەڵێکی شین کە لە ژوورەکـەدا بـڵاو دەبۆوە. چەند پۆڵوەکی گەورەی درەوشاوەش لەبنی سۆپاکە دەردەکـەوتن. بـاپیرەم زانـی چـیم دەوێ. بە هەردوو دەستی ئاماژەی بۆ کردم، بەڵێ دەمویست لە باوەشـی دانیشـم و چـێژ لـە گەرمی ئاگرەکە و عەبا خوریەکەی وەرگرم. هەردوو دەستی بـۆ کردمـەوە و زەردەخەنەیـەکی جوان لە چاوەکانی دەرکەوت و بە سینگی خۆیەوەی نووساندم و بە هەردوو دەسـت و لەچـکی عەباکەی توندی گووشیم. روخسارم لە مووە چڕەکەی سینگی و ردێنە سپیە پڕەکەی ون ببوو . چێژم لە سۆزە زۆر و بۆنی جگەرەی سەر جلەکانی وەردەگرت. دوای ماوەیەکی کـەم لـە یـاری

کردن کە هەرگیز حەزم نەدەکرد تەواو ببێ. باپیرەم لایەکی عەباکەی بەرز کردەوە و بە لەپی دەستی سەری بەرز کردمەوەو بە دەنگە گەورە گڕەکەی گوتی: ها کوڕەکەم پێم بڵێ لە وانەکانی دوێنێ چیی فێر بووی؟ ؟ ؟ . زانیم کاتی خۆ گەرم کردنەوەو گەمە تەواو بوووە باپیرەم دەستی بە قۆناغی گەمارۆ دان کرد. بەسانایی لە باوەشی هاتمە دەرەوە. لە بەرامبەری لە سووچێك دانیشتم. سەیرم کرد ئەویش زەردەخەنەیەکی قوڵی بۆ کردم، سەرم داخست. پێم گوت: دوێنی لە وانەی مێژوو مامۆستا باسی قۆناغێکی مێژوویی بۆ کردین ناوی نابوو سەفەر بەرلك، ئا بەجۆرە ناوی نا. ئەو ناوەش لە کتێبەکەماندا نەبوو. زۆر شتی لەبارەی سەفەر بەرلکەوە بۆ باس کردین وەکو برسیەتی. دزی. دەستدرێژی. جەنگ. دەربەدەری. مردن. . . .

ساتێك بێدەنگ بوو. هەستم کرد باپیرەم لە جێگاکەیدا خۆی ڕێك دەخاتەوە و چاکتر دادەنیشێ. سەیری رووخساریم کرد. تیشکێکی رووناکی لە چاوەکانیەوە دەردەچوو. بەسەری پەنجەکانی یاری لەگەڵ ردێنی خۆی دەکرد و بە گرینگی پێدانەوە لێی پرسیم: چیتر. گوتم: لەوە زیاترم لەبیر نییە!!

باپیرەم بە هێواشی شانی جوولاندمەوە و گوتی: جا مامۆستاکەت چ لەبارەی سەفەر بەرلکەوە دەزانێ؟ لێم پرسی: بۆ زیاتر هەیە؟ باپیرەم وشەکانی قووت دایەوە و رۆخی ردێنە سپییە پاکەکەی خوراند و گوتی: زۆر شت هەیە!!. بە هەڵپەیەکی منداڵانەوە گوتم: بۆم باس بکە! باپیرەم زەردەخەنەیەکی کرد و سەرنجەکانی ئاراستەکردم و گوتی: کوڕەکەم گوێ لەو چیرۆکە بگرە کە هەموو سەردەمی سەفەر بەرلك کورت دەکاتەوە. ئەوەش کەس بۆی باس نەکردووم بەڵکو خۆم زانیومە و تیایدا ژیاوم. بە دوو چاوی ئەبڵەق لە باپیرەم روانی. لایەکی عەباکەی خستەوە سەر شانی و زەردە خەنە جوانەکەی نەما و گوتی: لەو شارەی ئێمەدا و لە رۆژانی سەفەر بەرلکدا دزێکی بەناوبانگ هەبوو ناوی سلێمان ئەزمیرلی بوو. تا بڵێی بەهێز و زەبر و زەنگ بوو. ترس و لەرزی لە دڵی هەموو خەڵکی شارەکە چاندبوو. ئەو پیاوە ماڵی کەس و کۆگا و دووکانەکانی نەدەدزی. رێگای لە کەس نەدەگرت. بەڵکو تەنیا تەرمەکانی رووت دەکردەوە و پارەی لە خاوەن مردووەکان دەستاند. مردنیش ئەو رۆژگارە زۆر بلاو ببۆوە. هەر کاتێك تەرمێکیش لە مزگەوتەوە بۆ گۆڕستان ببرایە. سلێمان ئەزمیرلی رێگای پێ دەگرت و لە بەردەم تەرمەکە و تەرم نێژەکان دەوەستا و بە هەموو هێزی خۆی هاواری دەکرد تەرمەکە داگرن پیاوەکانیش تەرمەکەیان لەسەر زەوی دادەنا تاوەکو هەندێ پارەی وەر نەگرتایە رێگای نەدەدا تەرمەکە بۆ گۆڕستان ببەن. هەر خۆشی بڕی پارەکەی دیاری دەکرد کە

بەپێی پلەو پایەی مردووەکەو کەس و کارو خانەوادەکەیدا دەگۆڕا. بەمجۆرە. . . . . منیش بەدەم باوێشکەو ە قسەکانم بە باپیرەم بڕی و لێم پرسی: ئەی بۆ سکالاتان لەلای فەرمانڕەوای شار نەدەکرد؟ ؟

باپیرەم ئەمجارە زۆر بە قوڵی پێکەنی. کە بووە مایەی سەر سوڕمانم، سەری خۆی راوەشاند و گوتی: رۆژێکیش هات خەزنەداری شارەکەمان کۆچی دوایی کرد. کە پیاوێکی بەتەمەنی دەست پاك و خێر خواز بوو. خەزنەکەشی پڕ بوو لە خشڵ و پارە. هەر ئەو رۆژە چەندین پیاو ماقوڵی شارەکە روویان لە بارەگای والی کردو چاویان بە والی کەوت و پێیان گوت: ئەی والی گەورەمان پیاوە باش و خەزنە دارەکەمان کۆچی دوایی کرد. کێ لە جێگای ئەو دادەمەزرێنی؟ والی بێ سێ و دوو کردن گوتی سلێمان ئەزمیرلی دەبێتە خەزنەداری شارەکەتان. هەندێك لە شوێنی خۆیان راچڵەکین. هەندێکی تر زەردەخەنەیەکیان کردو چاو پێ کەوتنەکە کۆتایی پێ هات. پیاو ماقوڵەکان بارەگای والییان جێهێشت و گەڕانەوەو یەکسەر چوونە لای سلێمان ئەزمیرلی و بڕیارەکەی جەنابی والییان پێ راگەیاند و پێیان گوت تۆ لەمەودوا بوویتە یەکێك لە ئێمە و کرایتە خەزنەداری شار هەڵسە بچینە مزگەوت نوێژی شێوانمان لەگەڵ بکە و بەیانی خەزنەکە وەرگرە. سلێمان ئەزمیرلی کە هەواڵەکەی بیست کەمێك سەری راوەشاند و دوای تاوێك بیر کردنەوە پێی گوتن: نەخێر ئێستا نا. بەیانی خەزنەکە وەرناگرم بۆ دوو بەیانی دوای دەخەم، ئەوانیش پەرتەیان لێکرد و بەرەو ماڵ بوونەوەو پێیان وابوو ئەو بەیانی تەرمەکەی خەزنەداری کۆچکردوو رووت دەکاتەوە و بۆ دوو بەیانی پۆستەکەی وەر دەگرێ. باپیرەم جارێکی تر پشیەکی خواردەوەو جێ گۆڕکێی بە هەندێك لەو پۆڵە ئاگرانە کرد کە هێشتا لە ناخی سۆپا قوڕینەکەدا دەدرەوشانەوە. زەردەخەنەکەی هەموو رووخساری گرتەوەو درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: لە رۆژی دواتر تەرم نێژەکان لەگەڵ تەرمی خەزنەدار ە پیاو چاکەکۆچ کردووەکەدا بەڕێ کەوتن. بەلاّم وەکو جاران لە ناوەڕاستی رێگای نێوان مزگەوت و گۆڕستاندا سلێمان ئەزمیرلییان لێ دەرکەوت. بەسەریدا قیژاندن بوەستن، ئەوان هەموو واتێ گەیشتن داوای پارە دەکاو کەوتنە گەڕان بە گیر فانەکانی خۆیان تاوەکو هەندێ پارەی بۆ کۆبکەنەوە . بەلاّم ئەو دەستی بەرز کردەوەو گوتی سەری تەرمەکە هەڵدەنەوە. ئەوانیش فەرمانەکەیان بەجێهێنا. سلێمان ئەزمیرلی دەمی لە گوێی مردووە پێچراوەکەی ناو دارە مەیتەکە نزیك کردەوە و چەند وشەیەکی بە گوێیدا چرپاند. کە نەکەس گوێی لێ بوو نەکەسیش تێی گەیشت. ئینجا فەرمانی پێکردن تەرمەکە داپۆشنەوە و هەڵیگرن و رێگای خۆیان بگرن و بڕۆن!!!

ئارەزووی زانینی کۆتاییەکە لە ناخەوە دەیخواردم. بە گوێ پێ نەدانێکی منداڵانەوە هاوارم کرد: هیچ پارەی لێ نەستاندن؟

باپیرەم پێکەنی و سەری خۆی راوەشاند و گوتی: نەخێر هیچی لێ نەستاندن. لێیان پرسی ئەی گەورەمان پارەت ناوێ؟ گوتی نەخێر هەرگیز پارەم پێویست نییە. خەڵکەکە بە سەرنجێکی پر لە سەرسامی لە یەکتریان روانی و پێیان گوت: لێرە نارۆین تا پێمان نەڵێی چیت بە خەزنەداری کۆچ کردوو گوت؟ سلێمان ئەزمیرلی گوتی پێم گوت براکەم تۆ لەو دونیا بەسەر چووە دەر چوویت و چوویتە دونیایەکی تر کە هەرگیز تەواو نابێ و کۆتایی نییە. چوویتەماڵی نەمریی. لەوێ چاوت بە پیاو چاکان و راست گۆیان دەکەوێ. پێیان بڵێ لەوێ لەو دونیا بەسەر چووە سلێمان ئەزمیرلی بووەتە خەزنەداری وڵات!

باپیرەم دوای ئەوە بێدەنگ بوو. سەری خۆی دانەواند هیچ ئاسەوارێکی زەردەخەنەو دڵخۆشی بەسەرو چاوەوە دیار نەما . بەبێ هیچ ئارەزوویەکیش خۆم بینی بە پێوە وەستاوم و لە باپیرەم نزیك کەوتوومەتەوەو لێم پرسی: چیتر؟

باپیرەم ئەوجارە پێکەنی و گوتی: ئەی بەس نییە کوڕەکەم؟

منیش گوتم: باپیرە ئەو چیرۆکە بۆ مامۆستاکەمان دەگێڕمەوە. چونکە نایزانێ. ئەو دەمێك بێدەنگ بوو. سەرنجێکی پڕ سۆزی ئاراستەکردم و دەستەکانی بۆلای من درێژ کرد و جارێکی تر بە سینگە گەرمەکەی خۆی نووساندم و پەنجەکانی منیش بە خۆشیەوە یاریان بە مووی سینگی و ردێنە پڕەکەی دەکرد و لە ناوی دەگەڕان. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

سەرچاوە:رۆژنامەی کل العراق ژمارە ٦٦٤ لە ٢٠٠٨/١/١٥

# بنەماڵەی بیتمۆنی

چیرۆکی:نازم موهەننا

بنەماڵەیەکی ئارامی بوون، نەکۆچیان کردوو، نە لەناوچوون، ئەندامـەکانی هـەر لـە نـاو خەرابەکانی ناو جەرگەی شاردا دەژیان، بەدروست کردنی چـەقۆ و پـەروەردەکردنی کەروێشـك بوون. منداڵەکانیان نەیانتوانی هیچ شتێك فێربن، هیچ کامیان قوناغی سەرەتایی خوێند نیان نەبڕی، زین — براگەورەیانە، لە شمشێرێکی ژەنگ گرتوو دەکا، سێ ژنی هێناوە و (١٣) کوڕی هەیە، خاوەن دووکانێکی بچووکە چەقۆی تیا دروست دەکا، هێسـترێکی هەیـە لەبـەر دەمـی کۆگاکە دەیبە ستێتەوە، لەباری هەموو شتێکەوە لەگەڵی دەدوێ، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ ژن و منداڵەکانیشی ناکۆك بێ، بەهیچ کەسێکی ڕاناگەیەنێ تەنیا هێسترەکەی نەبێ. هـیچ کەسـێ لە دانیشتوانی شارۆچکەکە ناتوانن لەبەر میزاجە توندو تیژەکەی لەبەردەم دووکانەکەی (زین) زەردەخەنەیەك بکەن. چونکە کاتێك تووڕە دەبێ ئەگەر هیچ کەسێکی دەست نەکـەوێ شـەڕی لەگەڵدا بکا ئەوە بەردەبێتە گیانی هێسترەکە کە پشتی بووەتە کێڵگەی برین. کاتێـك (زیـن) داواکاریەکی پێشکەش شارەوانی کرد بۆ ئەوەی مۆڵەتی دووکانەکەی پێ بدەن، داوایان لێکرد ناوێك لەدووکانەکەی بنیٚ. ئەویش تووڕەبوو بەفەرمانبەرەکـەی گـوت: دووکـانی هێسـتر بـۆ دروستکردنی چەقۆ!!

فەرمانبەرەکە ڕقی هەڵساو بەتووڕەییەوە پێیٚ گوت: - ئەو کاغەزە بگرەو ناوی دووکانە کەتی لەسەر بنووسە!! زین کە بە ئەستەم دەیزانی بنووسیٚ، بەدەست خەتێکی شێواوەوە نووسی

(( دووکانی شەڕ بۆدروستکردنی چەقۆ!!)). بەفەرمانبەرەکە بەزەردە خەنەیەکەوە سەرێکی بۆ لەقاندو پێی وابوو پیتێکی بیر چووە، بۆیە پیتەکەی خستەدواوەی وشەکە و کردی بە (شەڕەف )، هەرچەندە ئەو ناوە بەدڵی زین نەبوو، بەڵکو پێی وابوو فەرمانبەرەکە نەفامە وا دابنیٚ دووکانێك بۆ شەڕەف هەیە! بەلاّم ناوەکە بەمجۆرە بەسەر دووکانەکەی (زین) داسەپێنراو بۆی تۆمار کرا. ئەویش ڕووی لە هێسترەکە ی کردو گوتی: - ئەو خوێندەوارە چەند گێلە!!

هێسترەکەش وەکو ڕازی بوونێك سەری بۆ لەقاند. لەماڵەوەش بانکی یەکێك لەکوڕەکانی بنەماڵەکەی کرد و داوای لێکرد دوا پیتی ناوی دووکانەکەی بسڕێتەوە. بەم شێوەش شتەکان دواجار بەدڵی ئەو دەرچوون.

ئێوارەش هۆکارەکانی ئەو ناوگۆڕینەی بۆ هێسترەکەش روون کردەوەو پێی گوت: -

چەقۆکان هەر لەدێر زەمانەوە بە(شەڕ ) ناسراون. هێسترەکەش وەکو پشتگیری کردن و بۆ دڵخۆشی زین - ی خاوەنی سەری جوولاّندەوە و بایەکی بەهەوادا بەردا، لەخۆشی ئەوەی کە خاوەنەکەی توانیبووی فەرمانبەرە نەزانەکە فریوبدا. زین پییٚ وابوو خەڵکی شارۆچکەکە لەو پەڕی خرا پێدان و هەموو نامۆیەکیش جێگای متمانەیە، بەهێسترەکەی گوت: تۆ دەزانی ئێمە لەبنەماڵەیەکی کۆنین، ئێمە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو شارۆچکەیەین، کە چەشنی کێڵگەییەکی کوولەکە گەشەی کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا لە هەژاراترین بنەماڵەکانین، لێرە تائێستا تەنیا دزەکان دەوڵەمەندیان دەست دەکەویٚ، چاوەکانی بۆ هێسترەکەی نوقاند هەرچەندە ئەو لەو ڕستەیەی دوایی نەگەیشت!!

پاشان گوتی: ئەی هێسترەکە لەوانەیە وات بەخەیاڵدابێت ئێمە شایانی ئەوە بین کەبەسەرمان هاتووە. بەلاّم نەکەی وامەزەندە بکەی، کە ئێمە دیوارمان نزم بیٚ. چونکە سەرباری هەژاریمان هێشتا خوێنی باپیرە پادشاکانمان بەدەمارەکانماندا دەسووڕێتەوە. حکومەتیش هیچ حسێبمان بۆ ناکا، چەندین جار هەوڵیاندا ئەو خرابەیە بڕووخێنن و دەستی بەسەر دابگرن تۆش دەزانی چیی ڕوویدا، بەڕووی پارێزگاردا ڕاپەڕین، من خۆم چوومە لای پارێزگار و کەروێشکێکی سەربڕاوم لەسەرکۆسپەی دەرگای ماڵەکەی دانا، ئەویش لە پەیامەکە

گەیشت و پاشەکشەی کرد. کاتێك بۆ هێسترەکەی دەدوا. پیاوێك هاتە ناو دووکانەکەی تاچەقۆیەك بکڕێ. زین لێی پرسی لەلادێی یا لە شار؟

پاوەکە گوتی: واپێناچێ من جوتیارم ؟

زین گوتی چەقۆیەکت دەدەمێ دەتوانی ڕدێنتی پێ بتراشی و مووی بەرتی پێ بکەی!! پیاوەکە پێکەنی وگوتی خوێنت زۆر شیرینە وەستا.

زین هەڵسایەوە وگوتی ئێستا لەسەر هێسترەکە تاقی دەکەمەوە، پێستی ئاژەڵەکی کەوتە لەرزین و خوێن لەژێر پێستی قەتیس ما، هەردوو پیاوەکە دەستیان کردە پێکەنین و زین- یش چەقۆکەی دایە پیاوەکە و ئەویش یەکسەر نرخەکەی پێدا، لەهەمان شەودا، کەزین ڕاهاتبوو زوو بخەوێ. لەخەو هەڵسا و لە نێوان خەرابەکاندا و بەئاڕاستەی شارۆچکەکە کەوتە ڕاکردن و هاواری دەکرد. . هێسترەکەیان دزی، نەوەکانی سەگ، دزیان،. . . . . . .

ژن ومندالاَن ترسان، بەلاَم زین هەر بەخەوتووییەوە ڕای دەکرد و بە چەقۆیەکەی دڕی بەتاریکی شەو دەدا، پیرەمێردێك کەپشتی بەدیوارێکەوە دابوو گوتی: هەندێك ئاو بەسەرچاوی دابکەن باوکیشی بەمجۆرە لەخەودا دەڕۆیشت، بەلاَم کەس نەدەوێرا نزیکی بکەوێتەوە کە ئەوها لەخەودا ڕایدەکرد. تاساتمەی لە سەکۆی یەکێك لەماڵەکان کرد و هەستی بە ئازار کرد و بەئاگا هاتەوە و گەڕایەوە لای هێسترەکە، هەر کە ئاژەڵەکەی لەشوێنی خۆیدا بینی، بەربووە گیانی هێسترەکە و دەیگوت بۆیە لێت دەدەم تاوەکو جارێکی دیکە نەیەتە خەونمەوە. . . . . . . . . . . !!

※ سەرچاوە:گۆڤاری المدی ژمارە (٢٩) ساڵی ٢٠٠٠
ل ٨٨ - ٨٩

# چاوەڕوانی

چیرۆکی: پیتەر ئەشتام

لەسەر جانتاکانمان و لەسەر شۆستەی وێستگەکە دانیشتبووین. دوای ئەوەی من و دانیال کراسەکانمان داکەند. بەشی سەرەوەی لەشمان بە رووتی مایەوە. ئێمەش چاوەڕوانی هاتنی شەمەندەفەرەکەمان دەکرد. مریانا پانتۆڵێکی جێنزی پارچە پارچەی لەبەردا بوو، بەشی سەرەوەی بیکینیەکەی سینگی داپۆشیبوو. ئارەقە لە لەشماندا دەتکایەوە، بنمیچە تەنەکەکە لەتاو گەرمادا تەقە تەقی بوو. لەسەر هێڵە ئاسنینەکانیش هەوا گەرمەکە بریسکەی دەدایەوە. چاودێری وێستگەکە گوتی شەمەندەفەرەکە لەکاتی خۆیدا ناگا. پاشان گوتی بەلای کەمەوە دوو کاتژمێر لە وادەی خۆی دوا دەکەوێ. ئێمەش تووشی هیچ حاڵەتێك نەبووین بەڵگەی بێزاری و تووڕە بوون بێ. بەڵکو پێمان وابوو موعجیزەیە شەمەندەفەر لە ژێر پلەیەکی گەرمای لەمجۆرەدا بڕوا.

مریاناگوتی: موخابنە هیچ مۆسیقایەکمان لانییە گوێی لێ بگرین. گازینۆی وێستگەکەش داخرابوو دانیال گوتی: دەچمە گوندەکە تا ئایس بێنم. ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە. لەدواییدا کە گەڕایەوە ئایسەکە لەتاو گەرمادا توا بۆوە. بۆیە پارچە پارچە قووتمان دا. چاوەڕوانی کردنەکەمان کاتژمێرێکی نەخایاند گوێمان لە فیکەی شەمەندەفەرێك بوو لەدوورەوە بە تیشکە زەردەکەیەوە نزیك دەکەوتەوە وا دەردەکەوت کە لەسەر شیشەکانی هێڵەئاسنینەکان مەلە بکاو بەهێواشی بەرەو لای ئێمە دەهات. لەو کاتەی کە شەمەندەفەرەکە دەگەیشتە ناو وێستگەکە چاودێری وێستگەکە بەکراسە قۆڵ کورتەکەی و کلاوەکەی سەریەوە لە نووسینگەکەی هاتە دەرەوە. قیژەی دەنگی ستۆپ کردنی شەمەندەفەرەکە زۆر بەرز بۆوە.

گالیسکەکانی کۆن بوون و بەڕەنگی سپی بۆیە کرابوون. لەسەر تەنیشتەکانیشی دروشمی خاچی سوور وێنە کێشرابوو. پەنجەرەکانی شەمەندەفەرەکە پەردەکانیان داگیرابوو بۆ ئەوەی رێگە لە تیشکی خۆر بگرن. دوای وەستانی شەمەندەفەرەکەش قیژەی ستۆپکردنەکەی نەما. شەمەندەفەرەکە وەستا و هیچ جموجۆڵێك رووی نەدا. هەموو شتێك وەکو پێش گەیشتنی بوو. تەنیا زەنگی تەلە فۆنەکەی نووسینگەی چاودێری وێستگەکە دە بیسترا. کە تا چاودێرەکە نەچووە ژوورەوە دەنگەکەی نەپچڕا. ئەویش لەسەر خۆ دەڕۆیشت و تا گەیشتە نووسینگەکەی بیستۆکەکەی بەرز کردەوە. لە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبیلەکانیش لە تەنیشت وێستگەکە پیاوێکی قەڵەو بە خێرایی دەهات بە دلەیەکی رەشی پۆشیبوو بەدەستەسرە سپییەکەی ئارەقەی نێوچەوانی دەسڕی. بەر لەوەی بگاتە شەمەندەفەرەکەش دەرگای یەکێك لە گالیسکەکانی بۆ کرایەوە ئەویش چووە ناویەوەو دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست.

مریانا گوتی: پشتت سوور بۆتەوە دەتەوێ بۆتی چەور بکەم؟ شووشەی کرێمەکەی دەرهێناو چاویلکەکەی خستە سەر لووتی بۆ ئەوەی بەتەواوی بیبینێ و کەوتە چەورکردنی پشتم.

دانیال پرسی: کێشەی ئەو شەمەندەفەرە چییە؟ پاشان هەڵساو بە درێژایی شۆستەی وێستگەکە شۆڕبۆوە. تا گەیشتە شەمەندەفەرەکە. کە گەڕایەوە گوتی: گالیسکەکانی شەمەندەفەرەکە پڕ نەخۆشن. شەمەندەفەرەکە تایبەتیە بۆ لۆرد دەچێ. کە سەیری شەمەندەفەرە سپیەکەشم کرد بینیم یەکێك لە پەردەکان کەمێك بۆ سەرەوە بەرز کراوەتەوە. لە کەلێنی درزە بچووکەکەدا. روخسارێك دیار بوو. توانیم بیبینم. کەسێك سەیرمان دەکا، پاشان پەردەکان یەك لەدوای یەك بەرز کرانەوە و کەسەکانی ناوی سەیریان دەکردین. هەندێکیان دەستیان لە دەرەوەی پەنجەرەکان بە بەرزکراوی دەهێشتەوە. بە شێك لە پەنجەرەکانی گالیسکەکانیش هیچ روخسارێکیان لێ دەرنەدەکەوت. پاشان بینیم ئەو مرۆڤانەی لەسەر تەختەدارەکان پاڵ کەوتوون زیندوون و دەجووڵێنەوە. پشت و سەرێکم لەسەر سەرینێك بینی. هەردوو قاچی ئەو مرۆڤەشم بینی کە خۆی دەسووڕاند، سەرجەم نەخۆشەکان بە بێ بێزاری و ماندوو بوون دە خولانەوە. وا دەردەکەوت بەدەست نەخۆشی و ئازارێکی توندی ژێر ئەو گەرما بەرزە بتلێنەوە. هەروەك زۆر لە ئێمەوە دوور بن لە رێگای یەکێك لە پەنجەرەکانەوە ژنە راهیبەیەکم بینی پۆشاکێکی رەنگ کراوەی لەبەردابوو کلاوێکی سپی باڵداری لەسەر کردبوو وەکو سەرکەوتوویەك دەردەکەوت، مریانا گوتی: تەنیا نەخۆشی تیایە. ئەوەی بیانبینێ

وادەزانیٚ لە ژیاندا بیکینیان نەدیتوە. لە چەور کردنی پشتم وەستاو پشتی لە شەمەندە فەرەکە کردو کراسێکی لەبەر کرد. منیش گوتم: وا دەردەکەویٚ گەرما لە ناو گالیسکەکانی شەمەندەفەرەکە بکوژ بیٚ. هەر ئەوەشە کە ئێستا چاوەڕوانی ئێمەش دەکا.

مریانا گوتی: تۆ پێت وایە نەخۆشیەکەیان پەتایەکی هەڵگرتبیٚ و بۆ ئێمە بگوازرێتەوە و ئێمەش وەکو ئەوانمان لیٚ بیٚ. منیش گوتم: باشە بۆ وا سەیرمان دەکەن؟ بێدەنگی باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشابوو هەندێك جار دەنگی کۆکەیەك دە بیسترا. جگەرەیەکی بۆ داگیرساندم. دانیال گوتی: هەندێك جار وا بیر دەکەمەوە کە ژیان بەمجۆرە ئاسانە ئەگەر مرۆڤ دووچاری نەخۆشیەك بیٚ و بزانیٚ دەردەکەی لە کویٚ دایە. مریانا پرسی: پێت وایە ئەوانەی ناو شەمەندەفەرەکە بە راستی وابیر دەکەنەوە؟ منیش گوتم: نا دروستیەکەی لە چی دایە ئەگەر بەمجۆر بیر بکەنەوە لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجۆرە بیر کردنەوەیە نەبە هانای کەسەوە دیٚ نە یارمەتی کەسیش دەدا. راستەوخۆ ئافرەتێك لەبەرامبەرماندا وەستابوو دەستە خاو بۆوەکانی لەپەنجەرەکەوە بۆ درێژ کردین پەنجەکانی وا دەجوولاندەوە هەروەك بیەویٚ پارچە پەڕۆیەك بپشکنیٚ. یا رێگا بدا گەردیلەکانی لم لە نێوان پەنجەکانیدا دزە بکەن. لە دواوەماندا دەنگێك بەرز بۆوە دەرگا تەنەکەکەی گازینۆی وێستگەکە بەرەو سەرەوە بەرز دەبێتەوە پیاوێك سەدریەیەکی سپی لەبەردابوو چەند کورسییەکی پلاستیکی هەڵدەگریٚ بۆ شۆستەی وێستگەکەی دێنیٚ کە لەکارەکەشی تەواو بوو لە گازینۆکەدا ون بوو، منیش شوێنی کەوتم مریانا لەوامەوە هاواری کرد: ئاو.

دانیال گوتی: بۆ منیش.

چاودێری وێستگەکە لە نزیك باڕەکە وەستابوو کەوا پێدە چوو لە رارەوێکی تەنیشتەوە هاتبیٚ و گوتی: یەك مردوو هەیە. بەسەر ئاماژەی بۆ شەمەندەفەرە سپییەکە کرد و گوتی لە گەرمایەکی وادا. کرێکاری باڕەکەش گوتی: یەکێك لە پورەکانم ( Gurtelrose ) یارمەتی داوە چونکە کاتێك لە لۆرد گەڕایەوە نە خۆشییەکەی پەڕیبوو، بەلاٌم کەس باوەڕی بەو موعجیزەیە نەکردو ئەمەش پورمی تووڕە دەکرد. داوای خواردنەوەم کرد چاودێرەکە گوتی: تۆ هێشتا لەسەرەتای تەمەندای کەلەو تەمەنی ئێستای تۆ بووم بیرم لەمجۆرە شتانە نەدەکردەوە هەموو خەمی من تەندروستییەکی باش بوو. ئەمەش گەورەترین دیاری بوو بۆ من، کە لە گازینۆکەش دەرچووم مریانا پیٚی گوتم: ئەوە دەزانم.

دەرگاکانی یەکێك لە گالیسکەکان کرابۆوە لە ژوورەوە پیاوێك وەستابوو پشتی لە ئێمە بوو سەدریەیەکی زەردی درەوشاوەی لەبەردابوو ئارەقە لەسەر ملی دەبریسکایەوە بەورییایەوە لە رێگای پەیژەکانەوە گالیسکەکەی جێهێشت، ئینجا تەرمێکی بەدوا داهات پیاوێکی تر بەسەدریەیەکی زەردەوە، لە دواییشدا پیاوە قەڵەوە بە دڵە رەشەکە لەگەڵ ژنە راهیبەکە دابەزین، نەخۆشەکانیش هەر سەیری ئەو کەسانەیان دەکرد کە بەوەستاوی لە تەنیشت شەمەندە فەرەکە مانەوە، ژنە راهیبەکەش بە نیمچە راکردنەوە بە تەنیشت گالیسکەکانی شەمەندە فەرەکەدا دە ڕۆیشت و هاواری دەکردو دەستی رادەوەشاند هەروەك مریشك دەربکا. هەندێك لە نەخۆشەکان سەریان لە پەنجەرەکان دەرکردبوو دانیالیش پێدەکەنی. پیاوەکەی ئەمبلانسی خاچی سوور تەرمەکەی هەڵگرتبوو. قەشەکەش لە دواوە شوێنیان کەوتبوو.

دانیال پرسی: ئاخۆ مردووەکان ئارەقەیان لێ دەتکێ؟ یا ئارەقەکە یەکسەر دەوەستێ؟ مریانا گوتی: هەمووبان ئەوەیان دەزانی لەو کاتەی کەسەریان لە پەنجەرەکان دەرهێنابوو. ئاخۆ ئەوە شتێکی ترسناك نییە؟ دانیال گوتی: هەر یەکە لە ئێمە دەبێ حسێبی خۆی بکا. چونکە هەمیشە زیانێك چاوەڕوانی دەکا.

مریانا گوتی: ئای لەو کارەساتە لێرە مرۆڤێك بەبەرچاوی ئێمەوە دەمرێ. لەو کاتەی کە پشتی تۆم چەور دەکرد کەلەبەر تینی گەرمای خۆرەکە سوور ببۆوە. منیش گوتم کە گەیشتینە ئێرە مردبوو هەر لەبەر ئەوەش لێرە وەستان. ئێستاش شەمەندەفەرەکە لەسەر خۆ دەجوولێتەوە.

مریانا گوتی: جا پەیوەندیی ئەمە بەوە چییە؟

کاتێك شەمەندە فەرەکەش بە هێواشی کەوتە جووڵە کردن سەرجەم نەخۆشەکان سەریان کێشایەوە دواوە و پەردەکان دادرانەوە.

مریانا گوتی: دەمەوێ بزانم کەی دەگەنە ئەوێ. پێتان وایە مەوداکە لێرەوە تا لۆرد چەند بێ؟

گوتم: نازانم. بێگومان بەر لەسبەی بەیانی ناگەنە ئەوێ.

دانیال گوتی: گەشتێکی دوورو درێژە، هەمیشە هەمووان بە رێگاوەن بۆ شوێنێك. تەنانەت نەخۆشەکان و مردووەکانیش کە دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان.

مریانا گوتی: شەمەندەفەرە پڕ نەخۆشەکە بە درێژایی شەو دەڕوا و خەڵکیش لە گوندەکە خەوتوون و نازانن چی لە دەورو بەریاندا روودەدا. . . . . . . . . . . . . . . . . .

پیتەر ئەشتام: نووسەرێکی سویسریە ساڵی ١٩٦٨ لە زیوریخ لەدایك بووە. زمانی ئینگلیزی و دەروونزانی خوێندوە. بەلاّم دواتر لە خوێندن دابڕا و لە ساڵی ١٩٩٠ خۆی بۆ کاری ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری تەرخان دەکا. لە پاریس و نیویۆرك و ولاّتە ئەسکەندنافیەکان نیشتەجێ بووە. چیرۆك و ڕۆمان دەنووسێ. گرینگترین بەرهەمەکانی ئەمانەن. حەوت ساڵ، بلێسەی بەفر. باخچە سەیرەکان. لە ڕۆژێکی وەکو ئەمەدا.

*لۆرد( Lourds )شارێکی فەرەنسیە دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوا و نزیك سنووری ئەسپانیا. بەیەکێك لە شارە پیرۆزەکان دادەنرێ. سالاّنە زیاتر لە ملیۆنێك کەس سەردانی دەکەن ئەوانەی کە بەدەست نەخۆشیەوە نیگەرانن و داوای چارەسەری دەکەن.

*لە ساڵی ١٨٥٨ دا و لەسەردەمی بیبر نادێت دا کە دووچاری نەخۆشی ڕەبۆ ( Asthna ) هاتبوو وە لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بوو مەریەمی پاکیزە دێتە خەونی و داوای لێدەکا کلێسایەك لەسەر ئەشکەوتێك دروست بکا بۆ ئەوەی پێشوازی لە کاروانی خەڵکی بکا و ڕێوڕەسمە ئاینیەکان بە جێ بگەیەنێ. لە جاری دووەمیشدا واتە ٢حەفتە دوای دەرکەوتنی یەکەم جاری. مەریەمی پاکیزە داوای لێدەکا لە ئاوی ئەشکەوتەکە بخواتەوە بەلاّم لەبەر ئەوەی زەوی ئەشکەوتەکە وشك و ڕەق بووەو یەك دلۆپە ئاوی تێدا نەبووە. بیر نادێت زەویەکە هەڵدەکەنێ و ئاوێکی پاکی لێ هەڵدە قوڵێ و بیر نادێت لێی دەخواتەوە و چاکدەبێتەوە.

*( Gurtdrose )نەخۆشییەکی پێستە و بەو مانایە دێ کە پەڵەی سوور لە لەشی نەخۆشەدا دەردەکەوێ پاشان دە بێتە پۆرگ و شلەیەکی تیا کۆ دەبێتەوە.

** سەرچاوە:www. adafan. com

# درۆزنەکە

چیرۆکی: دیدیە دینیك

دادوەرەکان یەك لە دوای یەك سوێندیان خوارد. پاشان سەرۆکی دادگای تاوانکاری ڕێگای بە نووسەری دادگادا بڕیاری پەساردن و تۆمەت بارکردن بخوێنێتەوە لەو کاتەدا کریستیان ئیریل لە نێوان دوو پۆلیسەکەدا دانیشتبوو. لەکاتی گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی کە بوونە هۆی کوشتنی نەعومی فیرێل ئەو تەنیا سەری دەلەقاند. کاتێك بانگی گەواهیدەرەکانیش کرا ئیفادەی خۆیان بدەن ئەو هەندێك جمو جوڵی ئەنجام دا تەنیا روحسووکی خۆشیان دەنواند. تەنانەت زەردەخەنەی بۆ هەندێك لە هاوڕێکانیش دەکردکە ناچار بوون ڕووی لێ وەرگێڕن. بە جموجۆڵە نەشیاوەکانی دڵگران بن. ئەو بەو کۆبوونەوەیە نامۆ بوو، هەر چەندە چارەنووسی تیا دیار دەکرا. گاڵتە کردنەکانی بوونە مایەی بێزاری خەڵکەکە کە چەندین مانگ بوو لە هۆکارەکانی ئەو تاوانەیان دەپرسیەوە. پۆلیسەکە هەنیشکێکی لێدا تاوەکو بە ئاگا بێ و گوێ لە وتەکانی سەرۆکی دادگا بگرێ: بوەستە ئەی تاوانبار!

دادوەر چاوەڕوانی کرد تاوەکو شوێنەکە هێمن بۆوە و بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. بەر لەوەی پرسیارەکانیش دەست پێ بکات: تۆ کریستیان ئالان جول ئەنتوانیت لە ٢٨ی نیسانی ساڵی ١٩٤٨لە مۆنیلیە لە دایك بووی. دوای سەرنەکەوتن

له خوێندنی نوژداریدا لـه بنکـەی مـارکیز لـه پـاریس کـاری یاریـدەدەری پزیشـکی بەیتەریت کردوە. بەر لەوەی بۆ خزمـەتی سـەربازی لـه تیپـی هەشـتی راوە دوونـانی چیاکانی ئەلْپ بانگ بکرێی. ئەو تاوانەی خراوەتـه پالْتـەوە لـه رۆژی دوای ئـەو کـۆ بوونەیەوە ئەنجام دراوە کە هەندێك لە هـاورێ ئازیزەکـانتی بەیەکـه کـۆ کردبـۆوە. وا نییە؟ تاوانبارەکە پشتی بـه کورسـی پارێزەرەکـانی داو گـوتی: بـەلْێ ئەنـدامی ئـەو کۆمەلْەیە بووم و ئێمە هەموو سالْێك لە هـەمان بـەروارو لـه چێشـتخانەی ئـەلبوتی سافویار لە مۆنمارتەر بەیەك دەگەیشتین. یەکێك لە کۆنترین راووە دوو نـەرەکان داوای کۆ بوونەوەی لێکردین کەلە دروست کردنی شـلەیەکدا زۆر شـارەزایە چـونکە چـەندین جۆرە مەوادی تێدەکا. پاشان گوتی دەتوانی ئەو وردە کاریـه بچـووکانە نەگێڕیتـەوە. بەتەواوی دوای خواردنی ئەو ژەمە چی روویدا؟ ژەمەکە سەرەتایەکی ناخۆشی هـەبوو. سێزدە کەس بووین لەسەر مێزەکە. منیش لە حالْەتی وادا هیچم بـۆ نـاخورێ. داوام لە بەڕێوەبەری چێشتخانە کرد لەگـەلْمان دابنیشـێ. بـەلاّم نـەیتوانی لەیـەك کاتتـدا لەچەند شوێنێك بێ. یەکێك لە ژنە میوانەکان کە بەتەنیا نـانی دەخـوارد خۆشـی بـه قسەکانی ئێمە هات و هاتە سەر مێزەکەی ئێمە.

- بەتەواوی لە چرکەیەکدا نەعومی فیریل- ت ناسی؟
- بەلْێ گەورەم ئەو لەتەك مندا دانیشت و رێزێکی زۆر لـه جوانییەکـەی نـرا.

وتی تەمەنم بیست سـالْە سەرسـامی جـوانی و گەنجێتیەکـەی بـووم، دوای ئـەوەی لـه چێشتخانەکە دەر چووین چـوینە هوتێلەکـە تـا کۆتـایی ئـەو رۆژە بەیەکـەوە بـووین. ئێوارە و کاتژمێر هەشت و نیو کاتێـك لـه ژوورەکـە سـەیری تەلـەفزیۆنم دەکـرد بـۆم دەرکـەوت کـه درۆی لەگەلْـدا کـردووم جانتاکـەی دەسـتی کرابـۆوەو سـەرنجێکی ناسنامەکەیم دا تەمەنی ٢٠ سالْ نەبوو بەلْکو ٢٥ سالْ بوو.

سەرۆکی دادگا نەیتوانی زەردەخەنەوشان راتەکاندنەکەی بشارێتەوە پاشـان گـوتی: ئەگە پێویست بووایە دەبوو هەموو ئافرەتان بکـوژرێن چـونکە درۆزنـن، نینۆکـەکانی کریستیان داری کورسیەکانیان روشاند و نیشانەی ترسێکی گەورە روخساری دا پۆشـی و گوتی: درۆیەك بە ٣٠ ملیۆن فرەنك. ٣ مليـار سـەنتیم. مـن حەفتانـه یـاری لۆتـۆ دەکەم. بەبەرواری لەدایك بوونم ٤٧/٣/٢٨و ژمـارەی شـوقەکە ٣٤ و پاشـان ژمـارەی تیپەکەم خستە سەری ٨ و ژمارە ١٣ی داوەت کراوەکان و ژمارە ٢٠ م بۆ زیادکرد کە

تەمەنی ئەو بوو. ئەگەرچی ژمارە ٢٥ بردیەوە. بۆیە ئەگەر ئەو بەڕاستی تەمەنی خۆی پێ بگوتمایە ئەوە دە بوومە ملیار دێر بەر لەوەی ئێستا لێرەبم!!

هەمان ئێوار بڕ یاری ٢٠ساڵ بەند کردنی بۆ دەرکرا ئەگەر چی داواکاری گشتی داوای کردبوو ٢٥ ساڵ زیندانی بکرێ. .

سەرچاوە: گۆڤاری العربی ژمارە ٥٤١ مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ دیدیە دینیك نووسەرێکی فەرەنسیەو عدنان محمود محمد کە ورگێڕێکی سوریە کردوویە بە عەرەبی.

# ڕەنگدانەوەی ژیان لەسیمای مرۆڤێکی نامۆدا

چیرۆکی: حوسێن ئەحمەد ئەمین

فەرمانبەرە کە دوای ئەوەی لەوەی دڵنیابوو کە کاغەز و بڕوانامەکان تەواون و هیچ کەموکوڕیان نییە گوتی: وێنەیەکی خۆتمان دەوێ، جانتاکەم دەرکردو وێنەیەکی خۆمم تیا دەرهێنا، فەرمانبەرەکەش پاش ئەوەی وێنەکەی لێ وەرگرتم کەوتە تێڕامانی، جارێك لەلای ڕاست وجارێك لەلای چەپ، بەرەو ڕووناکییەکە بەرزی دەکردەوە، چوار پێنج جار لەوێنەکە وردبۆوە و سەیرێکی کرد و لە ناکاوە وێنەکەی توڕهەڵدایە لای من وگوتی: ئەمە وێنەی تۆ نییە، هاوارم کرد: وێنەی من نییە؟ مانای چییە؟ . چۆن مۆڵەتی ئوتۆمبیلەکەم تازە دەکەمەوەو وێنەی یەکێکی تری لێ دەدەم: زۆر بەهێمنی سەرنجێکی قوڵی تێگرتم
وگوتی: گریمان وێنەی تۆش بێت، بەڵام لەسەردەمی نوح پێغەمبەرەوە گیراوە، وێنەیەکی تازەمان دەوێ، گوتم: وێنەکە تازەیەو لەسەردەمی نوحەوە نەگیراوە، مانگێك لەمەوپێش گرتوومە بەر لەوەی لەدەرەوە بگەڕێمەوە. سەیری مێژووەکەی بکە لەدواوە نووسراوە. فەرمانبەرەکە وێنەکەی لێ وەرگرتمەوە، مێژووە تۆمار کراوەکە ی پشتی خوێندەوە. بۆی گەڕاندمەوە وگوتی: مێژووەکە ی ڕاستە دیارە وێنەکە تازەگیراوە، بەڵام بەمەیان دەردەکەوێ وێنەی خۆت نییە، ئینجا گوتم: ئەی کەواتە وێنەی کێیە، ماجیدە ڕۆمیە؟
: مامۆستا کاتی خۆت و من ئەو هەموو خەڵکە بەفیڕۆمەدە کە لەو سەرە دوور و درێژەی دواوەت وەستاون، کەمێك لەوێنەکە وردبەرەوە دەفەرموو ئەو دوو ڕوومەتە پڕەی وێنەکە کوا

لەئەسڵیەکەیدا هەیە، ئەو روخسارە گۆڵ ئاسایە، کوا لەروخساری تۆزاوی تۆدەکا، ئەو دووچاوە برسکەدارەی وێنەکە، کوا لەچاوە خەواڵووە بێ تروسکەکانی تۆدەکەن؟ باسی زەردەخەنە و وێنەکەو تووڕەیی گرژی تۆ هەر ناکەم. چونکە زەردەخەنەو بێزاری دێن و دەڕۆن، بەلاّم ئەم روخسارە سوێند بەو خوا گەورەیە دەخۆم، روخساری تۆنییە، دەبێ تۆش دان بەو راستیە دابنێت لەسەرخۆ گوتم: من لەگەڵ تۆم لەو مانگەی رابردوو، پێش گەڕانەوەم لە ئەوروپا گۆڕانکاریەکی زۆر بەسەر سەروسیما مدا هاتووە. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە (٢) هەفتەم لە فەرمانگەی گومرگ بەسەر بردبێ. تا کەل پەلەکانم وەرگرتەوە، یا لەبەر ئەوە بووبێ کە لەهاتووچۆکردندا زۆر بەپاسەگشتیەکان گەڕابم . چونکە ئوتۆمبیلە تایبەتیەکەم کەبەڕێگای دەریاییەوە دەگەڕێتەوە هێشتا نە گەیشتۆتەوە ولاّت، یاخود دوور نییە لەبەر ئەوەبێ کەوا دوای دابڕانێکی زۆر ئێستا رۆژنامە ناوخۆییەکان دەخوێنمەوە، یاکاتێکی زۆر بەسەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بەسەردەبەم. بەگیانی باوکم، بەشەرەفم، بەگیانی کچەکەم، ئەمە وێنەی خۆمە و تەواو، پیاوەکە بەسینگ فراوانیەوە گوتی: لەوانەیە، بەلاّم ئێمە وێنەیەکی تازەمان دەوێ، وێنەیەك لەئەمرۆی خۆت بکا، پۆلیسی هاتووچۆ هەر کاتێك داوای مۆڵەتی لێکردی یەکسەر بتناسێتەوە . بەهەر حاڵ مۆڵەتەکەت هێشتا مانگێکی ماوە تەواو ببێ، بڕۆخوات لەگەڵ. لە فەرمانگەی هاتووچۆ دەرچووم یەکسەر خۆم کردە ستۆدیۆی وێنە گری، بێ گومان وێنەکەی ئەمجارە زۆر جێگای رەزامەندی فەرمانبەرەکە دەبێ، چونکە زیاتر گوزارشت لە واقیعی ئێستام دەکا، دوو روومەتی قۆپاو، دووچاوی قوڵ، لۆچە دیارەکانی نیوچەوان ولا روومەت و چەناگەم، باشە هەمووشتێك وەکو خۆیەتی، بەلاّم حەزم دەکرد، زیاتر دڵنیابم، وێنەکەم بەخێزانەکەم، منداڵەکانم، هاوڕێ و دۆستەکانی خۆم نیشان داو یەك بەیەك لە هەموویانم پرسی، خاوەنی ئەم وێنەیە دەناسن هەر هەموویان یەکسەر دەیانگوت خۆتی، دڵنیابووم، بەلاّم لە بەر سەر قاڵیم بە دۆزینەوەی خانوویەکی چۆل، نەمتوانی بگەڕێمەوە فەرمانگەی هاتووچۆ تا دوا رۆژی تەواوبوونی مۆڵەتەکەم بۆ ئەوەی کاتی راوەستانی سەرە دوورو درێژەکەی بەرپەنجەرەی فەرمانبەرەکەی پێ بەسەربەرم، کتێبێکی زلی دەستکەوتەکانی حکومەتە نیشتمانیەکەی خۆمانم خستە بن باخەڵم، کە گەیشتمە بەردەم پەنجەرەکە، سێ بەشی کتیبەکەم خوێندبۆوە، سوپاس بۆ خودا کە لە پەنجەرەکە نزیك کەوتمەوە، بینیم فەرمانبەرە هەراسان کەرەکەی جاری پێشوو نییەو و یەکێکی تر لەسەر کورسیە کەیەو مامەڵەکان لەخەڵکی وەردەگرێ، کە وێنەکەم دایە دەستی گوتی: مامۆستا تۆ گاڵتەمان

لەگەڵ دەکەی، مانگی رابردوو هاتی وێنەیەکی ترت هێنابوو، ئـەمڕۆش دێیـەوە هەمدیسـان وێنەی کەسێکی دیکەت هێناوە، یەکسەر زانیم مـن زۆر بەهەڵـەدا چـوومە کـە سـەرەتا وام زانیبوو فەرمانبەرەکە ی مانگی پێشوو نییە بۆیە گوتم: سوێند بێ بـەخوای مـەزن، بـەژیانی فاتیمەی کچم، ئەمەیان وێنەی خۆمەو مانگێك لەمەوبەر گرتوومە، مێژووی گرتنـی لەسـەر پشتی نووسراوە و ئەگەر دەتەوێ شایەدت بۆ دێنم، کەوا ئەمـەیان بەراسـتی وێنـەی خۆمـە، کەمێك بەگاڵتە پێکردنەوە سەیری کردم، پاشـان بـانگی پیاوەکـەی دواوەمـی کـردو گـوتی: مامۆستا بەیارمەتیت تۆ گەواهی دەدەی، کەوا ئەم وێنەیە وێنەی ئەم کابرایـە بێـت کـە لـە بەرامبەرت وەستاوە؟ !. مامۆستاکە سەیری وێنەکـە کـردو تێـی ڕوانـیم، پاشـان لەوێنەکـە وردبۆوە و ڕووەو ڕووناکییە کە بەرزی کردەوە، ئینجا بـە پێچـەوانەی ڕووناکییەکـە رایگـرت، چاوەکانی بچووك کردەوەوبەتوندی گوتی: نەخێر وێنەی ئەونییە، لەوانەیە خزمایـەتی لـەنێوان ئەو دووکەسەدا هەبێ، یا وێنەی کوڕەکەی بێ. بەلاّم بـڕای بـڕ وێنـەی خـۆی نییـە، وێنـەی کوڕەکەم ئەی گێلە؟ مامۆستا ڕێز لەخۆت بنێ، وێنەی کوڕەکەم؟ ئەم برا فەرمانبەرە پرسیاری لێکردم و منیش ڕای خۆمم پێ گوت، گوناهی من چییە. تەنیا تێبینی ئەوەم کرد وێنەی قژی خاوەن وێنەکە رەشە، قژی تۆ سەرتاپا سپییە، جا یا وێنەی هەرەتی لاویی خۆتە، یاکوڕەکەتە ٬ لە دڵی خۆمدا گوتم بەخوا قژم تەنیا لەبەر ئەوکردەوە ناڕوایانەی ئیۆە سپی بووە ئەی گـەوجی نەفامینە، بە دەنگێکی نزم و لە سەر خۆ و زۆر بە ئە دەب و دان بەخۆدا گرتندا گوتم: راسـتە من ئەمڕۆ زۆر لە کاتی ئەم وێنە گرتنە هیلاك تر دیارم، بەلاّم چاوەڕوان بووم لێم ببوورن چـاو لەو هەموو گۆڕانکاریەی سەر و سیمام بپۆشن، لەتێکچوونی لاشەو تەندروسـتیم خـۆش بـن، بەتایبەتی کاتێك کەپێتان ڕابگەیەنم، بەدرێژایی مانگی رابردوو لە دوای خانوویەکـدا گـەڕاوم بەنرخێکی گونجاو، بەلاّم تائیستا دەستم نەکەوتووە. فەرمانبەرەکە گـوتی: ئەمـەیان کێشـەی خۆتە و پەیوەندی بەئێمەوە نییە، وێنەیەکی نوێی تۆمان دەوێ، تائەگەر پۆلیس لەشەقام رات بگرێ یەکسەر بتناسێتەوە، بە هەرحاڵ مەسەلەکە مایەی بێـزار بـوون نییـە، چـونکە تـەنیا غەرامەی دوا کەوتنت دەکەوێتەسەر. کتیبە زالەکەم خستە بـەرمیلی زبڵدانـەوە و چـوومەوە هەمان ستۆدیۆکەی بەرامبەر دەزگای هاتووچۆ، کەمانگی رابردوو وێنەیەکی ترم لەلا گرتبوو، کابرا نەیناسیمەوە و شوێنەکەی زۆر جەنجاڵ بوو، چەندین میوانی گـەڕاوەی دەرەوە، بـۆگرتنی وێنەیەکی تازە لەستۆ دیۆیەکە گردببوونەوە.

هەر لە بەر ئەو جەنجاڵیەش کابرای وێنەگر، وادەی دەرچوونی وێنەکەی بۆ(٣) هەفتەی تر دواخست، نەوەك دوای چوار رۆژ: هەروەك لەمانگی پێشوودا پێی راگەیاندم. بەراستی خـەمی گەورەم لـەم سـێ هەفتەیـە ئـەوەبوو بـەپێی توانـا لـە تووڕەبـوون و گـرژی و پەسـت بـوون دووربکەومەوە هەوڵ بدەم وێنەکەم لەواقیع نزیك بێ و ئەمجارە بەراستی لەخۆم بکا. مەسەلەی گەڕان بەدوای خـانووم دواخسـت، دەسـتم لەخوێندنـەوەی رۆژنامـەکان هـەڵگرت، پشـتم لـە هاوڕێیەکانم کرد، کاتێك زانیم لەمەسەلەی داخستنی رۆژنامـەکان وگـل دانـەوەی کتێبـەکان دەکۆڵنەوەو هەر خەریکی ئەو مەسەلەیەن بەتوندی بەرووی خێزانەکـەما هەڵشـاخام، کاتێـك مەبەستی بوو سەبارەت بە نەخۆشی منداڵانی قوتابخانەکان، لەبەر ژاراوی بوون بدوێ، چـونکە خواردنی بۆ گەنیان پێ دەدرێ. بە منداڵەکا نم گوت لەم مانگە لیستی تـازەی ئـاوو کارەبـام پیشان نەدەن. هەموو ئەندامانی خێزانەکەم ئاگادارکردەوە،تامۆڵەتەکەم تازە نەکەمەوە میلـی رادیۆو تەلەفزیۆن بانەدەن. بەکورتی هەموو پەیوەندیەکەم لەگەڵ جیهانی دەرەوە پچڕاند، بەڵام سەرباری گشت ئەوانە کەوێنە کەم وەر گرت بینیم جیاوازیەکی زۆر لەنێوان خـۆم و وێنەکـەدا هەیە. لە وانەیە هۆی گەنجیەتی وێنەکەشم بـۆ ئـەوەبێ کـەوا وێنـەگرەکان چـەندگۆڕانکاریەك دەخەنە وێنەکان، لۆچەکانی سەروچاو لا دەبەن و مرۆڤ گەنجتر دەردەکەوێ. بـە هـەر حـاڵ زۆر بەخەمباری گەڕامەوە ماڵەوەو بەتەمابووم بەمەرەکەبی رەش چەن لۆچـێك بـۆ وێنەکـە زیـاد بکەم. یا تاریکیەکی پتر لەدەوروپشتی چاوەکانم دروست کـەم، یاتارمـایی ئـەو زەردەخەنەیـە بشارمەوە کە لەلای چەپی دەمـەوە دیـاربوو، هەوڵمـدا ئێسـقانی روومەتـەکانم دەر بکـەوێ. هەموو تروسکاییەکانی چاوەکانم بزر بکـەم. بـەڵام هەوڵـەکانم بـە فیڕۆچـوون، بـەڵکو بوونـە کارەسات وکارەکە وادەرکەوت کەتەزویر کردنێکی بەئاشکرای کاغەزی رەسمـی بێـت. خـەریك بوو تەواو و نائومێدبم، تـا بیرۆکەیەکـەم بـۆ هـات، بەراسـتی رەوانییـە مـن لـەو بازنەیـەدا بسووڕێمەوە. تاهـەتا یـە لـەنێوان سـتۆدیۆ و فەرمانگـەی هاتووچـۆدا ئـەملاو ئەولابکـەم. بەتایبەتی کاتێك کەترووسکایی خۆشی و ژیان هەفتە بە هەفتە و رۆژ لەدوای رۆژ لەسیماداون دەبوو، کەواتە کارەکە پیۆستی بە چارە سەرێکی بنەڕەتی هەیە، بیرم کەوتەوە جاران زۆرکەس پێان دەگوتم کەوا وێکچوونێکی زۆر لەنێوان من و دایکی خوالێخۆش بووم هەیە، منیش چەند وێنەیەکی کاتی سەرەمەرگی دایکمم لایە، کەماوەیەك بەر لەکۆچ کردنی گرتبووم، هەرچـەندە دایکم لە تەمەنی (٨٠)ساڵیدا بە نەخۆشی شێر پەنجە سـەری نایـەوە، زۆر لەوێنەکـە گـەڕام

تادۆزیمەوە، هەمان وێنەی دایکم رۆژی دوایی بۆ فەرمانگەی هاتوو چۆ بردو لەگەڵ کاغەزەکان پێشکەشم کرد. فەرمانبەرەکە چەند چرکەیەك وردبۆوەو گوتی:

ئێستا ئەوە وێنەی خۆتە.

- بەڵێ

- بەڵام.

- بەڵام چیێ؟

- ئەو گوارانە چین لەگوێتدا؟

گوتم: ئەو گوارانەم لەوێنەکە بۆ گاڵتە و خۆش کردوتە گوێ!!!

فەرمانبەرکە زەردەخەنەیەکی کردو مامەڵەکەی لێ وەرگرتم وەرەزامەندی لەسەر تازە کردنەوەی مۆڵەتەکەم نیشان دا. . . . . .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

* سەرچاوە رۆژنامەی الحیاە ژمارە ١٣٥٦٨
رۆژی ٥/ئاخۆری /٢٠٠٠
چیرۆکنووس و نووسەریکی میسریە.

# کرێکاری کارەبا

چیرۆکی: سیلستین نیت

کرێکارەکە بۆ سێیەمین جار بۆی روونکردەوە گوتی: مـن بەرپێوەبـەری کۆمپانیـانیم، لـەو قسەیە دەگەی؟ ئەرکی من برینی تەزووی کارەبای ئەوانەیـە کـەپارە نـادەن. ئێـوەش پـارەی کارەباکـەتان نـەداوە، منـیش دەمـەوێ لەسـەرکارەکەم بمێنمـەوەو دەرنـەکرێم. ئافرەتەکـە لەناوەڕاستی تەمەندابوو، بەئەستەم لەمەسەلەکە دەگەیشت، ئەو شتانە کاریانی لێ نـەدەکرد، کە کرێکارەکە باسی دەکردن، بەڵکو هیچ بیانوویەکی نەدەبینی رێگا بەکرێکارەکە بدا کارەبای ماڵەکە ببڕێ، شەوێ زنجیرە درامـای دالاس لـە تەلـەفزیون نیشـان دەدرێـت، کـە ئـەو هـیچ ئەڵقەیەکی ئەو زنجیرەیەی لەکیس نەچوو بوو: ناتوانی کارەبای ئێمە ببڕی، بۆکارەبای ماڵەکـەم دەبڕی، بۆ؟

کرێکارەکە ئارامی لێ بڕابوو، بە تووڕەییەوە: بۆ، بۆ، تۆ دەیزانی بۆ دەیبڕم

لەبەر ئەوەی پارەت نەداوە، ئەوە کۆمپیوتەرەکە وادەڵێ، کاتێك هەموو پارەکەش دەدەی، دێم کارەباکەت بۆ دەبەستمەوە، بۆیە ئەگەر پێت ناخۆش نییـە، وەرە بەلایەکـدا، کـارم زۆرە، دەبێ تەواوی بکەم. ئافرەتەکە لەشوێنی خۆی نەجووڵایەوە، چەشـنی پاسـەوانێك لەبـەردەمی سندووقی کارەبایەکە وەستا، تاکە رێگاش بۆ گەیشتن بە سەندووقەکە پاڵنانی ئافرەتەکـە بـوو بۆ لایەك، بەڵام ئافرەتێکی تـووڕە و کەتـەبوو کرێکارەکـەش لـەڕولاواز، بۆیـە دەبـوو هێـور ببێتەوە، . . . هەرکاتێك لەڕادیۆ تایبەتیەکەوە بانگەوازێکی بۆ دەهات، هیوای دەخواست و بە ئومێد بوو، هیچ کەس لە دانیشتوانی ماڵەکان نەبینێ، بەڵام واپێدەچوو زۆربـەی ئەوانـەی پارەی کارەبا نادەن،ئـەو رۆژە بـۆ سـەیرکردنی تەلـەفزیۆن و خـواردن و خواردنـەوە و نووسـتن لەماڵەکانیان مابوونەوە و هیچ کارێکیان نەبووبێ، هەر ئـەو کەسـانەش هەمیشـە تـەنگ و

چەڵەی بۆ بەرپادەکەن، ئەو ژنە لەوانی تر جیانەبوو بەلاّم وای لێها تبوو قبوڵ نەدەکرا. . . . . بیری لەوەکردەوە بەپێی پێویست رەفتاری نەکردووە و توند نەبووە، شێوەکەی هی ئەوە نەبووە رێزی لیّ بنریّ. ئەگەر وەکو ئەوگران بووایە، هەرگیز ئافرەتەکە نەیدەتوانی کاتی بەفیڕۆبدا لەوانەیە بۆئەوکارە زۆر بچووك بێت، هیوای ئەوەی دەخواست فەرمانبەری کۆمپیوتەر بووایە، کەش و هەوایەکی خۆش لەبەشی کۆمپیوتەر هەیە، ئەوان هەمیشە پێدە کەنن، ئەو هەرگیز لەمیانی کارەکەیدا زۆر پێنەکەنیوە، کرێکارەکە لە ئافرەتە وردبووەوە کەهێشتا لە بەردەمی سندووقی کارەبا یەکە وەستابوو، بیری کردەوە، دەبوو ژنەکە هەڵوێستەکەی بۆ روون بکاتەوە:

پێت رادەگەیەنم بۆ پارەی کارەبام نەداوە، ئینجا بەپەلە وتی: مووچەی پیاوەکەم لەدوای نیوەڕۆی رۆژی هەینی وەردەگرم، کچەکەی لەفەرمانگەکەدایە دەمناسیّ بەبیّ گرفت زەرفی پارەکەم پیّ دەدا. بەلاّم رۆژی هەینی رابردوو دەبوو سەردانی پوورە ستیلا بکەم، کە نەخۆشە چووم منداڵەکانم بردە لای تادڵی پێان خۆش بیّ، هەروەك دەزانی کاتێك گەڕامەوە ماڵەوە، کاتژمێر لە ٩ تێپەڕی کردبوو، پیاوەکەم تابڵێی مەستبوو، وەکو شێت پەلاماری دام، چونکە هیچی لەماڵەوە دەست نەکەوتبوو بیخوات پیاوەکەم گێلە، ویستم پارەی کارەبای بۆ باس بکەم، بەلاّم ئەو پیاوێکی زۆر سەیرە نایەویّ رۆڵی خاوەن ماڵ بگێڕیّ، ئەرکی ئەوە بیر لەپارەی کارەبا بکاتەوە، پێم وت: بێگومان، کەواتە تۆخاوەن ماڵێت پارەی کارەبا کە کوا. . . . . ها. . . ؟ پیاوەکەم پەلاماری دام، منداڵەکانم رفاند و چووینە لای ماتینای کچە مامم.

ئەو لە نهۆمی سەرەوەیە. ئەم خانووە زەردە دەبینی؟

کرێکارەکە خانووەکەی دەناسی و پێشتر سەردانی کردبوو، ئافرەتەکە درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: بە هەر حاڵ، تۆ هەست بە ئازار ناکەی کاتێك وابە کەسوکارت بکریّ؟

کرێکارەکە ئاهێکی هەڵکێشا، دەیزانی ئەوەی بەرووودا دەداتەوە، باشە، نەخێر

هەستی پێناکە م هەڵەی ئەو نەبوو، لەسەدا هەشتا، یاخود لەسەدا ٩٩،٩ی ئەوانەی پارەی کارەبا نادەن، هاوشێوەی ئەون لەتاهێتی، بەلاّم تاهییەکان کاتی لیّ دەگرن و پێشبینی مامەڵەیەکی باشی لێدەکەن. سوێندیان بەسەری یەکێك لەباپیرەکانیان دەخوارد کەپارەی کارەبایان بەتە واوی داوە، بەلاّم کە کرێکارەکە داوای پسوولە کەیان لیّ دەکا، هەڕەشەی سەر شکاندنی لیّ دەکەن هاونشتیمانیەکانی لە تاهیتیەکان لە هەموو بەشدار بووان ئەستەم تربوون و لە هەموو کەسیش خراپتر پارەیان دەدا، هەمان شتیشیان لەگەڵ تەلەفۆندا دەکرد، بۆ دەبیّ

پارەی تەلەفونێك بدەن کەقسەیان پێ نەکردووە و بەکاریان نەهێناوە چەندین جار هێڵێ ماڵی دایکی بڕا بوو، کێ بۆ ماوەی نیوکاتژمێر قسەی لەگەڵ فەرەنسادا کردووە. . . کەس!؟ گرفتەکە لەگەڵ خانووی تاهێیەکان ئەوە بوو کەوا خزمەکانی لەچوونە ژوورەوە و بەکارهێنانی تەلەفۆن سەربەست بوون لەسەیرکردنی تەلەفزیۆن بۆماوەی چەند کاتژمێرێ، خواردنی شتەکانی ناوسەلاجە، هەڵدانی هەموو شووشەکانی کۆکا کۆلا، بەکارهێنانی جلشۆر، خواستنی جلو بەرگ، چونکە جوان نەبوو دەرگای ماڵەکەت داخەی. چی دەقەوما ئەگەر یەکێك لەخزمەکان پێویستیەکی بەپەلەی هەبووایەو شتێکی بویستایە!! دەرگای ماڵی تاهێتیەکان هەرگیز دانەدەخرا، دەرگاو پەنجەرەکان لەسەر پشت بوون، هەندێك جاریش خانووەکان هەردەرگایان نەبوو، تاوەکو ڕێگا لەهاتوو چۆی خزمەکان بگیرێ، تەنانەت ئەو کاتانەی لەماڵیش نەبوو نایە، ئەنجامەکەشی ئەوەیە بێ پارە دەمێنیتەوە و ناتوانی پارەی کارەبا بدەی. کێشەکە لەگەڵ تاهێیەکان لەوە دایە ژمارەیەکی زۆر، گەلێك زۆری خزمەکان بێ کارن، کرێکارەکە دوای ساتێك گوتی: ئافرەتەکە سەیرکە پێم وتی من بەڕێوەبەری کۆمپانیا نیم، ئەگەر ئەرکەکەشم بەجێ نەگەیەنم کارەکەم لەدەست دەدەم، چەندین مانگ چاوەڕوانم کرد تا ئەو کارەم دەست کەوت، کارێکی چاکە، مووچەکەی بەشی تێرکردنی دوو منداڵەکەم دەکات. ئافرەتەکە بەپەلە قسەکانی بڕی گوتی: تەنیا دوو منداڵ سکالای بۆمەکە دوومنداڵت هەیە، من زیاترم هەیە، پێنج منداڵم هەیە،پێت دەڵێم ئەگەر تەنیا دوو منداڵم هەبووایە پێویستی نەدەکرد تۆ بێیتە بەردەم ماڵەکەم و لەپێش ناسیاوەکانم شەرمەزارم کەی!؟ . کرێکارەکە سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد ماتیتای ناسییەوە، سێ ئافرەتەکەی تری نەناسی، زەردە خەنەیەکیان بۆ کرد هەستی بەپەشۆکان کرد. ماتیتا چاوی بۆ نوقاند، گاڵتەی پێ دەکرد، چونکە کرێکارەکە گێل دەردەکەوت، لەپیاوەتی کرێکارەکەی کەم کردەوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو پاشان بەشێوازێکی فەرمان دەرکردن گو تی: ئافرەتەکە خۆت بدە لایەکەوە، بەڵام ئەو لەشوێنی خۆی نەجوولایەوە وپیێ گوت: کرێکارەکەی دیکەی کارەبا لەتۆ باشتر بوو لەناخۆشییەکانی من گەیشت وپێی وتم گوێ مەدەرێ ژنەکە، دوو ڕۆژ مولەتت دەدەم، تاپارەکە پەیدا بکەی، دەتوانم بەیانی پارەکەپەیدا بکەم، پوورە ستیلا پارەیەکی زۆری لەبانك هەیە، سبەی دەچم لەگەڵ پوورم دەدویم و پاشان دێم لەکۆمپانیاکەت دەتبینم. کرێکارەکە بەخێرایی: - کۆمپانیای من نییە!! ژنەکە: بەڵێ دەزانم کۆمپانیای تۆ نییە، بەیانی لەگەڵ پارەکە دەتبینم، باشە! کرێکارەکەی دیکە لاری نەبوو ڕۆژێك چاوەڕوان بکا تەنیا ڕۆژێك زیادە تا پارەکە دەدەم. کرێکارەکە

چاوەڕوانی دەکرد تائافرەتەکە دووربکەوێتەوە، سەری خۆی خوراند، پێکەنینی دەهات، ئەو وامەزەندەی دەکرد کرێکارەکە باوەڕی پێ کردبێ، ئافرەتێکی نەفامە، هیچ کەسێك ناتوانێ ڕۆژێکی زیادەت پێ بدا، تاپارەکە پەیدادەکەی. تەنیا بە ڕێوەبەری کۆمپانیاکە نەبێ. بەڕێوەبەری کۆمپانیاش هەمیشە مژوولّی کۆبوونەوەکانیەتی، هەردەم بەدەست قازانج و زیانەکانی کۆمپانیاکەیەوە نیگەرانە، هەروەها راست نەبوو کرێکاری کارەبا لەتواناییاندا هەبێ کاتێکی زیاتر بداتە خەلّکی، ئەوان تەنیا کارمەند بوون. ئەگەر هەستیش بەوە بکرێ، بەزەییت بەخەلّکدا دێتەوە، ئەوەکارەکە لەدەست دەدەیت، هیچ هەلی تر نییە. بە هەر حالّ کرێکارەکە گەلێك لەو ژنە بێزار ببوو، فەرمانی پێکرد بجوولّێتەوە: ئەی ئافرەتەکە!

ژنەکە:نا، کرێکارەکە: پێت دەلّێم لاچۆ.

بەلاّم ئافرەتەکە وەکو پاسەوانێك وەستابوو، منداڵەکەی باوەشیشی دەستی کردەگریان. ژنەکە چرپاندی بەگوێی منداڵەکەیدا: مەگری بچکۆلّە کەم، من تەنیا دەمەوێ مەسەلەکە روون بکەمەوە، بەلاّم کرێکارەکە گوێم پێ نادا. تەنیا دەیەوێ کارەکەی خۆی ئەنجام بدا . کارەکەی لەلا لەئێمە گرینگترە. پیاوێکی خراپە پیاوەکە چاوەکانی سووڕاند، دەبوو سەر لەحەوت مالّی تریش بدا، دەبوو ژنەکەی بباتە نەخۆشخانە، تاخوشکەزا بچووکە تازە لەدایك بووەکەی ماچ بکا، دەبوو کاتژمێر حەوتیش مەشقی تۆپێ پێ بکات. ئەوان لە کۆمپانیا فێری ناکەن چۆن مامەڵە لەگەلّ بەشداربووانی کارەبا بکات، بەڕێوەبەری کۆمپانیا پێشبینی ئەوەت لێ دەکا، عەقلی خۆت بەکار بێنی وگرفتەکە هەرچی بوو چارەسەربکرێت، تالەسەر کارەکەت بەردەوام بیت، ئەگەر بەختیشت نەبوو، ئافرەتێکی کەتە کەوتە نێوان تۆ و ئەنجامدانی ئەرکەکانت، دەبێ بەباشترین شێوە هەلّسوکەوت بکەی، بجوولّێوە کاتی بەنرخ بەفیڕۆ مەدە. . . . . کرێکارەکە قاچی راستەی بردە پیشەوە، ئافرەتەکە لێی پرسی: دەتەوێ چی بکەی؟ ئەمجارە قاچی چەپی بردە پێشەوە، ژنەکە ئاگاداری کردەوە: وریابە کاری وا نەکەیت!

ئەمجارە کرێکارە کە پالّی بە ئافرەتەکە زلەکەوە نا تا رێگای پێ بدا، بەلاّم ئەو بە هەموو هێزیەوە بەمشتەکۆلّە لەشانی راستی پیاوەکەی دەدا پاشان منداڵە کەی لەسەر زەوی داناو پەلاماری دوژمنەکەی دا، ویستی چاوی زامدار بکا ژنەکانی تر هانیان دەداو دەیان گوت: بەلّێ بەتوندی پەنجە بکە نێو چاوییەوە!! یارمەتیت پێویستە؟ کرێکارەکە جارێکی تر ژنە زلەکەی پالّ نایەوە، بەلاّم ئەو هەڕەشەی لێ کردو گوتی: وریابە گەنجەکە هێزی خۆت لەگەلّ مندا تاقی نەکەیتەوە!!. کرێکارەکە دیسان گوتی: لاچۆ، ژنەکە: نا. . . ، کرێکارەکە: کەواتە

لاناچیت، باشە، راپۆرتێکی تایبەتیت لەسەر دەنووسم و دەیدەمە لێپرسراوەکەم، دەزانی ئـەوە چی دەگەیەنێ؟

بێ ئەوەی بواری وەلاّمدانەوەی ژنەکەش بدا. . . گوتی: مانای وایە تۆ هـەرگیز جـارێکی تر ناتوانی رۆژانی یەکشەممە جلەکانت ئوتوو بکەی، چونکە هاوبەشی کارەبات لـە کۆمپوتـەر دەسڕمەوە، هاوڕێیەکەم هەیە لەبەشی کۆمپیوتەر کاردەکات، ناوسڕینەوە کارێکی زۆر ئاسانە، کۆ مپانیا چۆن دەزانێ تۆ پارەت نەداوە، بێگومان بەهۆی کۆمپیوتـەرەوە، تـەنیا پەنجـەدەنێ بەیەك دوگمەوە و ناوت دەسڕێتەوە، حسێبی بکە دەبێ چـەند مـۆم لـە دووکانـە کـەبکڕیت، ماڵەکەش تاکەماڵ دەبێ بەمۆم رووناك بکرێتەوە، بیر بکەوە ژنەکە خەڵك پێت پێدەکەنن، ئەی پیاوەکەت. . . ها. . . چی دەڵێ کاتێك دەزانێ تۆهۆکاری بێ بەشکردنی بووی لە خوادنەوەی مەیەکی ساردی. . بەستوو؟ ئەگەر راپۆرتە تایبەتییەکە بنووسـم، لـەمڕۆ بـەدواوە کارەبـات نابێ، تەنانەت ئەگەر هـەموو پارەکـەش بـدەی، چـونکە مـن راپـۆرتی تایبـەتیم نووسـیوە، ئافرەتەکە کە گوێی لەم قسانەی دوایی بوو، بەردەمی سندووقەکەی بـەرداو چـوو بەلایەکـداو دەستی کردە گریان، کرێکارەکەش بەپەلە کەوتە ئەنجامدانی کارەکەی. . . . . . . . . . .

. سیلستین ینت نووسەرو چیرۆکنووسێکە ساڵی ١٩٦٦ لەدایك بـووە ئیسـتا لەئوسـترالیا دەژی وەرگێرانی بۆ عـەرەبی

عبدالجبار ناصر حسین

*سەرچاوە:گوڤاری سیدتی ل/٨ ژمارە ١١١٢لە ٢٠٠٢/٦/٩

# گوێدرێژە خێڵەکە

چیرۆکی:سەلاّحەدین محەمەد ئەبو ئەلرەب

لە کۆتایی رۆژەکەیدا رووی لە کوخەکە کرد. کە لە کێڵگە بچووکەکەی دروستی کردبوو، دوای رۆژێکی پڕ لە هیلاکی، کە هەمیشە بە دوای گوێ درێژە سەیرەکەیدا بوو. ئەو گوێ درێژەی کە بە ئەستەم دەتوانێ ئەو ئاراستەیە دەست نیشان بکا کە مەبەستیەتی. بۆ نا ئەو تاکە گوێ درێژێکە چاوەکانی خێل بووبن. ئەمەش بەئاشکرا دیارەو گەورەو بچووك دەیزانن. بە هەڵسوکەوتە گەوجە کانیەوە گەوجە پێ دەکەنن. بەلاّم خاوەنەکەی دان بە خێلیی گوێ درێژەکەی نانێ. چونکە لە راستیدا خۆیشی خێلە. بۆیە جووتیارە خێلەکەی خاوەن گوێ درێژە خێلەکە ببووە چیرۆکێك دەگێردرایەوەو خەڵی گوندەکە وەکو شتێکی سەیر و دەگمەن باسیان دەکرد. جووتیلرەکە تاکە گوێد رێژ و سامانە گەورەکەی بەدوای خۆیدا. کە بە قەد خۆی خۆشی دەوێ و ترسی ئەوەی هەیە هەوای بەر بکەوێ. خۆراکی بۆ دانـاو دەرگاکـەی داخسـت و قـوفڵی دا. بەلاّم وای بە بیردادەهات دەرگاکەی بـە کراوەیـی جـێ هێشـتبێ. هـەروەها وەکـو پێویسـت قوفڵیشی نەدابێ. پاش ماوەیەك گوێدرێژەکە هەستی بەوەکرد. خاوەنەکەی چووەتە کوخەکەی تا بخەوێ. بۆیە کەوتە جموجۆڵ کردن تا لەو قەفەسە دەربچێ کە تیایدا بەنـد کـراوە. چـونکە هەلی رزگار بوونی بۆ رەخسا بوو. ئەو کاتە هاتبوو تا بە ئازادی بژی و لە دەشتەکان. دوور لە جووتیارە خێلە بسوورێتەوە.

گوێدرێژەکە بە خۆشی و شانازی کردن بە راکردنەکەی چووە دەرەوە. لە گیایەکـەی دەور و پشت، هەروەها سەرجەم ئەو خۆراکانەی خوارد کە پێشتر لێی قەدەغە بوون. کەمێك لە دەوری خۆیدا سوورایەوە و گوێ و پاشووەکانی خۆی دەجوولاندەوە. لە بری ئـەوەی بـە تـەواوەتی لـە قەفەسەکە دوور بکەوێتەوە. جارێکی تـر چـووەوە نـاو قەفەسـەکەو دەرگاکـەی راکێشـا. تـا دایخست. هەرچەندە تەواو لـەوە دڵنیـا بووکـە سەربەسـتەوە بـە ئـازادی لـە دەرەوەی گرتـوو خانەکەیدا یە. جووتیارەکە بە شانازی کردن بە گوێدرێژەکەی. کە لە نـا خۆشـییەکانی رێگـاو ئازارەکانی بە پێ رۆیشتن و لە کار کردنیشیدا یارمەتی دەدا. خـەو بردیـەوە. گوێدرێژەکـەش شەوەکەی بە زاڵ بوون بەسەر قەفەسەکەدا بردەسەر. ئەگەر چی تەنیا چەند هەنگاوێکیشی لێ دوور بێ. هەروەها بیری لە رێگایەك دەکردەوە. پەلاماری گرتووخانە کۆنەکەش بدا. وەدەسـت بەسەر هەموو ئەو خواردنانەدا بگرێ کە تیایەتی، چونکە هەستی بە برسیەتیەکی زۆر دەکرد. لە بیری ئەوە دابوو. رێگایە ك بۆ ئەنجام دانی ئەو کـارەی بدۆزێتـەوە. پاشـان دڵـی خـۆی بـە بیرۆکە پر لە بلیمەتیەکەی خۆی دایەوەو جەستەی خۆی بە کەوتنە سەر ئەو هـەموو خواردنـە خەساندەوە. کە جووتیارەکە بۆی دانابوو بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکا. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

سەرچاوە:رۆژنامەی الدستور ژمارە ١٢٥٢لە ٢٠٠٧/١٢/١٢

# دەستی ڕەشپێستەکان

چیرۆکی: لویس برنادۆ ئۆنگانا

ئەو بۆنەیەم بیر ناکەوێتەوە و بەڕاستی نازانم کەی بوو، کەمامۆستای بەڕێز جارێکیان گوتی ناو لەپی خەڵکە ڕەشەکان، یا ڕەشپێستەکان، لەبەر ئەوەی ڕەشایەتی کەمترە، یا لە بەشەکانی تر لەشیان سپی ترە، چونکە پێشینەکانیان، بەر چەندین سەدە وەکو ئاژەڵ لەسەر چوار لەپ دەڕۆیش، بۆیە ناولەپی دەستیان تینی خۆری بەرنەکەوتووە، کە تیشکەکەی هەموو لەشی ڕەش کردوون، ئەو شتەم ئەو کاتە بیرکەوتەوە، کە قەشەی بەڕێز دوای خوێندنەوەی کتێبی فەرمایشتەکانی ئوسولە ئاین پێی وتین، ئێمە هەر هەموومان چیتر بە کەڵکی هیچ شتیك نایەین. . . ڕەشپێستەکانیش لە ڕابروویان، زۆر لە ئێستا باشتر بوون، هەر ئەو دەمە ئاشکرای کرد کەوا ئەو ناولەپانەی ڕەنگەکەیان کراوەترە، بۆیە وەکو ئێستایان لێهاتووە، چونکە ڕەشپێستەکان، لەسەردەمە کۆنەکاندا مل کەچ ترو کرنووش بەر تربوون، هەمیشە بۆ نوێژەکانیان دەستیان لەسەر سینگیان دابوو، ئەو چیرۆکانەی لەمەڕ ناو لەپمان دەگێڕدرانەوە، بەسەیر دەهاتنە بەرچاو، بۆیە هەمیشە ئەو پرسارەم دەکرد. تاوەکو شتێکی تازەم لەم بارەوە پێ بڵێن، بۆ نموونە خاتوو دۆنا دۆریس گوتی خودا بۆیە ناو لەپی ڕەشپێستەکانی بەو ڕەنگە کراوەیە دروست کردوە، تاوەکو ئەوخواردنە پیس نەبێ کە ڕەشپێستەکان بۆ گەورەکانیانی دەهێنن، هەر بە خاوێنی بمێنێتەوە، هەروەها هەموو شتێکی تریش کە ئەوان دەستی لێ دەدەن. بەڵام بەڕێز ئەنتۆنیۆش کۆکا —کۆلا، کە هەرگیز لە دووکانەکەی نایەتە دەرەوە و بەشەقامەکانی گوندەکەدا ناگەڕێ، تاوەکو هەموو قتووە کۆکاکۆلایەکانی نەفرۆشێ. پێی گوتم گشت ئەو لێکدانەوانە وڕێنەن و هیچ بایەخێکیان نییە، بێگومان لەسەرە تادا لایەنگری ڕای

ئەو نەبووم، بەلاّم هەولّێدا باوەڕ بەبۆ چوونەکانی بهێنم، دوای ماوەیەك و کاتێك دانم بەوەنا کە بۆچوونەکەیم قبولّە، هەموو ئەو شتانەی بۆ گێڕامەوە کەلەبارەی دەستی ڕەشپێستەکان زانیویەتی وگوتی: لەسەردەمێکی کۆندا، سالاّنێکی زۆر لەمەوبەر، خوداوەندو یەسوعی مەسیح ومەریەمی پاکیزە و قەشە پەترۆس و ژمارەیەکی زۆر لەفریشتە و قەشەکانی تر کۆبوونەوە، بێجگە لەو مردووانەی کە چووبوونە ئاسمان، هەر هەموویان بەیەکەوە، بڕیاریاندا مرۆڤە ڕەشپێستەکان دروست بکەن!!

ئاخۆ دەزانی ئەمە چۆن ڕوویدا؟ قوڕیان هێنا و چەندین شێوەی ئادەمییان لێ دروست کرد پاشان بەرزیان کردنەوە کە وەکو پێویستی دەکرد، تا لە چراوگە ئاسمانییەکە سووریان بکەنەوە. بەلاّم لەبەر ئەوەی قەشەکان لەکارەکەیاندا زۆر بەپەلە بوون، قەبارەی چراوگەکەش بە جارێك بەشی هەموویانی نەدەکرد، تاپرۆسەکە زوو تەواو ببێ. بۆیە زۆربەیان بۆماوەیەکی زۆر خۆیان بەبۆڕی دووکەلّ کێشەکان هەلّواسیبوو. لەو کاتەدا دووکەلّەکە زیاتر و زیاتر چڕدەبۆوە و هەموو ئەوانەی لەناو بۆڕیەکان بوون چەشنی خەلّووز رەش هەلّگەڕان، بەلاّم ئێستا بێگومان تۆ دەتەوێ بزانی، ناولەپیان بۆ بەو رەنگە کراوەیە مایەوە. بێگومان لەکاتی سوورکردنەوەی قوڕەکان لەسەر ئاگردانەکەدا، شوێنەکە زۆرگەرم و خنکێنەر دەبێ، بۆیە هەر هەموویان ناچار دەبن خۆیان بە ئەوەکەی تەنیشتیانەوە بگرن، بەم شێوەیە ناولەپیان لەڕەش بوون رزگاری دەبێ، لێرەدا بەڕێز ئەنتۆنیش و ئەوانەی دەوریان دابووین گوێ لە لەبەسەرهاتەکە بگرن، دەستیان کردە پێکەنین!!

لەهەمان رۆژدا، دوای ئەوەی بەڕێز ئەنتۆنیش رۆبشت، بەڕێز فرانش

بانگی کردم و گوتی هەموو ئەو شتانەی بیستت و دەمی خۆت لەبەر حەپەسان کردبۆوە وڕێنە بوون. مەسەلەکە لەراستیدا تەواو جیاوازە،، تەنیا ئەو بەخۆی دەیزانێ کەبەم شێوەیەیە، کەخوداوەند لەدروست کردنی مرۆڤەکان بۆوە ناردنی تا لە گەرماوە ئاسمانییەکە خۆیان بشۆن دوای خۆ شوشتنیش بوونە سپی پێست، بەلاّم ئەوە لەگەلّ گزینگی بەیاندا بوو. لەهەمان کاتدا ئاوی دەریاچەکە زۆر ساردبوو. بەمجۆرە هەندێك لە خەلّکەکە نەیانتوانی لەقوولاّیی دەریاچەکەدا مەلە بکەن، بەلّکو هەر بەوەندە وازیان هێنا، دەست وقاچی خۆیان شوشت وجلەکانیان لەبەرکردو دابەزینە سەرزەوی، هەروەها کتێبێکم خوێندەوە، تیایدا بەئاشکرا ئاماژە بەوەکرا بوو، کەوا ناولەپی ڕەشپێستەکان بۆیە وابەو رەنگە کراوەیە ماوەتەوە، چونکە رەشپێستەکان، خۆیان چەماندۆتەوەو پەمۆی سپیان لەکێلّگەکاندا کۆکردۆتەوە، دۆنا ستیفانیا

ئەم رایە ی دوایی بەدڵ نەبوو، بەڵکو پێی وابوو ناولەپەکان لەبەر ئەوە کەمێك سپی بوونە، چونکە زۆر بەئاو و سابوون دەشۆردێن. لەکۆتاییدا کەوتمە سەرسوڕمانەوە. چونکە ناولەپی ڕەشپێستەکان، لە راستیدا دوای بیستنی ئەو هەموو سەربوردەیە، تەنانەت دەستی ئەو پیرەژنە تێك قۆپاوەش لەبەشەکانی تری لەش سپی ترە. ئەمەش راستیەکە و گومانی تێدا نییە، لە کۆتاییدا تەنیا دایکم سەبارەت بەدەستی ڕەشپێستەکان و رەنگەکەی راستیەکەی پێ گوتم، لەو رۆژەدا کاتێك لە نێوان خۆماندا ئەو باسەمان دەکرد، هەموو ئەو چیرۆکانەم بۆدایکم گێڕایەوە کە بیستبووم، پێکەنیم و ئەویش پێکەنی، بەلاّم ئەو دەمە وەلاّمی نەدامەوەو کە پرسیارەکەم دووبارە کردەوە و بینی من سوورم لەسەر زانینی بۆ چوونی ئەو، جارێکی دیکە پێکەنیەوە و تا فرمێسك لەچاوەکانی هاتە خوارەوە، پاشان بۆی گێڕامەوە وگوتی: خودا ڕەشپێستەکانی دورست کرد چونکە ئەمە پێویست بوو، ئەمە پیۆیستیەك بوو کوڕەکەم دەبوو ببێ، پاشان خوادوەند لەمە پەشیمان بۆوە، دوای ئەوەی خەڵکانێکی تر کەوتنە گاڵتە پێکردنیان. لە ماڵەکانی خۆیان دەیانکردنە خزمەتکار و کۆیلە، ئەگەرچی لە توانایدا نەبوو کارێك بکا هەموو خەڵکەکە ببە سپی پێست، چونکە سپی پێستەکان لەسەر بە کۆیلەکردنی ڕەشپێستەکان راهاتبوون. لەسەر مل پێ کەچ کردنیان بەردەوام بوون. رازی نەبوون دەست لەو کارە هەڵگرن، ئەو کاتە خوداوەند بڕیاریدا ناولەپی ڕەشپێستەکان وەکو مرۆڤەکانی تربێ. دەزانێ بۆ؟

دیارە نایزانی، ئەمەش سەیر نییە، چونکە زۆرانی تر ئەمە نازانن، خوداوەند بۆیە ئەمەی کرد تایبسەلمێنی هەموو ئەوانەی خەڵك دەیکەن، بەپلە یەك کردەی مرۆڤەکانە، کردەی یەك دەستە دەستی مرۆڤەکانە پێویستە بزانن ئەوان بەر لە هەموو شتێك مرۆڤن، پێویستە لەوە تێ بگەن کەوا دەستی ڕەشپێستەکان تەواو وەکو دەستی ئەو کەسانەیە کە بەمە دڵخۆشن گوایە سپی پێستن و ڕەشپێست نین، دایکم ئەمەی گێڕایەوە و ناولەپی ماچ کردم، بەلاّم من بەڕاکردن چوومە حەوشەی خانووەکەمان، تایاری تۆپێن بکەم و ئەوەم بەبیرداهات کەوامن لەژیانمدا مرۆڤێکم نەبینیوە، بەبێ هیچ هۆیەك وەکو دایکم بگری. . . . .

* سەرچاوە: رۆژنامەی المواطن ژمارە ٥٨٢ لە٢٠٠٧/١١/٧
ل/٥ شوکت یوسف /کردوویە بە عەرەبی

# سندووقی کانزایی

چیرۆکی: جۆزیە لوی گۆنزالیز

ئەوەی بۆتانی دەگێڕمەوە، دووساڵ لەمەوپێش روویدا، کاتێـك تـەرمی مۆنشـۆ رامیریـز، دوای مردنی لەکۆریا هێنرایەوە شارەکەی خۆی، دەڵێم تەرمی مۆنشۆ رامیریز، کە لەوانەیە لە مەدایێ درێژیم کردبێ چونکە لـە راسـتیدا کـەس نـەیزانی سـندووقە لـە قوڕقوشـم دروسـت کراوەکە، چی تیایە، لەبەر ئەوەی لەتوانای کەسدانەبوو بیکاتەوە هەر ئەمەش لـە هەقیقەتـدا بووە هۆی ئەوەی دۆنامیللای دایکی مۆنشۆ، وەکو نیمچە شێتێك هەڵس وکەوت بکا، چونکە دەیویست بەر لە ناشـتنی کوڕەکـەی بیبینـێ و. . . . . . . . ، باشـتروایە هـەموو شـتێکتان لەسەرەتاوە بۆ بگێڕمەوە. . . . . . . دوای شەش مانگ لە رەوانـەکردنی مۆنشـۆ بۆکۆریـا، دۆنا میلا نامەیەکی لە حکومەت پێ گەیشت، تیایدا هاتبووکەوا ناوی کوڕەکەی لـە لیسـتی ون بوواندا هاتووە دۆنا میلاش نامەکەی دایە دەست یەکێك لەدراوسێکانی تابۆی بخوێنێتەوە، چونکە لەویلایەتە یەکرتووە کانەوە هاتبوو، بە ئینگلیزی نووسرابوو،کە دۆنا میلا لەناوەرۆکی نامەکە گەیشت دەرگای ژوورەکەی لەسەرخۆی داخست بۆ ماوەی دوو رۆژ لەسەر یەکتری گریا، بەبێ ئەوەی دەرگا لەژنە دراوسێکانیشی بکاتەوە، کەهاتبوون هەندێك خواردنەوەی پێ بـدەن، ئێمەش لە کێڵگە کان زۆر باسی ون بوونی مۆنشۆ رامیریزمـان دەکـرد، هەنـدێك دەیـانگوت مۆنشۆ لەیەکێك لە دارستانەکان ون بووە و رۆژێك لە رۆژان بەشـێوەیەکی چـاوەڕوان نـەکرا و

دەگەڕێتەوە، هەندێکی تر پێیان وابوو کەوا کۆریەکان بەدیل گرتوویانە یاخود لەوانەیە هەر چینیەکان بەدیل بردبێتیان، بۆنا؟ خۆ ئەوان لەدوای کوتایی هاتنی جەنگەکە بۆمانی دەگەڕێننەوە، پیاوەکان ئێواران دوای نان خواردنی ئێوارە لەناوەراستی کێڵگەکە کۆدەبوونەوە وباسی ئەو دوو ئەگەرەیان دەکرد هەندێك دەیان گوت ون بووە، کۆمەڵێکی تر پێ داگریان دەکرد کەوا دیلە، هەروەك چۆن حەزدەکەین ئەو ناوە لەخۆمان بنێین!! بەڵام ئەمڕۆ دوای ئەوەی ئەم هەموو شتانە بوونە بیرەوەری، من دەپرسم چەند کەس لەئێمە پێی وابوو، بەبێ ئەوەی جورئەت بکا دەریشی ببڕێ، کەوا مۆنشۆ لە دارستانەکان ون بووە و نە لەلای کۆریەکان یا چنییەکان بەدیل گیراوە بەڵکو لەراستیدا مردووە، من زۆرجاربیرم بۆ ئەوە دەچوو، بەبێ ئەوەی ئەو شتە بەکەس بڵێم، کە لە مێشکمدا دەخولایەوە و پێم وایە زۆر کەسی تریش وەکو من بووبن، چونکە هیچ رەوانییە پێمان وابێ کەسێك مردبێ و ئێمە تەواو لیێ دڵنیا نەبین، بەڵکو باشتر وایە کاتێك مەسەلەکە تایبەت بێ بەکەسێکی وەکو مۆنشۆ کە لە کێلگەکەدا لەدایك بووە، پاشان چ سوودێك لەگفتوگۆیەکان ئێوراندا هەیە، ئەگەر ئێمە هەر هەموومان یەك بۆچوونمان هەبێ؟ دوومانگ دوای نامەی یەکەم، نامەی دووەم گەیشت، هەمان دراوسێش بۆدۆنا میلای خوێندەوە، چونکە وەکو نامەکەی پێشوو بە ئینگلیزی نووسرابوو، لەنامە کە داهاتبوو کە ئەوجارە مۆنشۆ رامیزیان دۆزیوەتەوە، یا بەروونتر پاشماوەکانی مۆنشۆ رامیزیان دۆزیوەتەوە، ئەمەشمان لەو قیژەیە زانی کە لە دۆنا میلا بیسترا، دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە سەرجەم کرێکارانی کێڵگەکە لە ژوورەکەی کۆبوونەوە، نازانم چۆن هەموومان لەوێ جێگامان بۆوە بەڵام کەس لەبەدەنگە هاتنی ئەو داوکاریە دوانەکەوت جا دەمەوێ لەوە دڵنیابن، کە ئێمە ژمارەمان زۆر بوو ژنەکان ناچاربوون بەر لە خۆر ئاوابون دۆنا میلا نخەوێنن، نەبادا لەبەر زۆر هاوارکردنی نەخۆش بکەوێ. چونکە هەرکاتێك سەیری وێنەکەی مۆنشۆی دەکرد بەجلی سەربازیەوە، لەنێوان ئاڵای ئەمەریکاو وێنەی هەڵۆیەك وەستابوو، کە بە چرنووکەکانی چەندین تیری هەڵگرتبوو، ئارامی لێ دەبرا، دوای ئەوە پیاوەکان یەك لە دوای یەکتری چوونە حەوشەی ماڵەکە و کەسیش ئەو ئێوارە بە هیچ گفتوگۆیەکی نەکرد. چونکە مۆنشۆ مرد و هیچمان نەما باسی لێوە بکەین، دوای سێ مانگ سندووقە لە قوڕقوشم دروست کراوەکە گەیشت، کە لە توانای کەسدا نەبوو بیکاتەوە، رۆژێك دوای نیوەڕۆ لۆریەکی سوپا هێنای، چوار سەرباز لە پۆلیسی دەریایی کەتفەنگیان پێ بوو دەست کیشی سپیان لەدەست بوو ئەفسەرێك لەپێشیان بوو. کە تفەنگی پێ نەبوو، بەڵام دەمانچەیەکی عەیار ٤٥ی لەکەمەری بەستابوو، ئەو

یەکەمجار لە لۆریەکە دابەزی، لە ناوەڕاستی شەقامەکە وەستا، هەردوو دەستی خستە سەرناوچەوانی و قاچەکانی لێك کردەوە وپاشان لەدەروازەی کێڵگەکەی ڕوانی، هەروەك چۆن یەکێك داوای قەرز لە بەرامبەرەکەی بکاتەوە، بەم شێوەیە

تێی دەڕوانی، پاشان ئاوڕێکی لە سەربازەکان دایەوە، کە هێشتا لەناو لۆریەکە بوون و پێی گوتن: دابەزن ئەمە شوێنەکەیە، هەر چوار سەربازەکە دابەزین، لەدواوەی ئۆتۆمبیلە کەش سندووقێکیان دەرکرد، کە لەتابووتی ئاسایی بچووك تربوو، بە ئالآی ئەمریکا دا داپۆشرابوو، ئەفسەرەکە پرسیاری ژووری بێوەژنی ڕامیریزی لەکۆمەڵێك لەو دراوسێیانە کرد کە لە سەر شۆستەکە وەستابوون، و پێی گوتن بێگومان ئێوە ئەو کێڵگانەی سوبیر تادی تیرا شارەزان، کە هەریەکێکیان لە ١٥ تا ٢٠ دەرگا دەبێ، هەر دەرگایەك دەتگەیەنێتە ژوورێك، کە هیچ ژمارە و تابلۆیەکی لەسەر نییە ئاماژە بەوکەسانە بکا کەتیایدا دەژین. دراوسێکان لە ئاگادارکردنەوەی ئەفسەرەکە دوانەکەوتن، کەوا ژووری دۆنامیلا لەکاتی هاتنە ژوورەوە دا چواردەمین ژوورە بەلای چەپدا. بەڵکو هەربەدوای پێنج سەربازەکەدا ڕۆیشتن و سەرنجیان لەسەر ئەوسندووقە بوو کە ئالآی ئەمەریکای لێ پێچرابوو واپێدەچوو ئەفسەرەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەو کەژاوە لەناکاوە بێزاربێ، بەلآم بەدەستێکی دەست کێش سپی لە دەرگاکەی داو کاتێك دۆنا میلا دەرگاکەی کردەوە ئەفسەرەکە لێی پرسی: تۆ خاتوو ئیمیلای بێوەژنی ڕامیریزی؟ دۆنا میلا یەکسەر وەلآمی نەدایەوە، بەڵکو سەرنجی یەك بەیەکی لە ئەفسەرەکەو چوار سەربازەکە داو پاشان لە دراوسێکان و سندووقەکەی ڕوانی هەروەك هیچی نەبیستبێ، گوتی: چیی؟ - خانمەکەم. ئاخۆتۆ بێوەژنی دونا ئیمیلیا ڕامیریزین؟ دۆنا میلا جارێکی دیکە سەیری ئەو سندووقەی کردەوە کە بە ئالآیەك داپۆشرابوو دەستی بەرزکردەوە و بە پەنجە ئاماژەی بۆکرد و بەدەنگێکی کزەوە پرسی:

ئەوە چییە؟! ئەفسەرەکە بەزمانێك ئارام نەگرتنی پێوە دیاربوو:

خاتوونەکەم. ئاخۆ تۆ. ؟

جارێکی تر دۆنامیلا هەمان پرسیاری دووبارەکردەوە و لەرزینێك لە گەروویدا بوو، کەوایان دەگەیاند ئافرەتەکە چاوەڕوانی هەواڵێکی ناخۆش بکا. !!

- پێم بڵێ. ئەوە چییە؟ ئەفسەرەکە رووی وەرگێڕاو، سەیری دراو سێکانی کرد، بەلآم هەمان پرسیاری لەچاوی ئەوانیشدا خوێندەوە، ئەوجارە سەر لەنوێ رووی لە دۆنامیلا کردەوە لەگەڵی دوا و پێی ڕاگەیاند: خانمەکەم سوپاسی ویلایەتە یەگرتووەکان، قسەکانی خۆی

بڕی، هەروەك ئەوەی بیر جوو بێتەوە کەپیشتر بە ڕەوانی لەبەری کردبوو، پاشان درێژەی پێـداو گوتی: خانمەکەم، کوڕەکەت سەرپەل- رامون رامیریز هەرچـەند ە لەقسـەکانی بـەردەوام بـوو، بەلاّم گوێی لـەخۆی نـەبوو چـی دەڵـێ، چـونکە دۆن میلاکەوتـە هاوارفیغـان، بەشـێوەیەکی واترسناك دەیقیژاند، هەروەك گەرووی لەتلەت بووبێ، دوای ئەوە ئالۆزی و بەشێوەیەك روویدا، کەبەڕاستی بیرم نایەتەوە چۆن بوو، و منیش یەکێك بووم لەو دراوسییانەی شوێن هەنگاوەکانی سەربازەکان کەوتین و بەتوندی پاڵمان بەیە کێکیانە وە ناو چـووینە نـاو ژوورەکـەی دۆنـا میلا یەکێك لە ئافرەتەکان کەپڕ بە دەنگی هاواری دەکـرد، داوای بـڕێ ئـاوی (یاسـەمینی) کـردو ڕێگای نەدەدا دۆنامیلا روخساری خۆی برینداربکا. ئەفسەرەکەش دەیگوت:

– هێمنی بپارێزن. . هێمنی بپارێزن، بەلاّم کەس گـوێی لێ نـەبوو. هەنـدێکی تـریش لەدراوسێکان گەیشتن، کەهاوارکردنەکـە بانگهێشـتی کردبـوون. هەناسـەدان لەشـوێنەکە زۆر ناخۆش بوو هەندێك لەژنەکان توانیان —دۆنا میلا ببەنە ژوورێکی ترو ناچاریان کـرد هەنـدێك ئاوی یاسەمین بخواتەوە، و خستیانە ژێر جێگایەکەوە، لـەژووری یەکـەمیش تـەنیا پیاوەکـان مانەوە، ئەو کاتە ئەفسەرەکە رووی تێ کردین، کە زەردەخەنەیەکی پـڕ لـەڕقی بەروخسـارەوە دیاربوو: باشە، بەڕێزان ئێوە هاوڕێێ سەرپەل رایریزبوون، وانیە؟

کاتێك کەس وەلاّمی نەدایەوە، درێژە ی بەقەسەکانی دا: باشە، ئەگەر بتوانن یارمـەتیمان بدەن، تاژنەکان هێـور دەبنـەوە، ئـەو مێـزە لەناوەڕاسـتی ژوورەکـە دابنـێن، تاسـندوقەکەی بخەینەسەر، بەڵکو بتوانین پاسەوانی بکەین، دوای ئەوە یەکێکمان بڕیاریـدا قسـە بکـات کـە (سۆتیرۆ فالیە ) ی بەسالاّچوو بوو ئەو پێشتر لەگەڵ ئەرتیمبۆ رامیریزی کۆچ کـردوو ومێـردی دۆنا میلاو باوکی مۆنشۆ لە بەندەرەکە کار ی کردبوو، ئاماژەی بـۆ سـندوقەکە کـرد، کەبـە ئالاّیەك پێچرابوو و لە ئەفسەرەکەی پرسی: ئەمە. . . ئەمە. ئەفسەرەکە گوتی: بەڵێ بـەڕێزم ئەو سندوقە تەرمی سەرپەل رامیریزی تێدایە، ئاخۆ تۆ سەرپەل رامیریـزت دەناسـی؟ سـۆتیرو فالیە بەدەنگێکی کز، هەروەك بترسێ رستەکەی دوایی بێت گوتی: - وەکو کوڕی خۆم وابـوو! ئەفسەرەکە بێ ئەوەی کەس وەلاّمی بداتەوە: - ئەوسەر

پەلە لەکاتی ئەنجامـدانی ئەرکەکـەی مـرد! سـەربازەکان لەدەوروبـەری کاتـژمێر پێـنج گەیشتن، ماوەیەکی کەمی پێچـوو ژوورەکـەی دۆنـا مـیلا پڕخـەڵك بـوو چـەندین کـەس تـر لەگەڕەکەکە هاتن وحەوشەکەیان تەنی، تەنانەت هەندێك هەر لەسەر شۆستەکان مانەوە، بەلاّم ئێمە لەژوورەوە هەموو سەر کاتژمێرێك قاوەمان دەخـواردەوە، کەیـەکێك لەژنـە دراوسـێکان

پێش کەشی دەکرین، چووین لەژوورەکانی تر کورسیمان هێنـا، ئەگەرچـی زۆر بـەمان بـەپێوە وەستابووین. تاکەمترین جێگابگرین: دەم نـادەم یـەکێك لەژنـەکان دەهاتـە دەرەوە تابـەدوای شتێکدا بگەڕێ، ئاو قاوە هەرلـەو کاتـەش هەنـدێك زانیـاری تـازەی پـێ دەدایـن. : ئێسـتا ئارامترە، پێم وایە دەتوانێ دوای تۆزێکی تر بێتە دەرەوە، سەربازە کان تفەنگـەکانیان لـەلای قاچی راستیان راگرتبوو، لەهەموو لایەکەوە پاسـەوانی ئـەو مێـزە بچـووکەیان دەکـرد، کـە سندوقە بە ئالآداپۆشروەکەی لەسەر داندرا بوو. ئەفسەرەکەش شوێنی خـۆی لـەنزیك مێزەکـە گرتبوو، قاچەکانی کردبۆوە و دەستی خستبووە دواوەی و پشتی لەمێزەکە و چوار سـەربازەکە کردبوو. کە یەکەم قاوەیان هێنا، یەکێکیان قاوەیەکی پێش کەش کرد، بەلاّم ئەو رەتی کردەوە گوتی: ناتوانم پاسە وانییەکە بپچـڕێنم، هـەروەها سـوتیرۆ فالیـەی پـیرە مێـردیش قاوەکـەی نەخواردەوە، کە هەر لەسەرەتاوە لەبەرمبەر مێزەکە دانیشتبوو، سەیری کەسی نەدەکردو چاوی لە سندوقەکە بەرنەدەدا. سەرنجەکانی ئەو پیاوە زۆر سەیربوون. تەنانەت مرۆڤــ دەیتوانی بلّی سەیری سندووقەکە دەکا و نایبینێ کە بۆجاری چوارەمیش قاوەیان هێنا، لەناکاو لەجێگاکەی خۆی هەلّساو لە ئەفسەرەکە نزیك کەتەوە، چاوەکانی لەسەر سندووقەکە چەقی بوون و پرسـی: گویّ بگرە، تۆ دەلّێی رامون رامیریز لەناو ئەو سندووقە دایە؟

- بەلّێ بەرێزم.

- لەناو ئەو سندووقە بچووکە و بەو رادەیە؟

- بەلّێ، من مەبەستم ئەوەیە تەنیا چەند بەشێکی تەرمەکەی سەرپەل رامیریزی تیایە.

- مەبەست ئەوەیە ئەوەندەی کە دۆزراوەتەوە.

- تەنیا پاشماوەکانی گەورەم، ئـەویش ماوەیـەکی زۆرە مـردووە و ئەمـەش لەجەنگـەکان روودەدا، پیرەمێردەکە وەلاّمی نەدایـەوە لەشـوێنەکەی خـۆی وەسـتاو بـۆ ماوەیـەك سـەیری تابووتەکەی کردو پاشان گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی.

دوای چەند خولەکێك دەرگای ژوورەکەی ترکرایەوە،دۆنامیلا دەرکـەوت کـە دوو ئـافرەتی تری دراوسێی گرتبوویان، روخساری رەشهەلّگەڕابوو، قژێکی پەرت وبلاّو هەرچەند هێمنیەکی تەواوی پێوە دیاربوو، زۆر لەسەر خۆ و بەیارمەتی هەردوو ژنەکـە هـەنگاوی دەنـاو لەبـەردەم ئەفسەرەکە وەستاو پێی گـوت:گـەورەم تکـات لێ دەکـەم پێمـان بلّـێ ئـەو سـندووقە چـۆن دەکرێتەوە؟ ئەفسەرەکە بەسەر سوڕمانەوە تێی ڕوانی و گوتی: خانمەکـەم نـاتوانین بیکەنـەوە، چونکە مۆری لێ دراوە، واپێدەچوو دۆنـا مـیلا لـە مەسـەلەکە نەگەیشـتبێ، لەبـەر ئـەوەی

چاوەکانی ئەبڵەق ببوون وبۆماوەیەك لەچاوەکانی ئەفسەرەکە ڕاما تائەویان ناچاربوو قسەکەی دووبارە بکاتەوەو بڵێ:

سندووقەکە مۆڕی لێ دراوە، خانمەکەم ئێمە ناتوانین بیکەینەوە. دۆنامیلا بە هێواشی سەری خۆی لەقاندو گوتی: بەڵام دەمەوەی کوڕەکەم ببینم. .

دەمەوەێ کوڕەکەم ببینم. . تێ دەگەی؟ ناکرێ ڕێگە بدەم بینێژن

بەبێ ئەوەی بۆ دواجار ببینم! ئەفسەرەکە رووی بۆلای ئێمەوە چەرخاندو سەرنجەکانی داوای لێ دەکردین، ئێمە لە مەسەلەکە بگەین، بەلاّم هێچ کاممان دەممان نەکردەوە. دۆنامیلا هەنگاوێك لەمێزەکە نزیك کەوتەوەو زۆر لە سەرخۆ لایەکی ئالاّیەکەی بەرزکردەوە بەسانایی دەستی بە سندوقەکەدا هێناو بەبێ ئەوەی سەری بەرزبکاتەوە، بە ئەفسەرەکەی گوت: گەورەم ئەم سندوقە دار نییە لەچ شتێك دروست کراوە.

ئەفسەرەکە: لە قوڕقوشم دروست کراوە خانمەکەم، بۆیەش لەو ماددەیە دروست کراوە، تاوەکو بەرگەی ڕێگاکە بگرێ، واتە لە کۆریاوە بۆ ئێرە.

دۆنامیلا لەپێش خۆیەوە بەبێ، ئەوەی رووی لەسندووقەکە وەربگێرێ: لە قوڕقوشم دروست کراوە وکەس ناتوانێ بیکاتەوە. ئەفسەرەکە جارێکی تر سەیری کردینەوە و دووبارەی کردەوە: مەبەست لەمە ئەوەیە بەرگەی. . . . .،ئەگەرچی نەیتوانی رستەکە تەواو بکا، چونکە هاوار و فیغانی دۆنا میلا ڕێگا پێ نەدا، قیژەکەی واناخۆش بووە وای لێکردم هەست بە ئازاری گەدەبکەم، دەیگوت: مۆنشۆ مۆنشۆ کوڕەکەم کەس ناتنێژێ بەر لەوەی من نەتبینم، کەس، منداڵە بچووکەکەم. لێرەوە ئەستەمە رووداوەکان بەباشی بگێڕمەوە، چونکە قیژەو هاوارکردنەکانی دۆنامیلا ئاژاوەیەکی گەورەی نایەوە، دوو ژنەکەی کەدەستیان گرتبوو یارمەتیان دەدا، هەوڵیاندا لەسندووقەکە دووری بخەنەوە، بەلاّم نەیانتوانی و ئەو خۆی لەدەست ئەوان راپسکاند و کەوتە سەر زەوی، هەندێك لەپیاوەکان چوون بۆ یارمەتیدانی، بەلاّم منیان لەگەڵدا نەبووم، چونکە هەستم بەئازارێکی سەختی گەدەم دەکرد، سۆتیرۆ فالیەی پیرەمێرد یەکێك بوو لەوانەی بەپەلە یارمەتی دۆنا میلایان داو من لەسەر کورسیەکەی ئەو دانیشتم، لەوەشدا هەستم بەهێچ شەرمێك نەکرد، چونکە یا دەبوو دابنیشم، یا ژوورەکە جێ بهێڵم. نازانم ئێوە پێشتر ئەو حاڵەتەتان تاقی کردۆتەوە، مەسەلەکە ترس نەبوو چونکە هیچ مەترسیەك نەبوو لەو چرکەیەدا هەڕەشەم لێ بکا. بەلاّم هەستم دەکرد گەدەم ڕەق بووەو دەگوشرێ، قاچەکانم لە ناکاو ببوونە دوو قاچی پەمۆ، ئەگەر پێشتریش ئەو ئازارەتان

چەشتبیٚ، دەزانن مەبەستم چییە،من هەرگیز ناخوازم کەسێك ئەو رووداوەی بەسەربیٚ یا هـەر هیچ نەبیٚ کەسێکی وای بینیبیٚ. لەسەر کورسیەکە دانیشتم، لەنێو ئـەو ئـاژاوە و هـەرا بـیٚ وێنەیەدا، خەریك بوو بەشێوەیەك بیرم لەمۆنشۆ دەکردەوە کـە هـەرگیز پێشـتر وام نـەکردبیٚ. هەرگیز، دۆنـا مـیلا بـە شـێوەیەك دەیقیژانـد بەرادەیـەك کـە خـەریك بـوو دەنگەکـەی ون دەبوو،ئەوان رایان دەکێشایە ژوورەکـەی تـر، منـیش بـیرم لەکورەکـەی دەکـردەوە کەتـەناها منداڵێك بوو لە یەکەم رۆژی چوونە قوتابخانەدا نەگریەت، مۆنشۆ لە مەلەکردندا لەناو ئاوەکە، لە هەمموومان زیاتر دوور دەکەوتەوە، لەیاری پیسبۆڵدا ( ئەسیلا گراند ) بەر لـەوەی بنکـەی هێزە ئاسمانییەکانی تیا دروست بکریٚ، یاریزانێکی زۆر بە توانابوو، دۆنامیلا هەر دەیقیژاند و دەیگوت کەس کورەکەم نانێژیٚ، تا بۆ دواجار نەیبینم، بەلاّم سندووقەکە لە قورقوشم دروست کراوە و کەس ناتوانیٚ بیکاتەوە، لە رۆژی دواتر مەراسـیمی ناشـتنی مەنشـۆ بـەرێوە چـوو، هەندێك لەسەربازەکان تەقەی هەواییان کرد و کاتێك تەرمەکە شۆرکرایەوە، یا ئـەوەی لـەناو سندووقەکە دابوو، بۆ ناو گۆرە قوڵ و شێدارەکە دابەزێندرا، دۆنـا مـیلاش ئامـادەی هـەموو مەراسیمەکان بوو، بەلاّم هەر لەسـەر زەویـدا بـە دەمداکـەوتبوو، ئەمـە دووسـاڵ لەمەوبـەر روویداوە، هەرگیز مەبەستم ئەوە نەبوو ئەو چیرۆکە بگێرمەوە، ئەگەر پۆستە چییە کە ئـەمرۆ بەیانی بەکێڵگە کەدا رەت نەبووایە منیش ناچار نەبوومایە، نامەکە بدەمە دەست یەکێك بۆم بخوێنێتەوە، چونکە من دەمزانی هەندێك وشـەی ئینگلیـزی بخوێنمـەوە، نامەکـەش بەڵگـەی داواکردنم بوو بۆ خزمەتی سەربازی!!

* جۆزیە لۆی گونزالیز / ساڵی ١٩٢٦ لەسانت دۆمینك لەدایك بـووە ژمارەیـەکی زۆری کورتە چیرۆ رۆمان نووسیوە، ئێستا لەمەکسیك دەژی

** سەرچاوە: کتیبی اقاصیص معاصرە ترجمها عن الفرنسیە

نهاد التکرلی/بغداد ١٩٨٦

# خۆشەویستی قەمبورەکە

چیرۆکی:ئیفان پونین

پیاوە قەمبورەکە نامەیەکی دڵداری داخراوی پێ گەیشت، تیایدا هاتبوو: رۆژی شەممە کە دەکاتە (٥) ی نیسان چاوەڕوانم بکە، کاتژمێر (٧) ی ئێوارە لەباخچەی ناو کاتدرالییەکە یەکتر دەبینین، من کچێکی دەوڵەمەند و سەڵتم سەرباری ئەوەی نم –جابۆ بیشارمەوە- لە مێژە دەتناسم و خۆشم دەوێی، سەرنجە پیاوانە و خەمبارەکانت ونێوچەوانە پاکە پڕ لە زیرەکییەکەتم خۆش دەوێ. هەروەها تەنیاییەکەت، هیوادارم تۆش من بەدووانەی گیانی خۆت ببینی، نیشانەکانم تاقمێکی ئینگلیزی خۆڵەمیشیم لەبەردایە، چەترێکی ئاوریشمیم بە دەستی چەپەوە هەڵگرتووە، چەپکە گوڵێکی وەنەوشەییم بەدەستی راستەوەیە. نامەکە بێداری کردەوە و وای لێکرد بەوپەڕی ئارامیەوە چاوەڕوانی رۆژی شەممە بکات، چونکە وەوە یەکەمین نامەی دڵدارییە لەژیانیدا پێی بگات، رۆژی شەممە چووە لای سەرتاش. پاشان دەستکێشێکی تازە و بۆینباخێکی نوێی رەنگ خۆڵەمێشی کڕی، کە چەند پەلەیێکی سووری تیابێ و لەگەڵ رەنگی تاقمەکەی بگونجێ. بۆینباخەکەی بە پەنجە ساردو لە رزیوەکانی بەستا، لەگەڵ لەبەرکردنی تاقمە کەیدا هەزار جار بۆینباخەکەی کردەوە و بەستایەوە. رەنگی نێوچەوانە ناسکەکەی بەسوورێکی جوان خۆی دەنواند، چاوەگەشەکانی رەشتر دەرکەوتن دوای ئەوەی لەخۆجوان کردن بۆەوە لەسەرکورسیەکە دانیشت و هەروەك میوانێکی نامۆبێت لەشوقەکەی خۆیدا، چاوەڕوانی هاتنی کاتی ژوانەکەی دەکرد. دواتر زەنگی کاتژمێری هۆڵی نان خواردن بەترسەوە شەش و نیوی ئێوارەی راگەیاند، هەڵسایە سەر پێ، بەگرانی و سەنگینی رووی لە ڕاڕەوەکە کردو کڵاوە بە هاریەکەی لەسەرکردو گۆچانەکەی هەڵگرت بەبێ پەلەکردن چووە دەرەوە، بەڵام نەیتوانی

هەروابێ، کەگەیشتە شەقامەکە ئەندامەکانی خۆی و هەنگاوەکانی ڕێکخستەوە و قاچە درێژە باریکەکانی هێدی هێدی پەلەیان دەکرد. قەمبوریی کەمێك لەخۆی بایی بوون و بەرەنگاربوونەوەی پێ دەبەخشی. بەلاّم ئەو ترسەکەمەی کە هەیبوو خۆشیەکی لێ چاوەڕوان دەکرا. کەبەپەلە پیێ نایە باخچەکەی نزیك تەلاری کاتدراییەکە، لەجێگاکەی خۆیدا چەقی، ئەوە خانمەکە هاتە دیدەنی لەنێو تیشکە گولّ ئامێزەکەی شەفەقێکی بەهاریدا هەنگاوی گەورەو توندی دەنا، ئافرەتێك بەرەو رووی دەهات، تاقمێکی خۆڵەمێشی پۆشیبوو، کلاّوێکی جوان کەزیاتر لە کلاّوی پیاوانی دەکرد. بەدەستی چەپی چەترێکی هەلّگرتبوو، بەدەستی راستیشی چەپکە گولّێکی وەنەوشەیی، بەلاّم وەکو خۆی قەمبور بوو!!

---

ئیڤان پۆنین: رۆماننووس و چیرۆکنووس و شاعیرە، بەیەکێك لە نووسەرە کلاسیکیەکانی ئەدەبی رووسی لە قەلّەم دەدرێ. وبەگەواهی نووسەرە گەورەکانی وەکو چیخۆف، گۆرکی یەکیکە لەنووسەرە زمان پاراو و شێواز روونەکان، لەسالّی ١٨٧٠ لە خێزانێکی خانەدانی رووس لەدایك بووە، لەسالّی ١٩٢٠رووی لەفەرەنسا کردوە و لەسالّی **١٩٣٣** لەبەرامبەر رۆمانی ژیانی ئەرمینیف خەلاّتی ئەدەبی نۆبلّی وەرگرتووە سالّی **١٩٣٣** لەفەرنسا، کۆچی دوایی کردووە.

* سەرچاوە:گۆڤاری الفیصل ژمارە ١٣٤ ل ١٠٦
محمود عبدالواحد کردوویە بە عەرەبی.

# دوا وانه

چیرۆکی: ئەلفۆنس دودیە

ئەو بەیانیە بەدرەنگەوە، بەرەو قوتابخانە، چووم، ترسێکی زۆرم لەسەر زەنشت کردن هـەبوو، بەتایبەتی کە مامۆستا هامل گوتی تاقیردنەوەی بابـەتی دەرهێنـانی کردارمـان دەکـا ( نـاوی بکەرو ناوی کارپێکراو )، منیش ئەو دەمە تەنانەت وشە یەکەمکانی دەرهێنانەکەشم نەدەزانی، سەرەتا بیرم کردەوە رابکەم و رۆژەکە لەدەرەوە بەسەر ببەم، کە کەشێکی گەرم وخۆشـی هـەبوو، باڵندەکان دەیانجریواند و لەکەنارەکاندا دەیان خوێنـد، سـەربازە برووسـیەکان لەپشـت کێڵگـەی کارگەیەکی کراوەی تەختەدار زەویەکەیان هەڵـدەکۆڵی، ئـاو و هەوایەکـە زۆر لـەرێزمانی نـاوی کردارەکان بەجۆشتربوو، بەلاّم من توانای بەرەنگار بوونەوەی ئەو خۆشییەی دەرەوەم هەبوو، بۆیـە بەخێرایی رووم لە قوتابخانەکرد. کە خانووی شارەوانیم بـڕی، بینـیم کۆمەڵـە کەسـێك لەبـەردەم تابلۆی بلاّوکراوەکان وەستاون، بەدرێژایی دووساڵی رابردووش، سەرجەم هەواڵە ناخۆشـەکان لـەو تابلۆیە بلاّو دەکرانەوە و پێمان دەگەیشتن، هەواڵەکانی دواجەنگەکان، دەنـگ و باسـەکانی پـلان دانان و هەواڵـەکانی تایبـەت بـە فەرمانـەکانی ئەفسـەری لێپرسـراو، لەگـەڵ خۆمـدا کەوتمـە بیرکردنەوە، بەلاّم بەبیّ ئەوەی بوەستم، دەبیّ ئەو شتە چی بیّ کە ئێستا روودەدا، هەر چەندە من بەپێی توانا بەپەلە دەڕویشتم، گوێم لەرۆجەری ئاسنگەربوو لەگەڵ شاگردە راهێنراوەکەی وەسـتا بوون، بلاّوکراوەکەی دەخوێندەوەو دەیگوت بیـب بەپەلـە مـەرۆ بـۆ قوتابخانـە، کـاتێکی زۆرت بەدەستەوەیە تا بگەیتە قوتابخانە، وام بەخەیاڵـداهات کەگاڵتـەم پـیّ دەکـا، کاتێـك بەهەناسـە بڕکێش گەیشـتمە باخچـە بچـووکەکەی مامۆسـتا هامـل، لەگـەڵ دەسـت پێکردنـی دەوامـی قوتابخانەکە هەمیشە دەنگە دەنگێکی وا لە قوتابخانـە دەهـات کـە لەشـەقامەکەوە دەبیسـترا، کردنەوە و داخستنی مێزەکانی نووسین، وتنەوەی وانەکان بەرێك وپێکی وبە دەنگێکی بەرز، کـە

لەکاتی گوتنەوەیاندا دەستمان دەخستەر سەر گوێمان، تا باشتر تێبگەین، راستە ئاسنە گەورەکەی مامۆستا کاتێك لەمێزەکان دەدرا!! بەلاّم هەموو ئەوشتانە ئێستا بەتەواوی بێ دەنگن، پێم وابوو کەوا هۆکاری ژاوە ژاوەکە لە هەولّدانم بۆ گەیشتنە سەرمێزەکەم یارمەتیم دەدا، بەبێ ئەوەی کەس بمبینێ بەلاّم هێمنی سیمای هەموو شتێکی ئەو رۆژە بوو، بەتەواوی وەکو هێمنی رۆژانی یەك شەممە. لەپەنجەرەکەوە هاورێکانم بینی، لەشوێنەکانی خۆیان ئامادەبوون، لەو کاتەی مامۆستا هامل هاتووچۆی دەکرد و راستە ئاسنینەکەی لەژێر هەنگل بوو، دەبوو منیش لەبەر چاوی هەمووان دەرگا کە بکەمەوە و بچمە ژوورەوە، دەبێ رادەی ئەو هەست بە شەرم کردن وسەرکولّمە سوور بوونەوە ڕادەی ترسانی من لەوکاتەدا چەندبێ، بەلاّم هیچ کامێك لەوانەی کەپێشبینیم دەکردن روویان نەدا، مامۆستا هامل بینیمی و بەسۆز و بەزەییەکی گەورەوە لەگەلّم دواو گوتی: پەلەبکە فرانزی بچووك، بگە جێگاکەت، بەبێ تۆ دەستمان بەوانەکە کردوە. بەسەر سەکۆکە دا بازم داو خۆم گەیاندە مێزەکەی خۆم،تا ئەو کاتەش کەمێك بەسەر ترسەکانمدا زالّ ببووم. مامۆستاکەمانم نەبینیبوو چاکەتە سەوزە جوانەکەو کراسە رەنگاورەنگ وکلاّوە ئاوریشمیە بچووکە نەخشێندراوەکەی بپۆشێ. چونکە ئەو تەنیا لە رۆژانی تاقیکردنە و پێشکەش کردنی خەلاّتەکان لەبەری دەکردن. سەرباری ئەوە قوتابخانەکە هەمووی لەحالّتێکی سەیرو رێزگرتن دابوو، ئەوەی لەهەموو شتێك زیاتر مایەی سەرسوڕمانیشم بوو، بینینی دانیشوانە نێوخۆییەکان بوو، کە لەسەر کورسییەکانی دواوە دانیشتبوون، چونکە ئەو کورسیانە هەمیشەو بەبەر دەوامی چۆلن، بەلاّم وا بە هێمنی دانیشتبوون کە لە هێمنی مندالاّنی ئێستای پۆل دەچوو هاوسەر- ی پیرەمێرد بەکلاّوە سێ سوچیەکەی، سەرۆکی پێشووی شارەوانی، سەرۆکی پێشووی فەرمانگەی پۆستە، چەندین کەسیتر، هەموو کەسێك خەمبار دەردەکەوت، تەنانەت هاوسەر کتێبە سەرەتاییە کۆنەکەشی هێنابوو، بە پەنجەکانی رۆخەکانی دادەگرت، بەلاّم بەکراوەیی گرتبووی و لەسەر ئەژنۆی خۆی دانابوو، چاویلکەکەشی لەسەر لاپەرەکان بوو. لەو کاتەی کەسەرم لەو شتانە سوڕدەما، کە لە دەوروبەرم روویان دەدا، مامۆستا هامل بە ئاوازێکی خۆش وبەتامەکەی جارانی کەراهاتبوو بەم جۆرە لەگەلّماندا بدوێ. گوتی منداڵە ئازیزەکانم ئەوە دوارۆژە کەوا من لەگەلّتاندا دەبم، لە بەلین فەرمان دەرکراوە کەتەنیا زمانی ئەلمانی لەقوتابخانەکانی ئەلیزاس ولۆرین بخوێندرێ و بەس مامۆستا تازەکە بەیانی دەگا، ئەمە دوا وانەی زمانی فەرەنسیە، دەمەوێ زۆر بەباشی گوێم لێ بگرن (بەلاّم ئەو وشانەی چ بریسکەیەك بوون بەسەرمندا دەبارین ئای کلۆلەکان، واپێ دەچێ ئەمەبێ کە لەدەزگای شارەوانی هەلّیان

واسیبوو، دوا وانەی زمانی فەرەنسی بۆ، تا ئیستاش نووسین بـۆمن زۆر زەحمەتـە، واتـە نـاتوانم چیتر فێربم دەبێ من لێرەوە بوەستم پاشان ئای من چـەند پەشـیمانم لـە نەقۆزتنـەوەی دەرفـەتی فێربوونی وانەکانم، بۆ بـەفیڕۆدانی کاتەکـەم، بەگـەڕان بـە دوای هێلکـەی باڵنـدەکان و چـوونە خلیسکانێ. کتێبەکانم ئەوانەی کەمێك لە مەوبەر بێزاریان دەکردم و نەمدەتوانی هەڵیان بگـرم، ئێستا بوونـە هـاوڕێ کۆنـەکانم، کتێبـی ڕێزمـان وکتێبـی قەشـەکان، هـەرگیز نـاتوام دەسـت بەرداریانبم و بیرۆکەی ئەوەی کە مامۆستا هامل بۆ زۆر دوور دەڕوا و تاهەتایە،بیرۆکەی ئـەوەی کەجارێکی دیکـە نایبینمـەوە، وایـان لێکـردم هـەموو شـتێك لـەبارەی راسـتەکەی و شـێوازە سەیرەکەی لەبیربکەم، ئای لەو پیاوە هەژارە، ئەو لەسەر شەرەفی ئەو دوا وانەیە جلە جوانـەکانی رۆژانی یەك شەممەی پۆشیوە، ئێستا من تێگەیشتم بۆ بەتەمەنەکان بەجۆرە، لەدواوەی ژوورەکـە دانیشتوون، لەبەر ئەوەیە هەست بەناخۆشی دەکـەن، هـەروەها لەبـەر ئـەوەی بۆماوەیـەکی زۆر لەقوتابخانە نەیان خوێندوە، ئەوەش شێوازی سـوپاس گـوزاری وڕێزگرتنـی مامۆسـتاکەمانە لـە بەرامبەر ئەو خزمەتە دڵسۆزەی کە(٤٠) ساڵی خایاند،بۆ دەرخستنی ڕێز و پێزانینیـان بـۆ ئـەو زەویەی کە تەنیا خاکی ئەوان بووە و هیچی تر لەوکاتەی کەبیرم لەو هـەموو شـتانە دەکـردەوە، گوێم لێبوو یەکێك بەناوی خۆم بانگم دەکا. چـونکە رۆلی مـن هـاتبوو لـە وتـار خویندنـەوەدا لەتوانمدانە بوو باسی ڕێسا ترسناکەکەی ناوی بکـەر بکـەم و بەتـەواوی و بـە دەنگێکـی بـەرزو بەروونی و بەبێ هەڵە کردن لەبارەیەوە بدوێم. بەڵام بەدڵە ڕاوکێوە هەڵسامە سەرپێ، تونـد خـۆم بە مێزەکەوە گرتبوو دڵە کوتەم بوو، لە توانامدا نەبوو سەیری سەرەوە بکەم، گـوێم لەمامۆسـتا هامل بوو دەیگوت ئەی فرانزی بچووك چیتر سەرزەنشتت ناکەم دەبێ بزانـی کـەوا تـۆ کـارێکی خراپت کردوە، سەیرکە کارەکە چی بەسەرداهات، هەموو رۆژێك ئێمە بەخۆمان دەڵـێین کـاتێکی زۆرمان بەدەستەوەیە بەیانی ئەو شتە فێردەبم سەیری خۆت کـە ئێسـتا گەیشـتیتە کـوێ، ئـەوە کێشـە گـەوەکانن لەگـەڵ ئـەلیزاس، ئـەو خوێنـدنی دوا دەخسـت تابـەیانی، ئێسـتاش ئـەو هاوولاتیانەی لەدەرەوە دانیشتوون، مافی ئەوەیان هەیە پێت بڵـێن مەسـەلەکە چـۆنە. تۆخـۆت وادەردەخست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تـۆ نـاتوانی بـە زمانەکـەی خـۆت بـدوێی، یـا بـە زمانـە تایبەتیەکەی خۆت بنووسی، بەڵام ئەی فرانزی بچووکی هەژار، تۆ خراپترینیان نیت، ئێمـە هـەر هەموومان بارێکی گەورەمان لەسەرزەنشت کردنی خودی خۆمـان لەسەرشـانە، دایـك و باوکـت نەیان دەزانی کە پێویستە تۆفێر ببی، پێیان باشتربوو کەتۆ لەکێڵگـە، یـا لەئاشـەکە کاربکـەی تاپارەیەکی زیاترت دەست کەوێ، منیش بەڵێ منیش، دەبێ گلەیی لەمنیش بکرێ . زۆر کـات

لەبری ئەوەی وانەکانت بخوێنی، دەمناردی گوڵەکانم ئاو بدەی، یا ئـەو دەمانـەوی حـەزم دەکـرد بچمە ڕاوە ماسی، مۆڵەتم پـێ دەدای. پاشـان لـە بابەتێکـەوە بـۆ بابـەتێکی تـر دوای ئـەوەی مامۆستا هامل باسی زمانی فەرەنسی بۆکردین وگوتی جوانترین زمانە لەجیهاندا، پاکترینیانـە، دەوڵەمەنـد ترینیانـە لەمەنتیقـدا، تـەنیا ئەوەنـدەمان لەسـەرە پارێزگـای بکـەین، کـە ئـەو لەنێوانماندایە و هەرگیز لـەیادی نەکـەین، لـەکاتی کۆیلـە کـردنیش، خـەڵك زیـاتر دەسـت بـە زمانەکەیانەوە دەگرن، بەوپێیەی ناونیشانیانەو هەروەك کلیلـی کردنـەوەی گرتوخانەکـەیان بـێ، هەردوای ئەوەش کتێبی ڕێزمانەکەی کردەوە و وانەکەی بۆ خوێندینەوە چەند مایەی سەرسوڕمانم بوو، چونکە من زۆر بەباشی تێی گەیشتم، هەموو ئەوشتانەی دەیگوت، ئاسان بوون، زۆر ئاسان بوون، هەروەها منیش پێم وایە، پێشتر بەو گرینگی پێدانە، گوێم بۆ ڕانەدەگرت. ئەویش هەرگیز بەو هێمنیە هەموو شتێکی ڕوون نەکردەوە، مەسەلەکە وادەردەکەوت، ئەوپیاوە هـەژارە بیـەوێ بەرلەوەی کاتی ڕۆیشتنی بێ، هەموو زانستێك لە زەینماندا بچەسپێنێ. بەیەك جار هەمووی بۆ مێشکمان بگوازێتەوە، دوای بابەتی ڕێزمان، وانەی نووسینەوەمان هەبوو، ئـەو ڕوژە مامۆسـتا هامل کۆ پیەکی تازەی لابوو، کە بەدەسـت خـەتێکی جـوان و بەرچـاو نووسـرابۆوە. فەرەنسـا، ئەلزاس، فەرەنسا، ئەلزاس وشەکانی لەچەند ئالآیەکی بچووك دەچوون کە لە هەموو سووچـێکی ژوورەکەی قوتابخانە دەشەکانەوە، هەروەك لەقۆڵە ئاسنینیەکانی مێزەکانمان بەسـرابن، پێویسـتە ئەوەت بینیبێ کە چۆن هەر یەکە و لەلای خۆیەوە دەست بەکاربوو، ئای لـەو هێمنیـە سـەرەتاپا بیە، خشەی قەڵەکانی سەرکاغەز، تاکە دەنگێك بوو ببیسرێ، جارێکیش هەندێك قالۆچە بۆ ناو و پۆلەکە فڕین، بەڵام هـیچ کـەس گرنیگـی پـێ نـەدان، تەنانـەت بـۆ بچـووکە کەشـیان، کـە بەشێوەیەك دەیجریواند، هەروەك ئەویش فەرەنسی بێ، لەسەر بنمیچەکە کۆترەکـان بـەدەنگێکی نزم دەیانخوێند، لەگەڵ خۆمدا کەوتمـە بیرکردنـەوە، ئـاخۆ تەنانـەت کۆترەکـانیش ناچـاردەکەن، بەزمانی ئەڵمانی گۆرانی بڵێن؟ هەرجارەی سەرم لەسەر کتێبەکە بەرزدەکردەوە، مامۆستا هاملم دەبینی زۆر بەهێمنی لەسەر کورسیەکەی دانیشتووە، لەشتێك ورد دەبۆوە پاشان سەرنجی دەچووە سەرشتێکی دیکە هەروەك بیەوێ هەموو شتەکانی ئەو پۆلە بچووکەی قوتابخانە، لەزەینی خۆیدا چاپ بکا. بێنە بەرچاوی خۆت، بەدرێژایی چل ساڵ مامۆستا هامل لەهەمان ئەو شـوێنە بـووە، خۆی باخچەکەی کـە لـەودیوی پەنجەرەکانەوەیـە، هـەروەها قوتابیـەکانی کـە بەهـەمان شـێوە لەبەردەمیدا دادەنیشتن، ئێستا مێز و تەختەکان ڕێك دەخەینەوە، ئێستا زۆر جوانتر دەردەکـەون، دارمۆزەکەی باخچەکە زۆر لە جاران بەرز تر دەردەکەوێ، درەختـی هویگاینەکـە کـە بەدەسـتی

خۆی چاندبووی، چۆن گەلاکانی دەوری پەنجەرەکانیان داوە تا دەگاتە سەر بانەکە. ئەو پیاوە هەژارە دەبێ ئێستا چەند خەمباربێ کە گشت ئەو شتانە لەدوای خۆی جێ دەهێڵێ، کاتێك گوێی لە براکەی دەبێ کە لە ژوورەکەی سەرەوە کەلوپەلەکان کۆدەکاتەوە لەبەر ئەوەی دەبێ رۆژی دواتر بڕۆن. مامۆستا بوێریەکی تەواوی هەبوو کەهانی دەدا، تاکۆتایی گوێ لەوانەکان بگرێ. چونکە دوای وانەی نووسینەوە، وانەی مێژوومان هەبوو، لەپاش ئەویش منداڵەکان سروودی (با،ب،بی،بو،بوو) یان دەگوتەوە، هاوسەری بەسالاچوو، لەپشت ژوورەکە چاویلکەکانی لەچاو دەکرد و کتێبەکەشی لەناودەست بوو، لەگەڵ منداڵەکان پیتەکانی دەگوتەوە. هەروەها دەت توانی گریانەکەش ببینی، چونکە لەگەڵ گوتنەوەکە دا دەلەرزی. دەدەت توانی ئەوەش بیبیستی، کە ئێمە هەمووومان ئارەزوومان دەکرد پێ بکەنین و بگرین. ئای ئەو ساتەم چەند باش لەیادە، دوا وانەبوو لەناکاو زەنگی کلێساکە کاتژمێر ١٢ی راگەیاند، دوای ئەوە ئەنجلیۆس لەو دەمەشدا کەڕەنای برووسیەکان، لە گەڕانەوەشیاندا، لەخوارەوە و لە پەنجەرەکانەوە دەبینین مامۆستا هامل بەروویەکی گرژ لەسەر کورسییەکەی هەڵدەستێ، کە هەرگیز پێشتر بەو بالا بەرزیە نەمبینیبوو، وگوتی: هاورێکانم. . مـن. . مـن، بەلام شتێك خەریك بوو بیخنکێنێونەیتوانی لەقسەکردن بەردەوام بێ لەدوای ئەوە رووی بەرەو تەختە رەشەکە وەرچەرخاند، پارچە تەباشیرێکی هەڵگرت، بە زۆر لەخۆکردنەوە، بەهەموو هێزیەوە و ئەوەندەی لەتوانایدا هەبوو بەپیتی زۆرگەورە نووسی

VIVE LA FRANCE

ئینجا وەستا، سەری سوڕاندەوە و پشتی بەدیوارەکە دا، بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەك بدرکێنی بەدەس ئاماژەی بۆ کردین
قوتابخانە تەواو. . . . . . . . . . . دەتوانن بڕۆن!!

سەرچاوە:رۆژنامەی التاخی ژمارە٥٩٩١
رۆژی ٢٥/١١/٢٠١٠
عبدالصاحب محمد البطیحی کردوویە بەعەرەبی

# مردنی نووسەر

چیرۆکی:عیسام ئەلقدسی

خۆی لەناو گۆڕستانێکی چۆڵدا بینی، لەبەر دەم گۆڕێکی بەتاڵ وەستاوە، کەهێشتا تازەبوو، چەندین کۆمەڵە خۆڵ وشوێن پێ دەوریان داوە، کەوتە لێ وردبوونەوەیان، هەروەك لە ئاوی رووبارێك وردببێتەوە. ژیان بەمجۆرەیە ئامادە بوون و نەبوون، سەری لەوە سوڕما کە گۆڕەکە بێ تەرمە، بەنهێنیش پێکەنی ( هەندێك مردوو تەرم جێ ناهێڵێ )، سەیری شێوەی خۆی کرد، بەبێ خۆماندووکردن زانی کەوا چەند کاتژمێرێك دەبێ، ئەوە گۆڕی خۆیەتی، ترسی لێ نیشت، ئاخۆ من ئێستا مردووم. . . مەحاڵە. . نا. . نا، نابێ بمرم، زۆر کارم ماوە دەبێ تەواویان کەم، چەندین بیرۆکەی باشم هەن دەبێ بیاننووسمەوە چەندین کتێبی تازە هەن دەبێ بیانخوێنمەوە، هاوڕێکانم بەون بوونی من خەمبار دەبن، ئافرەتێکی گەرم کە خۆشەویستی لەگەڵدا دەکەم، منداڵە جوانەکانم. بڕیاریدا بگەڕێتەوە ماڵەوە، بیری کردەوە چییە ئەگەر روو لە بڕێك بکەم، و هەندێ ئازایەتی وەرگرم، بەڵام بیری کەوتەوە ئەو تەنیا تارمایی پیاوێکی مردووە، دوا سەرنجی لەگۆڕەکەی خۆی دا و سەیری ئاسمانە شینە کاڵەکەی کرد، کەخۆرێکی مس ئاسای لەناوەڕاستدا بوو لە باڵندەکانی ڕوانی، بێدەنگی باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشابوو، ئەویش بەتێپەڕبوونی بەنێو گۆڕەکاندا و لەگەڕانەوەیدا بۆماڵەوە، هەستێکی فراوان و قوڵ و ناکۆتایی دایگرت. (دواشتێك کەبیرم بکەوێتەوە، من دوێنێ بەیانی بەئاگا هاتمەوە، هەستم بەسەر سوڕمان دەکرد و چڕنووکەکانی دڕندەیەك دڵی پارچە پارچەکردم، هەوڵم دەداو لەتاو ئازاردا هاواربکەم، بەڵام دەنگم دەرنەدەچوو، هەناسەم کەم کەم لەسەر خۆتر دەبوو پاشان هەستم کرد شتێك بەخێرایی دەمسووڕێنی و بۆقووڵایییەکی زۆر دوورم دەبا.

لەو کاتەدا گوێم لەخێزانەکەم بوو لەمەتبە خەکە بانگە دەکردم و بەدەنگێکی بێزارکەر داوای لێدەکردم، هەڵسم، بەڵام نەمدەتوانی وەڵام بدەمەوە، چەند خولەکێك وازی لێ هێنام، کە ئەو کاتە وەکو هەموو ڕۆژێك نانی بەیانی ئامادە دەکرد. ئەمجارە بانگ کردنەکەی توند بوو، پاشان کچە بچووکەکەمی بەداوادا ناردم

- باوکە، هەڵسە بۆ سەرکار بڕۆ.

-. . . . . . . . . . . .

بەسەر چاپاکە دەکـەوێ، گەمــە لەگـەڵ روومــەتم دەکـا، بەدەسـتە بچـووکەکانی، شـانم رادەکێنێ

هەوڵ دەدا بمجووڵێنێ بێ سوودە، لەدواییدا دەیەوێ فیلم لێ بکا:.

باوکە لە رۆژنامە تەلەفۆنیان بۆکردی.

. . . . . . . . . .

- وتمان هێشتا نووستووە.

-. . . . . . . . .

- گوتیان بەئاگای بێننەوە.

پاشان ئەمە دووبارە و سێ بارە دەکاتەوە، شـێوازی دەنگـێ خـۆی دەگـۆڕێ و رسـتەکانی بەجۆرێکی دیکە دا دەڕێژێتــەوە، ئـەم بەیانییــە لەگـەڵ بابــە هــیچ ســوودێکی نییــە. وەکـو بەیانییەکانی پێشوو نییە، کاتێك زوو لەخەو هەڵدەستا و هــەمووانی بــەئاگا دەهێنــا، گـویێ لەگۆرانییەکانی بەیانی دەگرت، ئـارامی نـامێنی و دەچـێتە لای دایکـی: دایکـە بابــە وەڵام ناداتەوە

- بیجووڵێنە

- جووڵاندم، ئەم ئەو وەکو باپیرەم خەوتووە. . بەجۆرە (باڵــەکانی دەکاتــەوە و چـاوەکانی دادەخا و لێوی خوارەوەی شۆڕ دەکاتەوە). لیکاویش لەدەمی دێتەدەرەوە!!

خێزانەکەم رادەکاتە لای من، لێم نزێك دەکەوێتــەوە، بەترسـەوە نـاوم دەهێنــێ. سـەیری روخسارم دەکا دەبینێ رەش هەڵگـەڕاوم، هاواردەکـاو دەقیــژێنێ. بـانگی منداڵـەکانم دەکـا، رادەکەن، بەسەرسوڕماویەوە لەسەرم دەوەستن، گریان و فیغانی ژنەکەم بەرز دەبێتەوە، کوڕەکەم نزیك دەکەوێتەوە سەیری روخســارم دەکـاو هــەوڵ دەدا بــەئاگام بێنێتــەوە: باوکــە، باوکەکــە گەیشتە کۆڵانەکەی نزیك ماڵەوە، کۆمەڵە کەسێکی بینی، هەرئەوسـاتە هەسـتی کـرد (ئـەو کەسە سەیرانە، دارستانەکەیان لەلایە زۆر جەنجاڵکەی گەمارۆداوە ). ئەوەتا من دەگەڕێمــەوە (دوومەڵی خۆبەشـت زانینەکـەیان دەتــەقێنم ). بەبەردەمیانـدارەت بـوو، سـلاوی لێکـردن، وەلامیان نەدایەوە، بەڵکو هەستیان بەبوونی نەکرد، چووە ژوورەوە کۆمەڵە ژنێکی بینی، لــەژووری نان خواردن دەگرین، خێزانەکەشی لــە نێوایـان دانشـتبووە سـەری سـوڕمابوو ، بــەکوڵ دەگـری و فرمێسك بەسەر روومەتەکانی دێتەخوارەوە، سەیری کرد ئەو بەجلە رەشەکانییەوە زەردەخەنەیــەکی

بۆکرد ( بۆ ئەستێرە لەسەر نێوچەوانی بێوەژەنەکان دانانێن )، لەسەر سەکۆی دەرگاکە وەستا بەهێمنیەوە پرسی(بۆ دەگرین؟ !) کەس لای لێ نەکردەوە، گوێی لەدایکی خێزانەکەی بوو، بەدەنگێکی گڕ بەکچەکەی دەگوت: ئارام بە رەوە هەموومان دەمرین. ئەویش بەنهێنی نەفرەتی لێ دەکرد، بەخۆشیەوە قسەکانی قبوولکرد (شتێکی تازە لەمەسەلەکە دا نییە). بەڵکو بەپێکەنینەوە گوتی ( چەند دڵۆپەیەك لەرۆشنایی مانگ بکەوێتەچاوی پیرەژنەکان، یارمەتیان دەدا بەدڵنەواییەوە بمرن. چووە سالۆنەکەوە. کۆمەڵە پیاوێکی بینی لەسەر تاقمە کورسیە جوانەکە دانیشتبوون یەکێکیان بەدەم کۆکەکردنەوە دەیگوت: پیاوێکی باشبوو. ئەوەی تەنیشتی بەچرپەوە:کەسێکی ئالۆز بوو. سێیەمیان گوتی: دوێنی بەیانی بۆ دواجار بینیم، بەپەلە سلاوی لێکردم چووە سەرکارەکەی: سەیری دەورو پشتتان بکەن چی لەو هەموو کتێبە دەکا؟ !

ناسیاوێکیان بەدەنگێکی ماندوو: بێجگە لەوانەی لەکتێبخانەی ژوورەکەیدان.

ئەو لەبەر خۆیەوە ( ئەی گەمژەینە ئەگەر کتێب نەبێ، خەڵك وەکو ئەو رووەکانەیان لێ دێ، کەبەبێ مانا دەژین و دەمرن ). لەگۆشەیەکی دوور دانیشت، چاودێری دەکردن، ئەوانیش بەهۆ شداریەوە دەدوان، پاشان کەوتنە بۆڵە بۆڵ بەدەنگێکی نزم ئینجا هێدی بەدەم قاوە خواردنەوە و جگەرەکێشانەوە بووە دەنگە دەنگ، لەکوتایی ئێوارە بینی، یەك لەدوای یەك دەڕۆن، کەماڵەکەش چۆڵ بوو، هەڵسا بەناو ماڵەکەدا گەڕا، منداڵەکان فرمێسکەکانیان سڕی و چوونە ژوورەکانی خۆیان، بەلاّم ژنەکەی لەجێگای خۆی مایەوە، لەکونێکی ژوورەکەی خۆی بە خەمێکی نوتەك پێچا بۆوە، حەزی دەکرد قسەیەکی خۆشی پێ بڵێ کە پێشتر بەهیچ کەسی نەگوتبێ. لەو کاتدا دایکی چووە مەتبەخەکە قاپ وقاچاغە کەڵەکەبووەکان بشواو و شتەکان ڕێك بخاتەوە. ئەویش کە لەگەڕانەکەبۆوە، گەڕایەوە ژووری کتێبخانەکە. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: (ئای گۆشەگیری پیشەمە!!)، لەبەردەم کتێبخانەکەی وەستاو هاواری کرد (ئەوە کتێبخانە کەمە، چ شانشینێك هەیە شان لەشانی بدا) ئەو کتیبەی دەرهێنا کە دوێنی دەیخوێندەوە و لەسەر کورسییە ئاساییەکەی دانیشت و بەخۆشیەوە ئەوەی دووبارە دەکردەوە (من وەکو چۆلەکەکانم، بۆهیچ شتێکی تر ناشێم ) وکەوتە ناو خوێندنەوە وە.

* سەرچاوە:رۆژنامەی /الصباح ژمارە ٢١١٥ لە٢٠١٠/١١/٢٥ ل/٥

# دیمتر یۆ

چیرۆکی:خۆلیۆ رامون ریبیرۆ

چارەگێکی تر و دەبێتە نیوە شەو، ئەوەی لەمەسەلەکەدا گرینگ بێ ئەمەیە کەوا ئەمڕۆ ١٠ ی مانگی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٥٣ یە، دیمترۆفان فاجنیش لە تۆمارە تایبەتیەکەی خۆی ئەمەی نووسیبوو لە ١٠ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٥٣ سەردانی مایۆس کارلنی هاوڕێم کرد. ئەمەش ڕادەگەیەنم کەوا من خۆم ماریۆس کارلنم و ئەو دیمتریۆ فان فاجنە، هەشت ساڵ ونۆ مانگی تەواوە کۆچی دوایی کردوە. رۆژنامەیەکی ناوەخۆیش چەند هەفتەیەکی کەم لەدوای کۆچ کردنی، تێبینیەکی بەنیازێکی خراپ بلاّو کردبۆوە و دەڵێ ( هەروەك خوێنەران دەزانن کەوا رۆماننووس دیمتریۆ فان فاجن لە (٢) ی یەنایری ساڵی ١٩٤٥ دا کۆچی دوایی کردوە و لەیادەوەریە تایبەتیەکانیدا هاتووە، کە هێشتا بلاّو نەکراوەنەتەوە، چەند بیرەوەریەك هەن کە بۆ هەشت ساڵی داهاتوو دەگەرێنەوە، کەدەردەکەوێ ئەو زوتر نووسیبنی، بەهۆی ئەو هاوڕێیەتیەی کە لەگەڵ دیمتریۆ کۆی دەکردمەوە کەوتمە ئەو پشکنینانەی کەبەپێی گوزارشتە ئاساییەکەم، بەوردبین وەسفیان دەکەم، هەرچەندە من لەوەتەی جەنگی رابردووەوە نەمبینیوە. بەلاّم یادگاریەکی خۆشی لەلا جێهشتووم، چونکە من هەمیشە وەکو پیاوێکی پاك و رشت، دوور لەهەموو خۆ دەرخستنێك دەمبینی، لەبەرئەوە مەسەلەی نووسینی رۆژانەکانی زووتر، بۆ دوور ئەگەر دەگەڕێتەوە، یا گاڵتە یەك بووە لەلایەن ئەو رۆژنامە نووسانەی کە لەدانانی مێژووی ئەو بیرەوەریانە هەڵەیان کردوە، کە هێشتا بلاّو نەکراونەتەوە، یا مەسەلەکە پەیوەندی بە سەرەتای شتێکی گرینگ ونادیارەوە هەیە. دیمتریۆ بەڕێگایەکی نادیار لە مەیخانەیەك لە

ئەمبیریس کۆچی دوایی کردبوو. کاتێك تەرمەکەشی بۆ ئۆترنیخت گوازرایەوە. سەردانێکی تایبەتی ئەو شارەم کردو لە کتێبخانەی گشتیدا دەستنووسێکی یادەوەریەکانیم دۆزیەوە، ئەو دەستنووسەی کە رۆژنامەنووسان بەشێوەیەکی رووکەشی پێداچوونەوەیان بۆ کردبوو، بۆ ئەوەی تەنیا لەنابەرامبەری مێژووەکانی دڵنیابن، پڕبوو لەجێگای سووتاندنی بەجگەرەو پەڵەی قاوەو بەئارامگرتنی زانایەکی نووسینە کۆنەکان توانیم هێواش هێواش هێماکانی لاپەڕەکانی بکەوە، بە تایبەتی ئەوانەی تایبەت بوون بەساڵانی دوای مردنی ' کەپێویستە جیاوازبن، بەخوێندنەوەی یەکەمم بەراستی پشتگیری ئەو رایەی دەکرد. چونکە یادەوەریەکانی باسی گەشتی سەیرو پەیوەندی سۆزداری دەکەن بەڵام هەر هەموویان نائومێدین؟ هەروەها باس لەشتی پڕو پوچ دەکەن. وەك نان خواردن لەچێشتخانەیەك، یا قسە کردن لەگەڵ شوفێری تاکسیەك. لەناکا و چاوم بەوەردەکاریەك کەوت و لەو لاپەڕەی کەمێژووی رۆژی ۲۸/ی یۆلێوی ۱۹٤۸ ی لەسەر نووسراوە دەڵێ: ئەمڕۆ ئامادەی تەرمی ئەرنستۆ یانکلۆس بووم ) — ناوی ئەرنستۆ بانکلۆس بۆمن کەمێك جێگای گومان بووە. بە کەمێك بیرکردنەوە توانیم بگەمە ئەو ئەنجامەی کەوا ئەوە ناوی هاوڕێیەکی هاوبەشی رۆژانی منداڵی هەردووکمان بوو، بەڵێ بەتەواویش تەرمی ئەرنستۆ بانکلۆس لەرۆژی ۲۸/ی یۆلێوی ۱۹٤۸ نێژرا. ئەو دووپات کردنەوەیە هەندێ گومانی لەلا دروست کردم. بەڵام هەندێ ترسیشی رەواندمەوە، پێم وابوو مەسەلەکە تەنیا رێکەوت بووبێ. ئەوەش حاڵە تی پێش بینی کردنێکە لەسروشتی هونەرمەنەکاندا. هیچ جێگای سەر سوڕمان نییە. بەڵام من بەهەموو حاڵەتێك بەمژوڵی مامەوە. بۆ ئەوەی هێوریش بیمەوە، بڕیارمدا لەپشکنینەکانم بگەمە دەرەئەنجامە کۆتاییەکان. ئەو لاپەڕیەی مێژووی ١٤/ی ئەپریلی ساڵی ۱۹٤۹ ی بەسەرەویە دەڵێ ئەمڕۆ سواری ئەو فڕۆکەیە دەبم کە بەرەو ئۆسلۆ دەڕواو سەردانی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەو شارە دەکەم ). دەبوو منیش بەگشت تۆمارەکانی کۆمپانیاکانی فڕۆکە وانید بچمەوە تا لە لیستی گەشتکەرانی یەکێکیاندا ناوی دیمتۆفان فاجنم دۆزیەوە. هەر بۆ زیاتر دڵنیابوون، رووم لە ئۆسلۆکردو لەتۆماری میوانە بەناو بانگەکانی تایبەت بە مۆزەخانەی نیشتیمانی ئیمزای هاو رێکەمم بینی ئەو کاتە هەستم کرد شتێکی سەیرە روودەدا. چەند جارێکیش چوومە گۆڕستانەکان و لە نووسینی سەر گۆڕەکان وردبوومەوە، تا لەناو و مێژووی کۆچ کردنی دیمتریۆ دڵنیابم. کە گۆڕەکەشم دۆزیەوە داوام لە پزیشکی شەرعی کرد تەرمەکەم بۆ بپشکنن، ئەوانیش بۆیان دووپات کردمەوە کە بەڵێ ئەوە خۆیەتی، دیمتریۆ فان فاجنە، بەگەڕانەوە بۆ

تۆماری رۆژانەکانی بڕیارم دا دوا تاقیکردنەوە بکەم و لەولاپەڕەی کەمێـژووی ٣١ی ئەغستۆسـی ساڵی ١٩٥١ ی لەسەرەو دەڵێ هەرئێستا لە ئـەڵمانیا گەڕامــەوە، هـەرگیز فـاریۆن و شارۆچـکەی فریمانی بچووك لەیاد ناکەم، دیدەنییەکانم لەگەڵ ئەو کەم بوون، بەلاّم رۆشن بوون ). بۆیە پێم وابـوو ئەگەر بگەمە ماریۆن بێگومانˇ زانیاریەکی راستەوخۆی زۆر بەدەسـت دێـنم مەسـەلەکەش ئاسـان نەبوو، چونکە هەروەك دەردەکەوێ، ناوی فریمان لەسـەر نەخشـەکاندا نـەبوو. نازنـاوی مـاریۆنیش خرابووە پاڵ زۆربەی ئافرەتانی ئەو ناوچەیە، بەلاّم دوای گەڕان و ماندوو بوونێکی زۆر توانیم بگەمە ئەو ئافرەتە. ئەو وەسف کردنەی کەلەبارەی خۆشەویستە کۆنەکەی پێشکەش کـرد، لەگـەڵ شـێوەی دیمتریۆ دەگونجا، لەوەش زیاتر بەری پەیوەندیەکەی نێوانیانی لابـوو، هەرکـە چاویشـم پێـی کـەوت دووچاری سەرسوڕمان بووم، چونکە هەرچەندە هێشـتا بچـووك بـوو، بـەلاّم سـیماکانی بەئاشـکرا سیماکانی دیمتریۆیان بیرخستمەوە. گەڕامەوە ولاّتەکەم بەدڵنیاییەکی تەواوە و بەلاّم لەهەمان کاتـدا بەبیرێکی پەرش و بلاّو ئینجا دوای ماوەیەکی دوور ودرێژو بە هەندێك ترسەوە زانیم کەوا مـن پـێ لەسەر خاکێکی قەدەغەکراو دادەنێم. کەپەیوەندیان بەو دیاردە ترسناکانەوە هەیە تەنانەت من لـەو بوارەدا راوێژم بە زاناکانیش کرد. بەلاّم هەموویان گاڵتەیان بەداواکاریەکەم هـات و رەتیـان کـردەوە بەبەڵگەکانمدا بچنەوەو گوتیان مەسـەلەکە پەیوەسـتە بـەدوو شـتەوە کـە پێویسـتە یـەکێکمان - مردووەکە یامن — شێت بین بەلاّم لەهەموویان شیاوتر باسی چەند جـۆرێکی جیاجیـای بـیر پـەرت بوونیان دەکرد. بەلاّم بەنەزانینەکەیان خۆیان لەپشت وشەی راست گۆیی دەشاردەوە، لـەو کاتەشـدا سەرسوڕمانم زیاتر بوو، هەروەها ئەو دەرەنجامانـەی کـە تـوانیم پێـان بگـەم کـەم بـوون، چـونکە ئاشکرایە دیمتریۆ لە(٢)ی یەنایری ١٩٤٥ کۆچی دوایی کردوە. هـەروەها جێگـای دڵنیاییـە کـەوا لەساڵی ١٩٤٨ ئامادەی رێ و رەسمـی ناشـتنی ئەرنسـتۆ بـانکلۆس بـووەو لـە سـاڵی ١٩٤٩ لـە مۆزەخانەی نیشتمانی ئۆسلۆ بووە. بەراسـتی لەهـەموو ئەوانـە دڵنیـابووە. بـەلاّم ئەمـە هـەرگیز بێگومان ئەوە ناگەیەنێ کەوا بەروارە ئاماژە پێکراوەکـان لەگـەڵ رۆژ ژمێـری فەرمیـدا یـەکانگیر بوونە. بەڵکو بۆم دەرکەوت کەوا رۆژ ژمێری فەرمی، دوای ئەوە کە رووی‌دا پێـوەرێکی چاکسـازی زەمەنە، بۆ ئەوەی دەشێ ببێتە سەرچاوەیەك بۆ رووداوە خێراکـان، دیـار یکـردی گۆڕانکاریـەکان، مێژووە نەتەوەیەکان، بەلاّم هەرگیز بۆ پێوانەکردنی زەمـەنی نـاوەوەی هـیچ مرۆڤێـك ناشـێ، کـە بێگومان ئەویش زەمەنە گرینگە کە یە. چونکە دەوامی ناوەوەمان نەپێناسە دەکـرێ، نـە دەکـرێ پێورێ، نە دوابخرێˇ و ئاسانە ئەگەر رۆژەکان لەچـەند خولەکێکـدا بـژین، یـا بـە پێچـەوانەوە، یـا خولەکەکان لەچەند حەفتەیەکدا. هەروەك زانراویشە حاڵەتـەکانی دیـاردەی خەوانـدی موگناتیسـی

زۆره یا حاڵەتە زۆر وروژێنەرەکان، یاخود ئەو نەشوەیەی کە خۆشەویستی، باترس، یاخود مادده هۆش بەرەکان، یا دینداریەکی زۆر توند بەرپای دەکەن، بەلاّم ئەوەی من ناتوانم بیزانم، چۆن ئەو دەوامە ناوە خۆییە دەگاتە بواری کردەییەوە؟ وچۆن زەمەنی هەر یەکێکمان لەگەڵ زەمەنی خۆردا دەگونجێ؟ بیرکردنەوە لەزیاتر لەشتێك لەماوەی یەك چرکەدا دەبێتە شتێکی ئاسایی، بەلاّم ئەوەی زۆر ئالۆزبێ ئەنجامدانی ئەو شتەیە لەهەمان ماوەدا. گومانیشی تێدا نییە کەوا دیمتریۆ فان فاجن زۆر شتی لەماوەی زەمەنە کەسیەکەیدا ئەنجام داوە، ئەو شتانەی کە هەرگیز دواتر لەزمەنی راستەقینەدا نەهاتوونەتە دی. هەروەها زۆر شتی کردوون، کە هێشتا نەهاتوونەتە دی. بۆ نموونە دەبینین وەسفی ئەوە دەکا کە چۆن لەساڵی ١٩٥٤ گەشتێکی بۆ هیمالایا کردوەو لەوێ بەهۆی سەرماو سۆڵەوە گوێیەکی لەدەست داوە، یاخود بەبێ ئەوەی زۆر دوور بکەوینەوە، ئاماژە بە رۆژی ١٢/ی نۆڤمبەر ی ساڵی ١٩٥٣ دەکا کەسەر دانێکی ماڵی منی کردوە. کە ئەمەش هەرگیز نە لە زەمەنی مندا نە لە زەمەنی خۆردا رووی داوە، بەلاّم رۆژەکە هێشتا تەواو نەبووەو ئەگەری رووداني هەموو شتێك هەیە. چونکە ئەوە لەیادەوەری یەکانی کاتژمێری دیاری نەکردوە. هەروەها ئەو هێشتا ئاماژەی بە (١٢)ی نیوەشەو نەکردوە. یا لە وانەیە ئەو سەردانەکەی دوا خستبێ بەبێ ئەوەی لەیادە وەریەکانیدا تۆماری بکا. هێشتا خولەکێك ماوە، هەست بەکەمێك بێ ئارامی خۆم دەکەم، تەنانەت ئەو چارەگە کاتژمێرە خۆریەی کە نووسینی ئەو چەند لاپەڕەیە خایاندوو یەتی، بەبێ ڕادە درێژ دەردەکەوێ، بەلاّم هەرگیز لەتوانامدا نییە هەڵبکەم، یەکێك بەپەیژەکەدا سەردەکەوێ، هەنگاوەکانی نزیك دەبنەوە، کاتژمێرەکەم ئاماژە بە (١٢) ی شەودەکا، لەدەرگا درا. . .

ئەوە دیمتریۆیە ئەو. . .

- خۆلیۆ رامون ریبیرۆ نووسەریکی هەڵکەوتووی ولاّتی پیرۆیە لەساڵی ١٩٢٩ لەدایك بووە. چیرۆکەکانی بەبەهەرمە کلاسیکیەکانی ئەدەبی هاوچەرخ دادەنرێن، هەرچەندە رۆمان و شانۆ نامە و وتاری ئەدەبیشی نووسیوە بەلاّم وەکو چیرۆکنووس دەرکەوتووە.

- د. نادیە جەمال ئەلدین کردوویە بەعەرەبی

* سەرچاوە:گوڤاری العربی ژمارە ٦١٧ نیسانی ٢٠١٠

# ڕاوی یاسەمین

چیرۆکی: جۆن ریفن سکرۆف

لەسەر قەرەوێلەی ژمارە ٦ کچێکی خەمباری نـاو ( یاسـەمین). بـە بێـدەنگی پـاڵ کەوتووە. کە منیش هەر بەو ناوەوە بانگ دەکرێم. بەڵام ناوەکان تەنیا وەسف کردنێکـی خاکین و چەشنی کەف سەر ئاو دەکەون و لەسەر رووی ئاوەکە دێن و دەچن. هـەر چـەندە مەسەلەی زۆر لەوە قووڵتر و رەسەن تر بەیەکەوەی دەبەستاینەوە. ئەو مەسەلانەی کەوایان لێکردبوو تەنیا دڵێ بەمن بکرێتەوەو وام لێبکەن رۆژانی پشـووم تـەنیا لـە تـەك ئـەودا ببەمە سەر. رۆژێکی سەخت بوو. قاوشی نەخۆشخانەکە پڕ نەخۆش بوو. ئەمەش وایکرد رۆژەکەم پڕئیش بێ، وەکو بەتاڵ کردنی سەبەتەی تەنیشت قەرەوێڵـەکان. پـڕ کردنـەوەی راپۆرتی تابیەت بە نەخۆشەکان. گۆڕینی برین پێچـەکان وئـاڵوگوڕکردنی سەرپۆشـەکان. پاشان لە نزیکەی کۆتایی کارەکاندا. توانیم چەند خولەکێك بقۆزمەوە و فنجانە قاوەیەك ئامادە بکەم و بیبەم لەسەر کورسـیە پلاسـتیکیە پرتەقالیەکـەی تەنیشـت قەرەوێڵەکـە بیخۆمەوە. چەند سوپاسی ئەو خولەکە خۆشانەش دەکەم کـە بـە هاوڕێیـەتی ئـەو کچـە بەسەرم بردن.

پێی دەڵێم: یاسەمین چۆنی؟

هەروەك بە خێر هاتنی خۆم بکەم. چونکە لەراستیدا یاسەمین هەرگیز وەڵاّم ناداتەوە. و ئەو بە حاڵەتێکی خەمۆکیدا تێدەپەڕێ کە تا قــووڵاّیی بردبــووی. ئــەویش وەکــو مــن یەکێك لە قوربانییەکانی دەریــابوو، چــونکە منــیش بەهــەمان شــێوە یــەکێك بــووم لــە قوربانیەکانی دەریا. بەڵکو هەر لەبەر ئەوەش وشــەکان پچــڕ پچــڕ و لــەناکاو لــە دەمــم دەردەچوون، چەشنی خواردنی سەر سنارەیەکی راوکردن. وشەکان دەکەمە گوێیەکانیەوە، پاشان وازەن دەبەم لە قووڵاّیی ئاوێکی ساردی ڕەنگ شینێکی تەڵخ نقوم دەبــن. بــەمجۆرە هەموو رۆژێك وشەکان بۆ قووڵاّیی خوارەوە دەبەم. تەواو کاتێــك کــە هــاورێ کــەم پــاڵ کەوتووە، ( رۆژێکی پڕ کــار بــوو. کــاتێکی وام نــەبوو شــتێك بکــەم )،ئــەوەم گــوت و بەپەنجەکانم قژەکەیم دەسڕیەوە، لەگەڵ کچێکی لەمجۆرە زۆر زەحمەتە بەرگری دەست لێدانی بکەی، یاسەمین لەم جۆرە ژنانەبوو کە جوانییەکی زۆر دەگمەنی هەبوو. هەر لەبەر ئەوەش خەڵك چەندین هۆکاریان دەدۆزیەوە تا لە نزیکیەوە تێپەڕن. چەندین جــار بینــیم باســیان دەکردو لە وردەکاریەکانیان دە کۆڵیەوە، هەر هەمووشیان (پــاراکۆدا) واتــە لــە ماســیە زلەکان بوون، تەنانەت سیستەرەکانیش ئەوانەی کورسیە جووڵاّوە بە تایەکان پاڵ دەنــێن، کاتێك کەلە قەرەوێڵەکەی نزیك دەکەوتنەوە. دەبوو تا رادەی خۆ خشاندن لەسەرخۆبڕۆن. سەردانی کەرە گەڕۆکە خاوەن چاوە برسی و نەترسەکان. پزیشکەکان ئەوانــەی لــە ناکــاو دەوەستان و بە بێ هۆ پەردە تەنکەکە لادەدەن. کە رێگای تیشکی خۆر دەگــرێ. پاشــان چەند شتێك تاقی دەکەنەوە کە هیچ پێویستی بە تاقیکردنەوە نییە. تەنیا جوانیە بێ هاو تایەکەی شتێك بوو کە من و یاسەمین لە نێوان خۆماندا بەشمان نەکردبوو. منیش هەرگیز بەوە دڵخۆش نەبووم پێم گوت: (یاسەمین لەوانییە باوکت بێت بۆلات )،( حەفتەی رابردوو پێی گوتم).

یاسەمین هیچ نەگوت پێڵووی چاوی چەپی لەریەوە. یــاخود مــن وای بــۆ چــووم. دوو مانگ بەسەر ئەو رووداوەدا رەت ببوو، کەلەسەر بەلەمی باوکیدا قەوما بــوو، کــە بــووە هۆی ئەوەی ئەو لەبەلەمە کەوە بکەوێتە ناو دەریا، تا لە قووڵاّییەکاندا نقووم بوو. دوای ئەوەی ئەندامەکانی لە داوەکانی تۆڕی راوکردن گیر دەبن و ماوەیــەکی کــەمی بەســەردا رەت نابێ یەکێکیان هەستی پێ دەکا. ئینجا ترس و پەشێوی و تۆقین دەســتی پێکــرد و باوکی توانی رزگاری بکا و بۆ ســەر پشــتی بەلەمەکــە بــەرزی بکاتــەوە. پاشــان بــەرەو

گوندەکە گەڕایەوە. کە دوا جاریش گەیشتن ئەوەی بۆ کەنارەکان گوازرایەوە زیاتر لە تەرمی کچەکەی دەکرد.

یاسەمین. بەمجۆرە دەمچرپاند. دەمویست تەنیا ناوەکە بقۆزێتەوەو هیچی تر. ناوی ئەوو ناوی خۆم کە لە چێژی راوکردن دەکەن. دەمویست ناوەکە ببیستیێ. وەکو ماسیەك و خواردنی ئەوەی کە رووبەرووی دەبێتەوە، قوتی بدا. لەبەختی ئەودا ئەو بەیانییە پزیشکێکی لاو دێتە گوندەکەیان تا سەردانی یەکێك لە دراوسێکانی ئەو دەوروبەرە بکا. هەر ئەویش توانی کچە نقوم بووەکە لە کەناری مەرگ بگێڕێتەوە. هەروەها هەر ئەویش بەسەر هاتەکەی بۆ گێڕامەوەو پێی گوتم: چاوەکانی کردەوە و سەیری باوکی کرد. تەنیا یەك وشەی درکاند پاشان جارێکی تر نقوم بۆوە. بەلاّم ئەم جارە لەناو ئاودا نا بەلّکو لە بیێ هۆشییەکی تاریکدا. پاراکۆدا ئەمە دوا وشەی یاسەمین بوو. کە باوکی هات دەستی بەقژیداهێناو نێوچەوانی ماچ کرد. پاشان لەسەر کورسیە پلاستیکیە رەنگ پرتەقالیەکەی تەنیشت قەرەوێلّەکە دانیشت دەستی کچەکەی خستە نێوان هەردوو دەستی خۆیەوە. تەواو وەکو باوکم هەمان دەستە زلە خۆلّەمێشیەکە، کە ژیان زبری کردبوو. ئەو دەستانەی کە راوچیە بەدبەختەکانی پیێ دەناسرێتەوە. هەروەها ئەویش بۆنی دەریای لێدەهات و پیاوە داماوەکە خۆی وادەردەخست کە حالّی باش بیێ. یاسەمین ئەو کچە چەند لە من دەکا. زۆر شتی هاوبەش لە نێوانماندا هەیە. هەروەك یەك قەوارە بین. ئەو بەیانییە زووانەم بیر دێتەوە کە دەست بە قژم دا دە هێنرا تا بە ئاگابێمەوە. پاشان باوکم بە نیوە خەوتوویی لەسەر قەرەوێلّەکە بەرزی دەکردمەوە. بەهەردوو دەستی باوەشم پێدا دەکا و دەمخاتە سەر بەلەمەکەوە. پاشان لە ناو دەریاکەدا دەڕوا. دەنگە گڕەکەی لەناو گوێمدا دەبیستمەوە. دەستە زبرەکانی سەر پێستەم دەگەڕێنمەوە. هەرگیز ئارەزووی چوونم نەدەکرد. بەلاّم من تەنیا منداڵ بووم و ئەو باوکە چی بویێ دەیکا. ئاوە سوێرەکەم لە بیرە. خۆرە سووتێنەرەکە. پلە پلەی شینایەتی و دایکم، کە ئەو لەسەر کەنارەکان هەلّدەلەرزی و هەرچەندە دوور دەکەوتینەوە قەبارەی زیاتر بچووك دە بۆوە. هەروەها تەختە دارەکانی بەلەمەکەو تاشە بەردەکەی بەستنەوەیم لەیادە. قیژەی نەورەسەکان و نارەزاییەکانیانم لەبیرە. ( یاسەمین ژیانێك لەناوەوەتدا هەیە. ژیانێکی تەواو. ئاخۆ گویێت لێنیە بانگت دەکەم؟ ). هەرگیز نا.

بەتوندی دەرگای قاوشەکە پێك دادرا بینیم باوکی یاسەمین بەرەو لای ئێمە دێ. چەپکە گوڵێکی هەڵگرتبوو لەگەڵ زەردەخەنەیەك. زەردەخەنەیەك بۆمن. تەنانەت لە دوای مردنیش منداڵە شاردراوەکەی ناخم زەردەخەنەی باوکم دە بینێ. یاسەمینیش بێگومان هەمان زەردەخەنە دەبینێ. زەردەخەنەی ئەو پیاوە بە دیاریکراوی. پیاوەکە چەپکە گوڵێکی بەدەستەوەیەو بەرەو لای ئێمە دێ. لەتەنیشت قەرەوێڵەی کچەکە وەستا. دەستی بەقژی دا هێنا. لەوکاتەی کە شتێك زۆر بەتوندی بەناخمدا تێدەپەڕی. لە روخساری یاسەمین وردبوومەوە و لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووم لەرەیەك لە پێڵووی چاوی چەپیدا ببینم.

. . . . . . . . . . . . . . .

جۆن ریفن سکرۆف نووسەرو رۆمانووسێکی ئینگلیزیە.

فاتیمە ناعوت کردوویە بەعەرەبی کە نووسەرو وەرگێڕێکی میسریە

سەرچاوە:گۆڤاری العربی ژ ٥٤٢ یەنایری ٢٠٠٤

# سوكرات سەر لە نویٚ باجەكە دەداتەوە

چیرۆكی: فاتیمە عەبدوڵلاٚ

بوەستن. چاوەڕوان كەن، ناشتنەكە راگرن. .

سەرەكان بۆلای سەرچاوەی دەنگەكە وەردەچەرخێن. مردووەكە دادەنێن. چاوەڕوانی دەكەن و وەبیرۆكەی ئەوەیان بۆ هات پزیشكەكە لە سەلماندنی مردنەكە هەڵەی كردبیٚ. بەڵكو هەر بوورابێتەوەو نەمردبیٚ. خۆشی جێگای ئەو خەمبارییەی گرتەوە كە هەر لەسەرەتای گۆڕ لێدانەكەوە شوێنەكەی گرتبۆوە. چاوەكان بە ئومێدی ئەوە دەبریسكانەوە مردووەكە بۆ ژیان بگەڕێتەوە. ئەو گەڕانەوەیەی كە چەشنی لە دایك بوونێكی تازە وایە. گشت كەس و كاریش لەو ساتەدا بڕیاریاندا ئەو جارە یارمەتی بدەن ژیانێكی تر جیا لەو ژیانە پڕ نەگبەتیەی بەسەر ببا. كە هەر لە هەڕەتی لاویدا سەری تیا چوو!!!

ئەوەتا مێرد منداڵێك بە پێش دوو پۆلیس كەوتوە و ئەوان هاوار دەكەن: ناشتنەكە راگرن!!

هەر كە بە هەناسە بڕكێوە گەیشتن. كفنە سپییەكەیان لەسەر مردووەكە لادا كە بە هۆیەوە رەشایەتی دەستیان زیاتر دەركەوت!! لە بری ئەوەی ماچی ژیان پیٚ بە خشینی بكەن. دەستەكانی مردووەكەیان كەلەپچە كردو روویان لە خەڵكەكە كردو گوتیان: بۆ دادگا داوا كراوە!!

سوكراتی بەسالاٚچوو كە پلەو پایە یەكی تایبەتی هەیە و لەلایەن سەرجەم ئامادە بووانەوە رێزێكی زۆری لیٚ دەنریٚ دێتە پێشەوەو دەڵیٚ: بەلاٚم مردوە!!

یەکێك لە پۆلیسەکان کە روخسارێکی توندی هەبوو دەڵێ: یاسا دەبێ رێچکەی خۆی بگرێ. سزای دار کاری کردنی لەسەرە. پاش جێبەجێ کردنی سزایەکە دەتوانن رێو رەسمی ناشتنەکە تەواو بکەن. کەس و کارەکە سەرنجە کانیان دەگۆڕنەوەو لە نێو نارەزایی شاراوەیان لە ترسی دەستەلاّت. دەپرسن ئاخۆ دەکرێ بڕیارەکە لە گۆڕستان جێبەجێ بکرێ. وەکو رێز گرتنێك، لەبەر ئەوەی مردووە تا بەپەلە بنێژرێ . پۆلیسەکەی تر کەسەر و سیمایەکی ساویلکانەی هەبوو. هێشتا لەبەر راکردنەکە هانکە هانکی بوو گوتی: بەلاّم بڕیارەکەی دادگا روونە. دەبێ لە گۆڕە پانەکە سەد جەلدەی لێ بدرێ، تاوەکو ببێتە پەندێك بۆ پێلاّو دزەکان!

داواکراوەکە هەڵدەگیرێ و لەگەڵ زیادبوونی هەناسەبڕکێی دوو پۆلیسەکە و کەوتنە سەر زەوی سوکرات. دەخرێتە ناو گالیسکەی گرتووخانەوە. . . . ؟ !!!

* نووسەرێکی ئیماراتیە

سەرچاوە:گۆڤاری دبی الثقافیة ژمارە ٦١ یۆ نیۆی ٢٠١٠

# پیاوە ئەفریقیەکە

چیرۆکی: شەهاب سدقی

ئای لە دێوەزمەیەکی قورس بەئاگاهاتمەوە، لەشم ئارەقـەی لیّ دەتکـیّ، پەنجـەی دۆشـاو مژەی دەستی چەپم ئازارم دەدا، لەناولەپی دەستم، بەتوندی قۆپچەکەم گرتووە، کـە لەوانەیـە لەسەر پۆشەکەم کردبێتەوە، کەداوەکەی پەنجەی بریندارکردم، لەتاو ئەو ئازارە خەریکـە سـەرم بتەقیّ، هەرکە چاوم دەکەمـەوە و دەینووقێنمـەوە، لـەولاو لـەلای قاچـم پیـاوێکی مـردوو راکشاوە، کە بەراستی خۆیەتی، ئەو پیاوەیە کە لەخەونەکەمدا بینیم، بەقژە لوولە ئالۆزەکەی و و رەنگە رەشەکەیەوە، شانەکانی ئاوسابوون، هەردوو دەستی بە تەنیشتیەوە درێـژ کرابـوون. ناولەپەکانی کرابوونەوە، تەنانەت من دەمتوانی هێڵی درزە سپییەکانی سەر پێستە ڕەشەکەی ببینم بەلاّم بەشی خوارەوەی جەستەی هیچ بوونێکی نـەبوو، بـەوردی تیـیّ دەڕوانم، هـەروەك هێواش هێواش لەبەر چاومدا بجوولێتەوە، سەرەتا دەستەکانی، دەستەکانی ژیانیان تیایە، دوو دەستە زلەکەی ئەوەتا پەنجەکانی دەنووشتێنێتەوە و راستیان دەکاتەوە، مشتێکی گەورە بەقەد سەری منداڵێك، پاشان دەبینم راست دەبێتەوە، تێم دەڕوانیّ، ئای خوایـە، ئـەوکارە مایـەی شێت بوونە، ئەوە ئەو پیاوەیە کەلەخەونەکەمدا بینیم. نێوچـەوانە پانەکـەی لـە بـەر ئارەقـە دەبریسکێتەوە، بەچاوە کزەکانی لە چاوەکانم دەڕوانیّ، سـەرنجەکانی هـیچ مانایـەکیان نییـە، نەهیچ شتێکیان تیایە، نەسۆزێکیان هەڵگرتووە، لیوّە ئەستوورەکانی بەسەریەکەوەن، هەروەك

چەقۆیەك روومەتی کردبێتە دوو لەتەوە، دووهێڵی تیژ، ئارەقە شینەکەش بەسەر ملە پانەکەیەوە دیارە. هێواش هێواش لەسەر ئەو روخسارە ڕادێم، تەنانەت هەست بەکەمیك بێزاریش دەکەم. بێگومان دەبێ پیاوە ئەفریقیاییی بێت. بەڵێ ئەو لەکەشتیەکی بازرگانیدا کاری دەکرد، لەکارەکەی بێزاربوو، لەژیانیشدا چەند کارێك هەن، کەمرۆڤ دەتوانێ بەئاسانی ئەنجامیان بداو ڕایان پەڕێنێ، رۆژێك لەرۆژانیش لەودەمەی کەشتییەکە بەڕێ دەکەوێ، ئەوخۆی هەڵدەداتە ناو دەریاوە. هەربوون بینیوویان هەر چەند کەس لە شوێینی خۆی نەجوولایەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکێك هەبوون شوێنی ئەو بگرنەوە و ئەو هەر بەمنداڵی هێنرابوو، کرابووە دەرگاوانی یەکێك لەپاشاکان، کەخاوەنەکەشی دەمرێ، نەوەکانی ئازادی دەکەن، بەهەر حاڵ نە لە دوور نەلە نزیك، هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نەبوو، هیچ شتێکی هاوبەش لەنێوانماندا نەبوو، تەنیا ئارەزووی ژیان نەبێ، ئەو ئارەزووەی کەمن بەرپەرچیم دایەوە، منیش ئێستا لەوخەونەدا دەژیم، کەبەروونی بینیم، ئەو قۆپچەیەی لەناودەستی چەپیم دایە، لەپاڵتۆی ئەو پیاوەم کردەوە، ئەوەیش زۆر زەحمەت بوو، بەتوندی رام کێشاو پارچە قوماشێکیشم لەگەڵی دڕاند، ئای! واهەست دەکەم مێروو مێشکم دەخوا، رووناکی تیشکی رۆژەکە، لەپەردەکانەوە دزەی دەکردە ژوورەکەم، بەمەش دەمتوانی شتەکانی ژوورەکە ببینم، بەڵام هیچ ئاسەوارێکی پیاوە مردووکە نادۆزمەوە، بەقەد قەبارە گەورەکەی، ئێستا بۆشاییەك لەخوار ئەو جێگایە دەبینم، کەلەسەری پاڵ کەوتووم، ناولەپی چەپەم دەکەمەوە، قۆپچەیەکی تەڕی بەئارەقە دەبینم، بەڵام ئەوەنەبوو کە لە خەونەکەدا بینیم. . . . . . . . . . ،

لەبەندەربووم، کەنارەکەش چۆڵبوو، ئاوە تەڵخە سپییەکە وەستابوو، پارچە تەختەدارە بچووکەکانیش سەرئاو کەوتبوون، کەزنجیرە ئاسنە ژەنگاوییەکەی ناو ئاوەکە لێژدەبووەوە، چەندین قوتووی تەنەکەی بەتاڵ پەرتوبڵاوببونەوە، ئێمە نزیکەی سی تا چل پیاو دەبووین، بەیەکەوە لەسەر شۆستەی بەندەرەکە هێرشمان بۆپیاوە ئەفریقیە کە برد، ئەو بەهەنگاوی جێگیرەوە بۆ دواوە دەگەڕایەوە، بێگومان دەیزانی مەبەستمان چییە، کاتێك لەگەڕانەوە شی گەیشتە زۆر دڵڕەق بووین، بە هێمنی شوێنی، کەوتین، هەرچەندە کەس لەخۆی ڕانەدەبینی، یەکەم گورزی تی بسرەوێنێ ئەو بەساردییەوە تێی دەڕوانین، سەرنجێکی بێ مانا نە سۆزی تێدابوو، نە پرسیاری لەگوناهێك دەکرد نەداوای لێخۆشبوون بوو

هەروەك هاربووبین یامەسەلەکە کۆبوونەوەی رانەمەڕێك بێ لەسەر گورگێك

ئەو هەروەکو خۆی وەستابوو و هەوڵی نەدەدا بەخۆهەڵدانە ناو دەریاوە یا بـەڕاکردن خـۆی رزگار بکا، ئەو پیاوە نازانم بۆ دەمویست بیکوژم، نازانم بـەلاّم دەزانم ئـارەزووی کوشـتنیمان دەکرد، گورزی یەکەمیش زۆر کوشـندەبوو سـەوڵی بەلەمەکـە، چەشـنی تـەوەری جـەللادێك بەرشانی کەوت، دەنگێکی لێوە هات لەگـەڵ بیسـتنی وامـان زانـی یـەکێك لەئێسـقانەکانی شکاوە وردوخاش بوو، جەستەی لاربۆوە، پاشان بەخۆگرمۆڵە کردنەوە کەوتە بەردەم بەلەمەکە ٫ بەبێ ئەوەی هیچ دەنگێك، یا چرکە یەکی لێوەبێت. بەزۆر لەخۆکردنەوە هەڵسایەوە، ئـاوڕی لێ داینەوە، لەیەك بەیەکمان ڕاما، پێم وابوو پیاوەکە لەهەمان ئەو کاتە کۆچی دوایـی کـرد. چاوەڕوانی گورزی دووەم سێیەمی دەکرد. کە لە وەشاندنیدا دوانەکەوتین!! دوای کـەمێکی تـر لەسەر گاشە بەردەکانی بەندەرەکە وەکو تەرمێکی ساردوسڕ لەسەر پشت کە وتبوو. دەکرا بـە پێلەقە لەلاشە زلەکەی بدرێ، تافرێ دەدرێتە ناو دەریاوە. مەزەندەش دەکرا ئێمە لەبەر پـیس نەبوونی ئاوی دەریاکە فرێمان نەدابێتە ناو ئاوەکەوە، پاشان مەسـەلەکە چـۆن دوایـی هـات و چۆنە هەموو بلاّوەیانەلێکرد. ؟

ئاخۆ خەڵکی شارەکە هەموویان مردن و تەنیا ئەوڕانە مەڕە لەگەڵ گورگەکە مایەوە کەتا ئێستا نازانم چ تاوانێکی ئەنجام دابوو؟ من ئەوەم بیرناکەوێتەوە، چـونکە تـاریکی و تـەپوتۆز دەوری هەموو ئەوشـتانەیان دابـوو کـەپاش ئەنجامـدانی تاوانەکـە پیایانـدا ڕەت ببـووم. تـا گەیشتمەوە ماڵەوە، کاتێك بەهەنگاوە قورسەکانیشم بەسەر پەیژەکەدا دەکەوتم، ژنەکەم لەوێ وەستابوو، لەبەر دواکەوتنم نیگەرانی پێوە دیاربوو: شەهاب تا ئەو کاتە درەنگە لەکوێ بووی؟ هەوڵم دا قسەبکەم و شتێك بڵێم، فشارم خستە سەرگەرووم تەنیا یەك وشەی لێ هاتە دەرەوە: لەیانەبووم!!ئەو گوتی: شەهاب هەرگیز رووی نەداوە تۆ وەکو ئەمشەو دوابکەوی؟ پاش ئەوەی بەلایدا تێپـەڕیم و چـوومە ژووری نووسـتن، ژنەکـەم بەدوامـداهات کاتێـك لەبـەر ڕۆشـنایی گڵۆپەکەش روخساری بینیم هاواری کردو گوتی: نەخێر درۆم لەگەڵ دەکەی، درۆیە. خـۆی بـە چوار پایەکەدا کێشاو دەستی کردە گریان و هەوڵمدا بڕۆم سەرم بەرز کردەوە سەیری ئاوێنەکـە بکەم ئای خۆ من لە چوار چێوەی مرۆڤ دەر چوومە، مرۆڤێکی تر بووم و قۆپچە رەشەکە لەناو دەستم دەبریسکێتەوە کە لە جلی ئەو پیاوەم کردەوە کـە کوشـتمان. هـەرگیز نـابێ ئـەوە لـە شارەکەی مندا رووبدا هەرگیز نابێ چەوساندنەوە هەبێ. دانیشتوانەکەی خەڵکێکی چاکن گوێ بە جیاوازیەکانی زمان و ئاین و رەگەز نادەن و ملیان لەبەرامبەر یاسادا لە دەزوویەك باریکترە و نابێ سێ پیاو بەو شێوەیە پیاوێك بکوژن. کەواتە ئەمە چـۆن روویـدا؟ ئـەو خەونـەم چـۆن

بینی؟ تێناگەم لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە ئەو رۆژانە بێکارم و پێشبینی کاری خراپە لە خەڵکی تر دەکەم. یاخودشتەکان دوور لە هەقیقەتی خۆیان قبەڵ دەکەم. کێشەی گوزەرانم. نا ئوم‌ێدیم. نەتوانینی دەست هەڵگرم لەوشتانەی کەلەسەر یان ڕاهاتووم. ئەو کێشە و ناخۆشییانەی گیان و جەستەیان قورس کردووم، لەوانەیە گشت ئەوانەی لەگۆشەیەکی زەینی ناوەوە وعەقڵی بێ ئاگاییمدا جێگر بووبن وهەردە بوو رۆژێك لە رۆژان ببنە خەونێکی سامناك. ئەمەش هەرگیز مایەی بایەخ پێدانی من نییەو بەقەد مەسەلەی پیاوە رەشە ئەفریقیەکە زەینم مژوڵ ناکاو بەقەد ئەو تاوانەی ئەنجامی داو ئەو پیاوانەی ناچارکرد بیکوژن، بەمەش مرۆڤایەتیی خۆیان لەبیرکردو خوێن لەدەمارەکانیاندا کۆڵاو تاوانەکەیان کرد. هەر ئەمەش دەموروژێنێی و دەڵێم ئاخۆ دەبێ من ئەو مرۆڤە هەژارە نەبم؟ یائاخۆ دەکرێ هەموو ئەو وڕێنە ترسناکانە بەکوشتیان دابم، کەلە زەینمدا جێگر بوونە؟ بەهەر حاڵ هەرچۆن بێ هیچی لێ نازانم . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

---

شەهاب سدقی: سدقی: ساڵی ١٩١٥ لەدایك بووە و یەکێکە لەچیرۆکنووس و ڕۆماننووسە ناودارەکانی تورکیا، لەکۆلێژی یاسا لەتورکیا خوێندوویەتی. لەبواری راگەیندن ولە وەزارەتی پەروەردە و بانکی کشت وکاڵی کاری کردوە چەندین کۆمەڵە چیرۆك و رۆمانی هەیە، سنان سە عید ئەم چیرۆکەی کردوە— بەعەرەبی

سەرچاوە:گۆڤاری

الثقافة الاجنبیة العدد ٢ ساڵی ١٩٨١

# لەبەردەم دادگا

چیرۆکی:فرانز کافکا

لە بەردەم کۆشکی دادگا، دەرگاوانێکیان لە بەردەم دەرگا دانابوو، پیاوێکی لادییێ هات، داوای لەدەرگاوانەکەکرد ڕێگای پێ بدا بچێتە ژوورەوە، بەڵام دەرگاوانەکە پێ گوت ئەو ناتوانێ لەم کاتەدا ڕێگای چوونە ژوورەوەی پێ بدا، پیاوەکە کەمێك بیری کردەوە، دەرگاوانەکە پێی گوت: ڕێگات پێ دەدەم، بەڵام ئێستا نا. . . . ، هەرکاتێك دەرگاکەش بکرابووایەوە، دەبوو دەرگاوانەکە کەمێك دوور بکەوێتەوە، بۆیە پیاوەکە تۆزێك خۆی دەچەماندەوە تاڕادەوە دوور و درێژەکە ببینێ، کە دەیتوانی لەدرزی دەرگاکەوە کۆتاییەکەی بەدی بکا، بۆیە دەرگاوانەکە بەپێکەنینەوە لێی دەپرسی: - هیچت بینی؟ ئەگەر ناچاری و هەر دەبێ بچیتە ژوورەوە هەوڵ بدە بەزۆری خۆتی پیا بکە. بەڵام ئەوەت لەیاد دەبێ کەوا من زۆر بەهێزم، پاشان چەندین دەرگاوانی ترهەن، هوڵ دوای هوڵ و دەرگا دوای دەرگا، پاسەوانیی ئەو تەلارە دەکەن. منیش لە هەموویان بێهێزترم، بەتایبەتی دەرگاوانی سێیەمیان کە تەنانەت، خۆم ناتوانم رووبەڕووی ببمەوە، یاخود بەرگەی سەرنجە تیژەکانی بگرم، پیاوە لادێیەکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەو هەموو ئاستەنگەی ڕێگای خۆی نەدەکرد، هەروەك بۆی چووبوو یاسا بۆ هەموو کەسێك ڕێگا پێدراوە، بەڵام دوای ئەوەی لەپاسەوانەکە وردەبۆوە و لێ

نزیك دەكەوتەوە، كە رۆبێكی فەرووی لەبەردابوو لـووتێكی سـەرتیژی زل، بەرِیشـە تەتەریـە درێژەكەیەوە، بریاری دا باشـتر وایـە چـاوەروانی پێـدانی چـوونە ژوورەوە بكـا، پاسـەوانەكە كورسییەكی بچووكی پێدا، تا لەرۆخی دەرگاكە دابنیشێ، مانەوەكەی لـەوێ چـەند رۆژێكـی خایاند، چەندین سالێشی بەدواهات، تەنانەت هـەموو هـەولێكی خسـتە گـەرِ تـابتوانێ لـە دەرگاكەوە بچێتە ژوورەوە، بێهوودە بوو، بەرگەی هێڵەكانی روخساری پاسەوانە كەی گرت، كە هەمیشە رووخۆشی پێوە دیاربوو هەندێك جـاریش هـەربۆخۆی چـەندین پرسـیاری لەپیاوەكـە دەكرد، وەكو شوێنی نیشتەجێ بوونی، جێگای ماڵەكـەی، یـا چـەند شـتێكی تـر و هـەمان پرسیارەكانی بۆ چەندین جار دووبارە دەكردەوە، بەلاّم جار بە دوای جار بـە شـێوازی جیـاواز، لەسەر شێوازی خەڵكە گرنگەكانیش پرسـیاری لێ دەكـرد، كـە بیانـەوێ لێپرسـینەوە لەگـەڵ یەكێكدا بكەن، بەلاّم لە هەموو جارێكیشدا كۆتایی پرسیارەكانی بـەوە دەهێنـا، كەپیاوەكـە بۆی نییە لەم كاتەدا بچێتە ژوورەوە، پیاوەكە لەگەشتەكەدا بۆكۆشكی دادگـا چـەندین شـتی بۆخۆی ئامادەكردبوو سەرەرای بەها ماددیەكەیان، یەك لەدوای یەك دەست بەرداریان دەبـوو، وەكو بەرتیل دانە پاسەوانی دەرگاكە، دەرگاوانەكەش بەخۆشیەوە وەری دەگرت، بەلاّم هـەمان وەلاّمی هەموو جارەكانی دەبیستەوە و دەیگوت: من لێت وەردەگـرم تـا هەسـت نەكـەی بـە هەموو رِیگایەك هەولّی چوونە ژوورەوەت نەداوە، بەلّكو تـۆ هـەموو هـەولێكت لـە پێنـاودا خستۆتە گەرِ، لەماوەی ئەو ساڵە دوورو درێژانە، پیاوەكە بەبەردەوامی چاودێری پاسەوانەكەی دەكرد، بوونی چەندین پاسەوانی تری بیرچوو بۆوە و پێی وابوو تـەنیا پاسـەوانی یەكـەم تاكـە رِێگر و بەربەستە. بێجگە لەوانی تر، ئەو رِێگای نادا بچێتە بەردەم یاسا، لەسالاّنی یەكـەم و زوودا بەدەنگێكی بەرز گلەیی لەبەدبەختی خـۆی دەكـردو دەكرِووزایـەوە، دوای ئـەوە چـەند بەناوساڵ كەوتبا، بەبێ ئەوەی كەس بیبیستێ، بێزاریەكـەی تـەنیا بۆخـۆی دەردەبـرِی، بـەلاّم مندالاّنەترو بچووكتر دەبۆوە، پاش ئەوەی لەماوەی ژیانـە دوورو درێـژە كەیانـدا پاسـەوانەكە بەهەموو شـتێك پەسـت دەبـوو كـە لەپیاوەكـە دەربكەوتایـە، تەنانـەت بـەزانینی ژمـارەی كێچەكانی سەریاخەی فەرووەكەشی، چونكە پێی وابوو ئەو كێچانە یارمەتیدەر بوونە بۆ ئەوەی هەڵوێستی بەرامبەر پیاوەكە بگۆرِێ، لە دواییدا بینی پیاوەكـە رۆژ لـەدوای رۆژ بـێ هێزتـر دەبوو، بەڵكو لەتوانیدا نەبوو بزانێ ئاخۆ كاتەكەی بەراستی تاریكە، یاخود چاوەكانی فێڵی لێ دەكەن، تا ئەو كاتەش هەر لەتاریكیەیدا بوو، تەنانەت چیتر لەتوانایدا نـەمابوو، رِیچـكۆڵەی ئەو تیشكە رووناكانەی بێنی كە لەدەرگاكـەی تەنیشـتەوە دەردەچـوون. ئێسـتا لـە كۆتـایی

ژیانیدایە، ماوەیەك بەرلەوەی ماڵئـاوایش بکـا، هــەوڵی دا هــەموو ئــەو ئەزموونانــەی کـە لەماوەی ژیانی دوورو درێژی رابردوو فێریان ببوو، لەتاکە یەك پرسیاری کۆتاییدا کۆبکاتــەوە، ئەو پرسیارەی لەمێشکیدا دەگەڕا، نەیدەتوانی راستەوخۆ پرسیارەکەی ئاراستەی دەرگاوانەکـە بکـا، ئامــاژەی بــۆکرد. لێــی نزیــك بکەوێتــەوە، چــونکە نەیــدەتوانی جەســتە سـڕبووەکەی بەرزبکاتەوە، بۆیە دەبوو پاسەوانەکە بچـەمێتەوە و زیــاتر خــۆی نــەوی بکــا، تــا وشــەکانی ببیستێ، بڕی جیاوازی نێــوان قەبارەشــیان ماوەیــەك بــوو زیــادی کردبــوو، کــە هــەرگیز لــە بەرژەوەندی پیاوەکەدا نەبوو، پاسەوانەکە لێی پرسی: - دەتەوێ ئێستا چــی بزانــی، ئــای کــە هەرگیز تێر پرسیار نابی؟ پیاوەکە گوتی: - گومانی تێدانیە هەموو کەســێك هــەوڵ وکۆشــش دەکا بگاتە یاسا، باشە بۆکەسی تــر، بێجگــە لــەمن داوای مۆڵــەتی چــوونە ژوورەوەی لــەتۆ نەکرد؟

پاسەوانەکە زانی پیاوەکە لەدواییەکانی نزیك بۆتــەوە و هەســتی بیســتنی کزبــووە، بۆیــە بەدەنگێکی بەرز بەگوێیدا هاواری کرد: نەخێر، هەرگیز کەس، بــەڵام تــۆ تاکــە کــەس بــووی کەئەو دەرگایەت بۆ والا کرایەوە وهەوڵت نەدا پیایدا رەت بی، ئا ئەوەتا منیش دەچم تا هەیە دای دەخەم!!!!

سەرچاوە:سایتی القصە العراقیە / زعیم التائی کردوویە بە عەرەبی

# بەختەوەری بۆ فرۆشتن

چیرۆکی: ئەلبرتۆ مۆرافیا

لەدەوروبەری دوای نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێکدا. فەرمانبەری پیرەمێردی خانەنشین ناسراو بە میلۆن. بەیاوەری ئەرمینیای خێزانی و جیۆ فانای کچی لە ماڵ دێتەدەرەوە. خێزانەکەی قەڵەوو بەساڵاچووبوو. کچەکەی لەش و لارێکی لاوازی هەبوو. ئێستا ئەویش بەناوساڵدا کەوتووەو وەکو تێکچوو بێ وایە. بنەماڵە سێ کەسیەکەی ئال میلۆن کە لە کەلە گۆڕەپانی دیللا لیبیریا نیشتەجێن. بە هێمنی و بە پێی هەنگاوەکانی ئەرمینیای قەڵەو سەردەکەون. شەقامی کۆلادی ریاترۆ دەپشکنن. لەبەردەمی یەك بەیەکی کۆ گاکان وردەبنەوە. لە گەڕانەوەشدا شۆستەکەیان لە گۆڕەپانی ریزۆر جیمنتۆ دەگۆڕن و بە هەمان شێوە لەسەر خۆ لە کۆگاکان رادە مێنن و بەرەو گۆڕەپانی دیلا لیبیرتا دەگەڕێنەوە. ئەو چوون و هاتنەوەیە نزیکەی دوو کاتژمێری دەخایاند و کاتە دەست بە تاڵیەکەی پڕ دەکردنەوە. تا نانی شەوانیان دا دەهات، سێ ئەندامە زۆر هەژارەکەی بنەماڵەی میلۆن ماوەیەکی زۆر بوو نەدە چوونە سینەما. نەقاوەخانە. پیاسە کردن تاکە ڕێگای کات بەسەر بردنی ژیانیان بوو. ڕۆژێك لە ڕۆژان و دوای ئەوەی لە کاتژمێری دیاریکراودا چوونە دەرەوەو بە شەقامی کۆلادی ریانزۆ سەرکەوتن و گەیشتنە نزیك گۆڕەپانی ریزۆر جیمنتۆ. کردنەوەە کۆگایەکی تازە سەرنجی هەرسێ ئەندامی بنەماڵەی میلۆنی راکێشا، هەروەك بە ڕێگایەکی سیحری کرابێتەوە، لەو شوێنەی کە تا دوێنێ تۆزی لێ نیشتبوو. ڕوونی شوشەکە ڕیگای پێ نەدەدان شتوومەکەکانی ژوورەوە لە یەکتری جیا بکەنەوە. هەر سێکیان لە کۆ گاکە نزیك کەوتنەوە. بە بێ ئەوەی هیچ شتێك بدرکێنن، نیوە بازنەیەکیان لەسەر شۆستەکە پێك هێناو لەبەر دەمی کۆگاکە وەستان، ئێستا کەلو پەلەکان بەروونی دەبینن. بەختەوەری، سێ ئەندامەکەی بنەماڵەی میلۆن وەکو هەموو خەڵکی ئێرە هەمیشە گوێیان لە باس و خواسی ئەو کالایە دەبوو. بەلام هەرگیز نەیانبینیبوو. لێرەو لەوێ گفتوگۆیان لەسەر دەکرد. هەروەك شتێکی زۆر دەگمەن بێ و بێ هاوتاییەکەشی شتێکی خەیاڵی بێ. تەنانەت گومانیان لە بوونە ڕاستەقینەکەی هەبوو. ڕاستە گۆڤارەکان ناوە ناوە وتاری دوورو درێژی وێنەدار بلاو دەکەنەوە و دەڵێن بەختەوەری لە

ویلایەتە یەکگرتووەکان هەیە. ئەگەر بە شێوەیەکی گشتیش نەبێ. بەڵام بەلای کەمەوە بە ئاسانی دەست دەکەوێ. ئەگەرچی هەروەك دەزانین ئەمەریکا ولاتێکی زۆر دوورە. ڕۆژنامە نووسەکانیش خەیاڵ بۆ زۆر شت دەبەن. وا پێ دەچێ بەختەوەری لەسەردەمە هەرە کۆنەکاندا زۆر بووبێ، بەلاّم میلۆن وەکو زۆر لەوانەی کە ئێستا بەناو ساڵ کەوتوون. هەرگیز بیری ناکەوێتەوە بینیبێتی. ئا ئەوەتا بازرگانی پێ دەکرێ، ئەو شتە قەت رووی نەداوە، هەروەك مەسەلەکە پەیوەست بێ بە پێڵاّوو کەلو پەلی خواردن ئامادەکردنەوە. بەلاّم ئەوەتا کالاّکە بە ئاشکرا نمایش کراوەو خراوەتە بەردەست هەموو کەسێك کەتوانای کڕینی هەبێ. ئەوەش بووە مایەی سەرسوڕمانی هەرسێ ئەندامەکەی بنەماڵەی میلۆنی. بە شێوەیەك لەبەردەم کۆگاکە وەستابوون هەروەك بووبنە بەرد. دەبێ بگوترێ کەوا ئەو کۆگایەی شتوومەکەکانی بەباشی نمایش دەکرد، رووی پێشەوەی بەبەردی ترافریی بریقەدار نەخشێندرابوو. ناوەکەشی بە لافیتەیەکی شێوازی ساڵی ١٩٠٠ نووسرابوو. گشت کەمالیات و جوان کاریەکانیشی لە کانزایەکی ئیتالی بە نیکل روو پۆش کراو دروست کرابوون. هەروەها مێزەکانی ژوورەوە لەسەر دوا مۆدە بوون. دوو یا سێ فرۆشیاری گەنجی گورج گۆڵی ڕێك پۆش تەنیا بە دەرکەوتنیان سەرنجی ئەو کڕیارانەیان رادەکێشا کە زۆر دوو دڵ بوون. بەختەوەریەکانیش چەشنی هێلکەی جەژنی هەڵسانەوە بە پێی گەورەییان نمابش کرابوون. تا لەگەڵ هەموو بودجەیەکدا بگونجێن. بچووك. ناوەندی، مەزنیان تێدا بوو. لەوانەیە ساختەش بن. یا هەر بۆ پڕوپاگەندە داندرابن. هەموو بەختەوەریەکیش کارتی خۆی هەبوو. کە نرخەکەی بە پیتی چاپ کراوی لار بۆوە تۆمارکرابوو.

کارەکە بەوە کۆتایی هات میلۆنی پیرە مێرد وەکو بیەوێ گوزارشت لە بیری ئەوان بکا بە هێزەوە گوتی: ئا ئەوەها هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد. . . . . . . . .

کچەکە بەبەرائەتە لێی پرسی: باوکە بۆ؟

پیرەمێرد بە بێزاریەوە وەلاّمی دایەوەو گوتی:لەبەر ئەوەی چەندین ساڵە دەڵێن بەختەوەری لە ئیتاڵیا نییە. بەختەوەریمان کەمە و هاوردە کردنیشی زۆری تێ دەچێ، ئائەوەتا کۆگایەك دەکەنەوە کە هیچی تیا نافرۆشن تەنیا بە ختەوەری نەبێ!!

کچەکە گوتی: لەوانەیە کانێکیان دۆزیبێتەوە!

میلۆن بە هەڵچوونەوە گوتی: بەلاّم لە کوێ و چۆن، ئەی ئەوان هەمیشە ناڵێن ناخی زەوی لە ئیتاڵیا هیچی تێدا نییە. نە ئاسن. نەنەوت. نەخەڵووز، نە بە ختەوەری،. . . پاشان شتی

تر هەیە. پێویستە بیدۆزینەوە. بە خەیاڵتتدادێ!! من وا هەست دەکەم کە چەند ناو نیشانێکی گەورە دەبینم. وەك بڵێ دوێنێ فلاڵنە کەس لە چیاکانی کادور دەسوڕایەوە و جۆرێکی نایابی لە کانێکی بەختەوەری دۆزیەوە. هێی، نەخێر. نەخێر. ئەوە کالاّ یەکی بیانییە.

دایکەکە بە هێمنیەوە بەشداری قسەکانی کردو گوتی: باشە. کێشەکە لە چی دایە. ئەوان بە ختەوەریان زۆرە و ئێمە لێرە نیمانە و هەندێك کەس هاوردەی دەکەن، سەیرەکەی لە چی دایە؟

پیرەمێرد شانەکانی راتەکاندو گوتی: بیانووی ناماقوڵ. ئاخۆ تۆ لە مانای هاوردە دەگەی؟ ئەوە وادەگەیەنێ پارەیەکی بەنرخ سەرف بکرێ. پارەیەك کە دەتوانین بۆ کڕینی گەنم بە کاری بێنین. ولاّتەکەمان لە برسانا دەناڵێنێ. ئێمە پێویستیمان بە گەنمە. هەرچی بڵێی ناکرێ ئەو دۆلارە کەمانەی کە بەسك گوشینەوە دەستمان دەکەوێ. بێین بە کڕینی ئەو کالاّیە. واتە ئەو بەختەوەریە خەرجی بکەین وانییە؟ ئەمە وای کرد زیاتر سەرنجی کچەکە رابکێشێ و بڵێ: بەلاّم باوکە پێویستیمان بە بە ختەوەریش هەیە!

پیرەمێرد وەلاّمی دایەوە. : نەخێر ئەوە شتێکی پێویست نییە. بەر لە هەموو شتێك دەبێ بیر لە خواردن بکەینەوە. بەلاّم بەهەر حاڵ ئەمە ولاّتێکی پڕ لە نا مەنتیقیە یەکەم جار بەختەوەری پاشان نان. ژنە نەرم و نیانەکەی هاتە دەنگ و گوتی: تۆ چەند زوو تووڕە دەبی، خۆ هەمووان وەك تۆنین.

کچەکەش بەپەلە: بۆ نموونە من!

باوکەکە بەزمانێکی هەڕەشە ئامێزەوە:بە نموونە تۆ؟

کچەکە بە نائومێدیەوە درێژەی پێداو گوتی: من بۆ نموونە یەکێکیان دەکڕم. یەکێکی زۆر بچووکیان. تەنیا بۆ ئەوەی بزانم ئەو بەختەوەریە چۆن دروست کراوە. باوکەکە قسەکانی پێ بڕی و بەخەمباریەوە گوتی: بابڕۆین

هەردوو ئافرەتەکەش بە مل کەچییەوە کەوتنە دوای و پیرەمێرد بە بێزاریەوە گوتی: بەراستی ئەوەم لە تۆ پێشبینی نەدەکرد ئەی جیۆفانا!

کچەکە: بۆ باوکە؟

باوکەکە: چونکە کالاّیەکە لە بازاڕی رەش لەلایەن خوا پێداوەکان و خاوەن ملیۆنەکانەوەیە. فەرمانبەرێکی دەوڵە تیش ناتوانێ. بەڵکو نابێ. بەختەوەری بە ئومێد بخوازێ. و کاتێك دەڵێی نیازم وایە بیکڕم. بەلای کەمەوە نەزانینی خۆت دەسەلمێنی. چۆن ئێمە کە چەند ژوورێك لە ناو

ماڵە کەمان بە کرێ دەدەین و مووچەی خانە نشینیشم نزیکەی لە سەری مانگدا پێ دەگا. . . . ، تۆش. . ئاخ، نا ئومێدم دەکەی. تۆ نا ئومێدم دەکەی. . فرمێسك کەوتە چاوەکانی کچەکەو دایکی گوتی: تۆ بینیوتە چۆن کاتت بەسەر زەنشت کردنی کچەکە بەسەردەبەی. پاشان ئەو هیچ شتێکی لە ژیاندا نییە. ئەویش گەنجە. سەیرەکەی لە چی دایە، ئەگەر حەزبکا چێژی بەختەوەری بکا؟

پیاوەکە: هیچ نا. باوکی وازی لەو بەختەوەریە هێناوە. ئەویش دەتوانێ دەست بەرداری بێ!!

گەیشتبوونە گۆڕەپانی ریزۆر جیمنتۆ. بەلاّم بە پێچەوانەی نەریتەکەیان. پیرەمێردەکە ئەو جارە نیازی وابوو بەسەر هەمان شۆستەکەدا بگەڕێتەوە و کاتێك گەیشتنەوە بەردەم کۆگاکە وەستا. بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری پێشەوەی کۆگاکەی کردو گوتی: ئاخۆ دەزانن من چی دەبینم؟ ئەوە ساختەیە: ژنەکەی پێی گوت: مەبەستت چییە؟

_ بەڵێ هەر دوێنێ بوو لە رۆژنامەدا خوێندمەوە کەوا نرخی بە ختەوەریەکی بچووکی لەمجۆرە لە ئەمەریکا. بە روونی دەیڵێم لە ئەمەریکا. دەگاتە چەند سەد دۆلارێك. باشە چۆن دەبێ بەو نرخە پێمان بفرۆشنەوە؟ چونکە نرخەکەی لەگەڵ تێچووی گواستنەوەکەی، زۆر لەوە زیاترە. ئەوانە ساختەن. بەروو و بوومی خۆماڵین. هیچ گومانێك لەوەدانییە!!

دایکەکەش بە بوێریەوە گوتی: بەلاّم خەڵك دەیکڕن!!

- جا خەڵك چی ناکڕن. ؟ بەلاّم دوای ئەوەی دەگەڕێنەوە ماڵەوە و لەماوەی چەند رۆژێکدا بۆیان دەردەکەوێ کە فێڵیان لێکراوە!!

لە گەشتەکەیان بەردەوام بوون. بەلاّم جیۆ فانا فرمێسکەکانی خۆی دەشاردەوەو هەمیشە بیری لە بەختەوەری دەکردەوە. ئەگەر ساختەش بێ بەلاّم هەر حەزی لێ دەکا. . . . . . . .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

ترافرتین/بەردێکی جیریە لە شاری یتبۆر لە ئیتالّیا هەیە.

نیکل / کانزایەکی سپی یە

*سەرچاوە: گۆڤاری الموقف الادبی، اتحاد الکتاب العرب، دمشق ژمارە ٤٣١ ئاداری ٢٠٠٧ وفاوشوکت کردوویە بە عەرەبی

# پۆلیسلۆڤ

چیرۆکی:ماکسیم گۆرکی

رۆژێکیان برادەرێکم بۆی باس کردم وگوتی: لەمۆسکۆ دەمخوێند، لەخانوویـەکی بچـووکدا دەژیام، دراوسێیە پۆڵەندیەکەم ناوی (تیریزا)بوو، ئافرەتێکی سەیر، دەتـوانم وا وەسـفی بکـەم کەباڵایەکی بەرز، تێکسمڕاو، ڕەنگێکی تەڵخ، دووبرۆی پڕ، سیمایەکی گرژ، دەتگوت تەورێك هـەموو ئـەو ناڕێکییـەی روخسـاری دروسـت کـردوە، دووچـاوی قـووڵ، دەنگێکـی گـڕ، هەڵسوکەوتەکانی لەوەیان دەکرد پیاوێك بووبێ سەرجەم ژیانی لەشـەڕ و گاڵەیـەکی بـەردەوام بەسەربردبێ، جەستەیەکی قورس، ڕوخساری دەرەوەی ناشیرینیەکی ترسناکیان

دەنواند، لەژوورێکی بەرامبەر ژوورەکەی من لەنهۆمی سەرەوەی ئەو تـەلارەدا دەژیـا کـە من تیادا نیشتە جێبووم، بۆیە زۆرجارلەلای پەیژەکە، یا لەدەرەوە دەمبینیێ، زەردەخەنەیـەکی بۆ دەکردم کە زیاتر لە گاڵتە پێکـردن دەچـوو، یـا زۆرجـار دەمبینـی دەگەڕایـەوە ماڵـەوە، دووچـاوی سـوور، قـژێکی پـەرت و بـڵاو و شـێواو، جـاری واش هـەبوو رووبـەڕووی یـەکتر دەبووینەوەودەیگوت: چۆنی ئەی قوتابی!! پێکەنینەکەی بێزارت دەکـات، بۆیـە تـاوەکو چـتر نەیبینم، بڕیارمدا ژوورەکەم بگۆڕم، وبەڕاستی شوێنیکم دەست کەوت تیاداهەسـت بـەئارامی بکەم، چونکەپەنجەرەیەکی تێدابوو دەمتوانی لەریگایەوە چاودێری شاربکەم وشەقامە فراوان و هێمنەکان ببینم، زۆرجاریش بۆماوەیەکی درێژ دادەنیشتم و لە سەیرکردنی هەستم بە ئـارامی و خۆشی دەکرد، بەیانیەکیان دوای ئەوەی لەپۆشینی جلەکانم بوومەوە و تاوێك لەسەرچارپاکە

دانیشتم، پاشـان کـە دەرگاکـەم کـردەوە، لـەناکاو بینـیم تیریـزا لەبـەر دەرگاکـە وەسـتاوەو بەدەنگێکی گڕوئاسایی خۆی گوتی: چۆنی قوتابییەکـە، بەسەرسـوڕمانەوە لـێم پرسـی: چـیت دەویٚ؟ کە تەواو لێی وردبوومەوە دیتم روخساری شێوەیەکی تربوو، پەشۆکاو وشـەرمن دەردە کەوت، کە هەرگیز پێشتر بەم شێوەیەم نەدیبوو، گوتی: قوتابییەکە هـاتووم داوای چـاکەیەکت لێ بکەم، هیـوادارم رەتـی نەکەیتـەوە، مـن هیچـم نـەگوت بـەڵکو هـەر ئـەوخۆی درێـژەی پێداوگوتی: دەمەوێ نامەیەکم بۆکەس وکارم بۆ بنووسی!! بۆ خـوادەبێ ئەوکچـە چـی لـەژێر سەردابێ، لەسەرچارپاکە و لەبەردەم مێزەکەدانیشتم، قەڵەم وکاغەزێکم راکێشـاو گـوتم: وەرە دانیشە چیت دەوێ بۆت بنووسم، بەشەرمەوە دانیشت، چـاوە تیـژەکانی ئاراسـتەی چـاوەکانم کرد، گوتم: باشە نامەکە بۆکێ بنووسم؟ گوتی: بۆ بۆلیسلۆف کاشبۆت کەلە سونیزیانی نزیـك وێستگەی شەمەندەفەرەکانی وارشۆنیشتەجێیە.

دەتەوێ چی بنووسم، دەی بیڵێ!!

- ئازیزەکەم پۆلس، خۆشەویستی دڵەکەم، ئەوین و روحەکەم، خـوا لـە هـەموو بەلاَیـەك بتپارێزێ، ئازیزەکەم ماوەیەکی زۆرە هیچ بۆکۆترە بچووکە نـە شمیلانەکـەی خـۆت نانووسـی، بۆتیریزا کەهەست بەخەمێکی قووڵ دەکا؟ بەزۆری خۆم بۆ راگیرا تا پێنەکەنم. . ئەمە کۆترە؟ ! ئەو کەدرێژیەکـەی شـەش پـێ دەبـێ، مەچـەکێکی بـەهێز و روخسـارێکی تونـدوگرژ، لـەو مەخلوقانە دەچێ کەتەمەنی خۆیان لەپاککردنەوەی دووکەڵ کێشەکانی زستان بەسـەر بردبـێ، دەشێ بەکۆترێکی ئێسکسووك و بچووك دابنرێ؟ خۆم بەرزەفت کرد و ددانم بـەخۆم داگـرت و لێم پرسی: بۆلیسلۆف کێیە؟

+پۆڵس، بەرێزەکەم، ناوەکەی ئەوەندە بەسەرسـوڕمانەوە دەگوتـەوە هـەروەك مـەحاڵ بـێ یەکێك نەزانێ پۆلیسلۆف کێیە!

+ من شوو بەپۆڵس دەکەم!!

- شووی پێ دەکەی؟ !

+ تۆ بۆ وا حەپەساوی ئەی قوتابی، ئەی نابێ لاوێکی وەکو من دڵدارێکی هەبێ؟

- لەکەیەوە ئێوەدەست گیرانی یەکترن؟

+دەساڵ دەبێ!!

بەڵێ، نامەیەکم بۆنووسی، پڕ لـە پـەیڤی خۆشەویسـتی و شـەیدایی و جـوانی، هـەروەك تەمەننابکەم خۆم ببمە بۆلیسلۆف، ئەو پەیڤانەشم لە تەنیا کچێکەوە پێ بگات کە تیریزابێت.

+ زۆرسوپاس لەدڵەوە ئەی قوتابی!

دیابوو نامەکە کاریگەریەکی زۆری لیّ کردبـوو، وەکـو وەلاّمدانەوەیـەکی چـاکەکەم لێـی پرسیم: هیچ کارێکت نییە بۆتی جێبەجیّ بکەم؟

- نەخێر، سوپاس!

+ئەی قوتابی، دەتوانم کراسەکەت بۆبدوورمەوە، یا هەریەك لەجلەکانت، هەرچـەندە ئـەوە کارانەش زۆر بێزاریان دەکردم، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسم کردو پێم گوت: پێویستم نییە!!

ئێوارەیەك نزیکەی دووحەفتـە بەسـەر نووسـنیی نامەکـەدا ڕەتببـوو، لـەلای پەنجەرەکـە دانیشتبووم و سەیری دەرەوەم دەکرد، کەپێم باش نەبوو دەربچم، چونکە کەش و هەوا نـاخۆش بوو، لەناکاو دەرگاکەم کردەوە بینیم تیریزایە:

ئەی قوتابی هیوادارم مژوڵ نەبی، باشە کەسیشت لەلانییە،

- بۆ؟

+دەمەویّ نامەیەکم بۆ بنووسی؟ !

- بۆ پۆڵس؟

+نەخێر وەلاّمەکەی بدەیتەوە!!

بەسەرسوڕمانەوە هاوارم کرد: چیی!!

+بمبوورە قوتابییەکە من گێلم، بەتەواوی بۆم ڕوون نەکردیتەوە کە نامەکە بـۆ خـۆم نییـە، بـەڵکو بـۆ یـەکێك لەدەسـتە خوشـکەکانمە، چـونکە ئـەویش نـازانیّ بنووسـیّ و وەکـومن خۆشەویستێکی هەیە!

لێی ورد بوومەوە هەستم کرد، شەرمێك روخساری داپۆشـیبوو، لێوەکـانی وا دەلـەرزین، هەروەك بیانەویّدرۆیەك ئاشکرابکەن، گوتم: گویّ بگرەکچەکە، هەموو ئـەو شـتانەی وتـت و لەبارەی پۆلیسلۆف باست کردن، تەنیا خەیاڵ بوون،تۆ درۆدەکەی، تـەنیا مەبەسـتت ئەوەیـە، بێیتە ئێرە، نامەویّ جارێکی تر ئەو کارانە بکەی، تیّ گەیشتی!

بینیم ترس لوولی دا، لەشەرما سـوورهەڵگەڕا، ویسـتی شـتێك بڵـێ، بـەلاّم نـەیتوانی، تەنانەت هەستم بە چەوساندنەوەی کرد، بێگومان شتێك پاڵی نـاوە ئـەم کـارە بکـات، بـەلاّم ئەوشتە چییە؟ ئەی قوتابی، تاوێك وەستا تاشتێك بدرکێنیّ، بەلاّم بـە پەلـە و لـەناکاو رووی وەرگێراو چووە دەرەوە، لە شوێنی خۆمدامامەوە، هەستێکی سەیر دڵی گوشیم، گوێم لیّ بوو، بەتوندی دەرگاکەی داخست، بەوەزانیم بەتووڕەیی ڕۆیشتوە، بۆ یەبڕیارم دا بچـمە لای وداوای

لێبووردنی لێ بکەم و نامەکەی بۆ بنووسم، بۆ لای ژوورەکەی بەرێ کەوتم، بینیم لەژوورەکەی، لەلای مێزەکەی دانیشتوە و سەری خۆی کردۆتە نێوان هەردوولەپی، گوتم: ئەی کچەکە. . . ، کە دەگەمە ئەو جۆرە هەلوێستانە هەست بەئازارێکی سەخت دەکەم، ئەو لە شوێنەکەی خۆی ڕاپەڕی و بەدووچاوی بلێسەدار یەکسەر ڕووی تێ کردم، دەستی خستەسەر شانم، کەوتەگریان، هەروەك دلّی لەت لەت بووبێ وگوتی: چ جیاوازیەکی هەیە، ئەگەر چەند دێرێکی کەم بنووسیت، تۆپێ دەچی لاوێکی باشبیت، بەلّێ هیچ کەسێك نییە بەناوی پۆلیسلۆف، هەروەها تیریزیش بوونی نییە، تەنیا خۆم هەم، بەلّێ خۆم تەنیام، گوتم چیی!! بەوشەکانی ڕاچلەکیم و قیژاندم: کەواتە هیچ پۆلّس ناوێك نییە؟

+نەخێر!!

- تیریزاش بوونی نییە؟

+نەخێر، من تیریزام!!

بەسەرسورمانەو تێم روانی و گوتم: یەکێکمان شێتین!!

گەڕایەوە لای مێزەکە، پارچەکاغەزێکی دەرهێناوگوتی: لێرە ئەو نامەیەم بۆهاتووە، ئەونامەیە، وەری گرە، کەبۆت نووسیم، خەلّکی تر، خاوەن دلّە بەسۆزەکان بۆم دەنووسن، نامەکەم وەرگرت کە خۆم بۆ پۆلیسلۆفی خەیالّیم نووسیبوو، گوتم: گوێ بگرە تیریزا، ئەمانە لەپای چی، بۆ دەتەوێ خەلّك نامەت بۆ بنووسن، ئەگەرچی تۆ هەرگیز نامەت بۆکەس نەناردوە!!

+بۆکێی بنێرم؟

نەمزانی چی بلّێم، هەموو ئەوەی ئەنجامم دا، لەژوورەکەی هاتمە دەرەوە، بەلاّم ئەو درێژەی دایە وگوتی: پۆلیسلۆف بوونی نییە، من خولقاندوم و ویستم بژیێ، من دەمزانی وەکو ئەوانی ترنیم، دەزانی من زیان بەکەس ناگەینم، ئەگەر بۆی بنووسم. !!

- نازانم مەبەستت چییە لە بۆی بنووسم؟

+بۆ پۆلیسلۆف بێگومان!!

- بەلاّم تۆ دەلّێی کەس بەو ناوەوە نییە؟ !

+بەلّێ، بەلاّم، بەلاّم چ زیان لەوەدایە ئەگەر کەسیش نەبێ، وای بۆ دەنووسم، هەروەك ئەو پیاوێکی ڕاستەقینەبێ، ئەویش هەرو وا وەلاّمم دەداتەوە!!

لەدوایدا تێگەیشتم و هەستم بەتاوان وشەرم وشوکێکی وەکو ئازاری پێکانێك کـرد، ئـای، لەتەك منـدا مرۆڤێکی هەژار دەژی، هیچ کەسی نییە، وەلاّمی ئەو روحەی بداتەوە کەهەست و سۆزی و ئەوینی لێ دەتیکێتەوە، نە دایك، نە باوك، نە هاورێ، بۆیە خۆی پیاوێکی داهێناوە، تا خۆشەویستیە کەی خۆی بۆ بنێرێ، بە ئازارێکی زۆرەوە بۆم دەدواو دەیگوت: ئەو نامەیـەی تـۆ بـۆت نووسـیبووم تـا بـۆ پۆلیسـلۆفی بنێـرم، داوام لەیـەکێکی تـر کـرد بـە دەنگێکـی بەرزبۆم بخوێنێتەوە، گوێم بۆ رادێراو وام مەزندە دەکرد پۆلیسلۆف پیاوێك بێ لەم جیهانەبژی، پاشان داوای وەلاّمێکم لەپۆلس کردبۆتیریزای خۆشەویستی، بۆخۆم، بەم جۆرە واهەست دەکـەم پۆلیسلۆف رێك لەژیاندایە، لەشوێنێك دا دەژی نازانم لەکوێیە، بـەم چەشـنە دەتـوانم لـەژیان بەردەوام بم، بە کەمترین ناخۆشی و کەمترین سەختی وکەمترین توندوتیژی، هەر لەو رۆژەوەش من نامەکان دەنووسم، دووجار لە حەفتەیەکدا دەینووسم، نامـە لـەتیریزاوە بـۆ پۆلیسـلۆف و هـەروەها لەپۆلیسـلۆف- ەوە بـۆتیریزا، وشـە پـڕ لـە سـۆزەکانم دەنووسـم، بەتایبـەتی لـە وەلاّمەکانـدا، ئـەویش بـەگریان، بەپێکەنینـەوە، گـوێ لەخوێندنـەوەکان دەگـرێ، بـەلاّم بـە بەختـەوەری، لەبەرامبەریشـدا ئـەو بایـەخ بـە جلوبەرگـەکانم دەدا، گـۆرەوی وکراسـەکەم دەدوورێتەوە، پێلاّوەکانم پاك دەکاتەوە، کلاّوەکـەم دەسـرێتەوە و رێکـی دەخـات، دوای سـێ مانگ تیریزا بەگومانێکەوە دەستگیرکرا و خرایە زیندانەوە، لەوساوەش نەم دیوەتەوە، هەرگیز نەم دیەوە، بێگومان دەبێ مردبێ!!

* سەرچاوە:رۆژنامەی الزمان ژ ٢٥١٠ رۆژی٢٠٠٦/٩/٢٥
زیدالشهید کردوویە بەعەرەبی

# گەڕانەوە

چیرۆکی: فرانز کافکا

گەڕامەوە. بەناو رارەوەکەدا رۆیشتم و سەیری دەورو بەرم کرد. ئەوە شوێنە کۆنەکەی باوکمە. گۆمە ئاوێك لە ناوەراست. ئامێرێکی کۆن، کەبەکەڵکی بەکار هێنان نایەت. رێگای بەرەو پەیژەکانی گرتووە، پشیلەیەکیش بە سۆزەوە لەدەرەوە دە میاوێنیێ، پارچە قو ماشێکی دڕاویش جارێك لە جاران لە یارییەکدا لەسەر بە یداخێکدا لەریوەتەوە. بەرز دە بێتەوە و لەگەڵ بایەکەدا دە فرێ. ئەوەتا گەیشتم. کێ پێشوازیم لێ دەکا کێ لە پشت دەرگای مەتبەخەکە چاوەڕوانی دەکا. دو کەڵێك لە دوکەڵ کێشەکەوە دەردەچێ و قاوەش بۆ نانی ئێوارە ئامادە کراوە. . ئاخۆ ئەوە نیشتیمانی تۆیە. وە ئاخۆ هەست دەکەی کە لە ماڵەوەدای؟

من نازانم. دڵنیا نیم. ئەوە ماڵی باوکمە؟ بەلاّم زۆر نارێك دەردەکەوێ. بەرد لە پاڵ بەرد. وەکو ئەوەی هەر یەکەیان خەریکی کارو باری تایبەتی خۆی بێ. کە من چەند بە شێکیانم بیر چۆتەوە. چەند بە شێك کە هەرگیز نەم ناسیوون. چۆن بتوانم یارمەتیان بدەم. من سەبارەت بەوانە چیم. یا سەبارەت بە باوکی کۆنە کوڕی لادێیم، ئەو ئازایەتیەم نیە لە دەرگای مەتبەخەکە بدەم، من تەنیا لە دوورەوە گوێ دەگرم، ئەوە من هیچ نابیستم. تەنیا دەنگی لەرینەوەیەکی لەسەر خۆی کاتژمێرەکە دەبیستم، یا لەوانەیە هەر لە رۆژانی منداڵی بیستبێتم. لەوە بەولاوە چی لە مەتبەخەکە روودەدا. ئاخۆ ئەوە نهێنی دانیشتووە کانی ئەوێیە، کە لێمی دە شارنەوە. . مرۆڤیش چەند زیاتر لەبەردەرگا بوەستێ پتر نامۆ دەبێ. چی دەبێ ئەگەر ئێستا یەکێك دەرگاکە بکاتەوەو لێم بپرسێ. من ئەوکاتە دەبمە یەکێك کە هەرگیز ئەو کەسە نەبم کە دەیەوێ نهێنیەکانی بپارێزێ. . . . .

سەرچاوە::سایتی القصة العراقیة

طالب مستەفا ابراهیم کردوویە بەعەرەبی



**وەرگێڕ:**

تاهیر عوسمان ساڵی ١٩٦٤ لە هەولێر لە دایك بووە

قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواو کردوە

دەرچووی زانکۆی تەکنۆلۆژیای بەغدایە بەشی ئەندازەی کارەبا ساڵی ١٩٨٨

ئیستا فەرمانبەرە لەوەزارەتی کارەبا، بە ناو نیشانی سەرۆکی ئەندازیاران

لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە بابەتی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان بلاّو کردۆتەوە وبەردەوامە وەکو چیرۆك، وەرگێرانی چیرۆك، وتاری ئەدەبی و رەخنەیی. چەندین لێکۆڵینوەی لەسەر ژینگە بلاّو کردۆتەوە.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مێرگە لە هەولێر

ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە

ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە

ئەو کتێبانەی بلاّو کردۆتەوە:

١/چاوەڕوانی/ کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێردراو لەساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن دەزگای ئاراسەوە بلاّو کرایەوە

٢/ سەگی وەزیر/ کۆمەڵە چیرۆکێکی وەرگێڕدراولەساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن دەزگای وەرگێڕان لە هەولێر بلاّو کرایەوە

٣/ لە پێناو پاراستنی ژینگەی کوردستان/ کۆمەڵە وتار،ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری لە زنجیرەی کتێبی گیرفان بلاّو کرایەوە

٤/ ئایندە سازی کۆمەڵە وتاری وەرگێڕدراو لەساڵی٢٠١١ کەلەلایەن وەزارەتی رۆشنبیریەوە چاپ کراوەو چەندین کتێبی تری ئامادەیە بۆ چاپ کردن .